چیرۆکی مەزنە رۆژنامەنووسێکی کوردی لەبیرکراو

# مەولان زادە ریفعەت بەگ

## خاوەنی سەربەستی و عاشقی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان




پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتیی

سلێمانی ٢٠٢٣

**خوێنەری ئازیز:** ئەم کتێبەی بەردەست، لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی زانستییە سەبارەت بە مەزنە ڕۆژنامەنووسێکی لەبیرکراو و پشتگوێخراوی کورد "مەولان زادە ریفعەت بەگ" کە یەکێکە لە بەناوبانگترین کەسایەتیی و ڕۆژنامەنووسەکانی دەوڵەتی عوسمانیی لە قۆناغی مەشرووتییەتی دووەمداو ڕۆڵێکی دیارو مێژوویی لەڕووداوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو قۆناغەدا هەبووەو ژیانێکی پڕ چالاکیی و کاریگەریی لە بواری بەرهەڵستیی ستەمکاریی و بەرەی نارەزایەتییدا لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و هەروەها لە دژی دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆمیتەی ئیتیحادو تەرەقی و پاشان مستەفا کەمالیشدا هەبووە.

مەولان زادە، وەک کوردێک، کە خێزانەکەی لە ناوچەی سلێمانییەوە چووبوونە ئەستەمبوڵ و خۆیان بە نەوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی زانیوە، بەهۆی ئەندامبوونی لە ڕێکخراوی نهێنیی تورکە لاوەکان، تێکەڵ بە کاری سیاسیی بوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی خۆی بە کەسێکی ئازادیخوازو لیبراڵ دەزانی و تاوەکو رووخانی ئیمپراتۆرییەکە بڕوای بە عوسمانیزم هەبوو، لەو پێناوەشدا ئامادە بوو لەهەر هێزو کەسایەتییەک نزیکبێتەوەو دۆستایەتیی بکات کە لە دژی ستەمکاریی و پاوانخوازیی تێبکۆشێت، هەروەها لەدژی هەر لایەک و کەسایەتییەکیش بوەستێتەوە کە پێی وابێت لەو ئامانجە لایداوە. هەربۆیە وتراوە کە مەولان زادە ریفعەت لەگەڵ هەمووان بووەو پاشان لە دژی هەمووانیش وەستاوەتەوە. بەو هۆیەشەوە لە لایەن نەیارانییەوە تۆمەتی زۆری ئاراستەکراوەو کەوتۆتە بەر پلارەکانیان، کە هەندێک بێ کۆڵینەوەو بوونی هیچ بەڵگەیەک دەیجوونەوە .

شایەنە باسە، مەولان زادە، بەهۆی ژیانی بەرهەڵستکاریی، بەتایبەت دوژمنایەتیی سەختی بۆ شەخسی مستەفا کەمال و کەمالیزم و بەشداریی لە خەباتی نەتەوایەتیی کوردیی و هەڵوێستی لە کێشەی ئەرمەنییەوە ، لەلایەن دەسەڵاتدارانی چەندین ساڵەی تورکیاوە، هەموو کارو بەرهەم و مێژووی سانسۆر کراوەو ڕێگە بە کۆڵینەوە لە ڕۆڵ و چالاکییەکانی نەدراوە. ئەوە تەنیا ماوەیەکی کەمە، بەهۆی کاڵبوونەوەی هەژموونی کەمالیزمەوە، ئەو سانسۆرەی سەر ناو و ژیانی کەمێک لابراوەو بەرهەمەکانی چاپکراونەتەوە. هەروەها لەلایەن ئەرمەنیشەوە، بەهۆی قسەکردنی وردی لە جینۆسایدی ئەرمەن لە لایەن ئیتحادییەکانەوە، لابەلا ئاوڕی لێدراوەتەوەو

لەو نووسین و کۆڵینەوانەی کراون سەبارەت  بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، ناوی خۆی و کتێبەکەیان هێناوە، بەڵام هێشتا سەبارەت بە پێگەو ناساندنی خودی مەولان زادە، زۆربەیان کەوتونەتە هەڵەوەو خەڵکی تریشیان بە هەڵەدا بردووە وەک دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

دیارە عەرەبەکانیش، بەهۆی چوونی مەولان زادە بۆ میسرو چالاکییەکانی لەویّ لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم و هەروەها وەرگێرانی کتێبێکی لە سەرەتای نەوەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ عەرەبیی و هەڵوێستی مەولان زادە سەبارەت بە باسی رۆڵی زایۆنیزم لە رووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم و بابەتی فەلەستین کە پاشان باسی دەکەین، بەناوی مەولان زادە کەمێک ئاشنان. ئەوەی هەیە تەنیا کوردانە، بە تایبەت لە باشوورو رۆژهەڵات، کە ئاگاداربیەکی ئەوتۆیان، یان هەر هیچ ئاگاداریان، لەبارەی مەولانزادە ریفعەت  و ژیان و رۆڵ و چالاکییەکانییەوە نییە، وێڕای ئەوەی ناوبراو رێک دەیەیەکی تەمەنی بۆ جوڵانەوەی نەتەوایەتیی و رزگاریی کوردو لە پێناوی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەختکردووە.

ئەم کۆڵینەوەیە بەڵگەنامەییە لە پێناوی ئەو ئامانجەدایە، ئەوەی زادەی کارو ماندووبونێکی زۆرەو پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستیی رەسەن و ژمارەیەکی بەرچاو رۆژنامەو بڵاوکراوەی ئینگلیزیی و ئەمریکیی و سویدیی و ئەڵمانیی و تورکیی و ئوستورالیی و بیانیی دیکە دەبەستێت کە یەکەمین جارە لە کۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیەدا بەکارهێنرابن و بەوەش ئەم کارە یەکەمین کۆڵینەوەو بەرهەمی زانستییە لەم بوارەدا بەم شێوە بەرفراونە ئەنجامدرابێت، دڵنیاشم شوێنی شیاوی خۆی لە نێو کتێبخانەی کوردییدا دەگرێت و کەلێنێکی گەورە پڕدەکاتەوە. هەر بژین

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

٢٢ ی نیسانی ٢٠٢٣

## سەرەتای ژیانی مەولان زادەو ساڵانی دەربەدەری لەقۆناغی ستەمکاریی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

لە رۆژێکی ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٩دا، خێزانیکی کوردی سلێمانی و دانیشتووی بەشی ئەورووپیی شاری ئەستەمبوڵ لە گەڕەکی " کوچک چەکمەجە "مژدەی لەدایکبوونی کوڕێکیان پێدرا. بەو هیوایەی کە کوڕەکەیان لەئایندەدا پایەیەکی بەرزی هەبێت، خێزانەکەی ناویان لێنا " ریفعەت". باوکی ریفعەت، ناوی عەبدولڕەحمان نەجیم بەگی کوڕی محەمەد بەگ بوو، محەمەد بەگ خۆی بە نەوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی گەورەشێخی تەریقەتی نەقشبەندیی زانیوە و بە خەڵکی شارەزوورو بە یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناوچەی سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابان لەباشووری کوردستان دادەنرێت. عەبدولڕەحمان بەگی باوکی ریفعەت، لە ٢١ی ئایاری ساڵی ١٨٣٣دا، لەناوچەی شارەزووری سلێمانی لەدایکبووە، ئەو قۆناغەکانی سەرەتایی لە شاری سلێمانی خوێندووەو پاشان رووی کردۆتە شاری بەغدا بۆ خوێندن. پاشان لەساڵی ١٨٦٢دا، عەبدولڕەحمان بەگ بەموچەی ٤٠٠ قرۆش وەک پشکنەری کتێبخانەکانی دەرسەعادەت لەئەستەمبوڵ دامەزراو لەماوەی ٣٠ ساڵی کارکردنی وەک کارمەندی دەوڵەتیی، لە دەزگای جۆراوجۆری حکومەتی عوسمانییدا، وەک عیلمییە و موڵکییە، پۆستی گرنگی هەبووەو دەوترێت لەو خوێندنگا عوسمانییەش کاری کردووە کە لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بۆ خوێندکارە عوسمانییەکان لەساڵی ١٨٥٧دا، لەلایەن محەمەد جەمیل پاشای کوڕی مستەفا رەشید پاشا ، بە هاوکاریی فەرەنسییەکان، کرابۆوە بەمەبەستی پەروەردەکردنی کادرانی سەربازیی و مەدەنیی و تەکنیکی کە خاوەنی زانیاریی هاوچەرخ بن.

هەروەها عەبدولڕەحمان بەگ، لەساڵی ١٨٨٨دا، وەک سەرۆکی دادگای " بیدایەت / بەرایی" لەپاریزگای دیاربەکر دەستبەکار بووە. پاشان بۆ ماوەیەک لەو پۆستەی دووخراوەتەوە و دوای دووساڵ، واتە لە ساڵی ١٨٩٠دا، وەک سەرۆکی داواکاری گشتی دادگای تێهەڵچوونەوەی شاری دیاربەکر دەستبەکار بووە. دوا پۆستی عەبدولڕەحمان نەجیم بەگ بریتیبووە لە سەرۆکی بەشی دادگای تێهەڵچوونەوەی تاوانەکان لە " مەعمورەتولعەزیز/ ئاڵازیک". ناوبراو جگە لە کوردیی، فارسیی و تورکیی و عەرەبیشی زانیوەو جگە لە کاری فەرمانبەری دەوڵەتیی، خولیای خوێندنەوەو فەرهەنگ بووەو بە شیعرەکانی لەناوەندی ئەدەبی عوسمانیی ناسراوە. ئەو لەتەمەنی ٦٢ساڵیدا و لەشاری خەرپوتی باکووری کوردستان لەساڵی ١٨٩٥دا، کۆچی دوایی کردووە.

سەبارەت بە ریفعەتیش، کە دواتر لە نێو کایەی ئیداریی و رۆژنامەوانیی و سیاسیی و فەرهەنگییدا، بە مەولان زادە ریفعەت بەگ ناسراوە، زانیاریی وردو بەرفراوان لەبەردەستدا نییە. لەو رووەوە تەنیا ئەوەندە هەیە کە ناوبراو خویندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەئەستەمبوڵ تەواو کردووەو پاشان مەکتەبی حقوقی شاهانەی خوێندووە، پاش ئەویش لە قەڵەمی " مەتوبعاتی ئەجنبیە/ چاپەمەنی بیانیی " کاریکردووە. دواتر بەهۆی شایستەیی و سەرکەوتنەکانییەوە نیردراوە بۆ قەڵەمی تەحریرات لە موتەسەریفیەتی " بەیئۆغڵو" کە نزیک ئەستەمبوڵ دامەزراوە. پاشان بەموچەی ١٥٠٠ قرۆش وەک بەڕێوەبەری زیندانی شاری " سینۆپ" لە هەرە سەروی ناوچەی ئەنەدۆڵ لەلای دەریای رەشەوە.

شایەنی باسە، سەرەتای نەهامەتییەکانی ژیانی مەولان زادە ریفعەت بەگ و کەوتنەبەر فشارو گرتن و سزادانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە لەم قۆناغەدا دەسپێدەکات کە بە قۆناغی ئیستیبدادی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٨) دادەنرێت، ئەوەش بەهۆی ئەو داوایەی کە لەلایەن "فازیل بەگ"ی موستەریفی

سینۆپەوە لە ٢٢ی ئۆگۆستی ١٨٩٥دا، لەدژی مەولان زادە بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی عوسمانیی بەرزکرایەوە و ناوبراو لەو داوایەدا مەولان زادە ریفعەتی بە کارو هەڵسوکەوتی ناشایستەو نافەرمانیی و ئۆپۆزسیۆنبوون و نەیاری نیزام تۆمەتبارکرد. هەربۆیە مەولان زادە سەرەتا لەکارەکەی دەرکراو لە زیندانی سینۆپ زیندانییکرا، دواتریش بەبڕیارێکی نوێ بۆ شاری " جوروم " لەباکوری ئەنەدۆڵ و پاشان بۆ شاری " قەیسەریە " لە ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ، دوورخرایەوە.

زانیارییەک کە لەم ماوەیەدا لەبارەی مەولان زادەوە بیستراوە ئەوەیە کە لەساڵی ١٨٩٦دا، لە لایەن خەلیل خالید بەگی والی شاری " قەستمۆنیە " لەباکووری ئەنەدۆڵ لەسەر دەریاری رەش، بانگیشتکراوەو کردویەتی بە سکرتیری تایبەتی خۆی. پێدەچێت ئەم کارەی خەلیل خالید بەگ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ئەو بۆخۆی کوردبووەو بە ریشەش خەڵکی سلێمانی بوون و ویستویەتی لەو رێگەیەوە چاکەیەک لەگەڵ مەولان زادە ریفعەت بەگ بکات و هەروەها لەوەش بترازێ خەلیل خالید بەگ هاوسۆزیی بۆ تورکە لاوەکان هەبوو، لەوەش زیاتر ویستویەتی سوود لە تواناو شایستەییەکانی وەربگرێت. دیارە خالید بەگ کە لەنێوان (١٢ی ئەیلولی ١٨٩٤- ٣ی حوزەیرانی ١٨٩٦) والی ئەو شارە بووە،[1] بەڵام پێدەچێت دواتریش هەتاوەکو ساڵی ١٩٠١ کە ساڵی مردنێتی، مەولان زادەی لەلای خۆی هێشتبێتەوە، بەڵام دواتر وەک دەستبەسەر ناردبێتیانەوە بۆ شاری قەیسەری.

بەگوێرەی نووسینە فەرمییەکان، مەولان زادە ریفعەت هەتاوەکو مانگی مارسی ١٩٠٥ لەشاری قەیسەرییە دەستبەسەر بووە، پاشان بەتۆمەتی ئۆپۆزسیۆنبوون و نزیکایەتی لە وەلی عەهد محەمەد

1 Tülay ERCOŞKUN: SALNAMELERE GÖRE KASTAMONU VALİLERİ LİSTESİ , Ankara Üniversitesi Dil ve Tarih-Coğrafya Fakültesi Dergisi 54, 2 (2014), 388.

رەشادی (١٨٤٤- ١٩١٨) کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم سزای ١٢ ساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوەو بەفەرمانێک بڕیاری دوورخستنەوەی درا بۆ زیندانی سەنعا لە یەمەن کە ئەو کاتە " ئەحمەد فەیزی پاشا " لەوێ والی عوسمانی بوو. لە راستییدا، مەولان زادە بۆ خۆی لە نامەیەکیدا لە پاریسەوە، وەک دواتر باسی دەکەین، دەڵێت کە ماوەی حەوت ساڵی دوورخراوەیی و زیندانیی لە یەمەن چەشتووە، واتە لە ساڵی ١٩٠٢ەوە بۆ یەمەن دوورخراوەتەوەو ئەوەش بە ناخۆشترین قۆناغی ژیانی و یەکەمین قۆناغی ژیانی دەربەدەریی ئەو دادەنرێت، چونکە پاش ئەوەی لە ٢٣ جوڵای ساڵی ١٩٠٨دا، لەئەستەمبوڵ کودەتا کرا و دەستوور گەڕێندرایەوە، دەرفەت رەخسا تاکو مەولان زادەش یەمەنی جێبهێڵێت و بەرەو ئەستەمبوڵ بگەڕێتەوە.



زیندانی سینۆپ



سوڵتان محەمەد رەشاد (١٨٤٤-١٩١٨)



ئەحمەد فەیزی پاشا والی عوسمانیی لەیەمەن

## گەڕانەوەی مەولان زادە بۆ ئەستەمبوڵ تاوەکو دامەزراندنی ڕۆژنامەی " سەربەستی "

مەولان زادە، هەواڵی کودەتای جوڵای ١٩٠٨ وەک خۆشترین مژدەی تەمەنی پێگەیشت و پێی وابوو کە ئەو ڕووداوە دەستپێکی قۆناغێکی نویّ دەبێت لەمێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانییدا. پاش ئەوەی حکومەتی نویّ لە ئەستەمبوڵ فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ سەرجەم زیندانە سیاسییەکان و نەیارو ڕاوەدونراوانی قۆناغی پێشووی ستەمکاریی حەمیدیی دەرکرد، مەولان زادە لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی بەناوی " قاسیدچیزادە زیا مەولابەگ و هەروەها کەمال پاشازادە سەعید بەگ " بڕیاری گەڕانەوەیاندا بۆ ئەستەمبوڵ. ئەوان سەرەتا چوونە عەدەن و لەوێوە بەکشتی بەرەو میسر ڕۆیشتن. هەر لەرێگای گەڕانەوەدا، مەولان زادە، چاوی بە هاوڕێیەکی کەوت کە حوسێن کەنعان پاشای کوڕی بەدرخان پاشای گەورە بوو، کە ئەویش لە تائیف دوورخراوە بووو بەرەو ئەستەمبول دەگەڕایەوە، ئەوان لەکەشتییەکەدا پێکەوە گفتوگۆیان لەبارەی نەهامەتییەکانی قۆناغی ڕابردووکردو ئۆمێدی ئایندەیەکی گەشیان بۆ خەڵک و وڵاتەکە خواست.

لەو وتارەی کە لەژمارە ٣ی گۆڤاری " ڕۆژ کرد" لە بەرواری ١ی ئۆگۆستی ١٣٢٩ بەرامبەر ١٤ی ئۆگۆستی ١٩١٣دا، لەژێر ناونیشانی " بەدرخانی حوسێن پاشا" بڵاوکراوەتەوە، هاتووە: " حوسێن پاشا لەدوای شۆڕش دەیویست ئاشتی لەنێوان حکومەت و گەلدا بکات، بۆیە دەیوست لاوانی دڵسۆزی کورد بگەڕێنێتەوە تا بەئەرکی نیشتیمانی و ئاینی خۆیان هەستن".

شۆڕشی جوڵای ١٩٠٨، پەرۆشییەکی زۆری لەلای مەولان زادە بۆ لابردنی عەبدولحەمید و هیوای چەسپاندنی دەسەڵاتێکی دەستووریی هێنایەئارا کە کار بۆ هێنانەدی ئازادیی و دادپەروەریی بۆ سەرجەم

گەلانی نێو ئیمپراتۆرییەتەکە بکات. هەربۆیە پاش ئەوەی گەیشتەوە ئەستەمبوڵ و بەدایکی شادبۆوە، ڕۆژانە چاوی بە هاوڕێ و دۆستان و هاوبیران و کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەستەمبوڵ دەکەوت، بەتایبەت، ئەوانەی کە لەسەردەمی ئیستیبدادی حەمیدییدا هەڵاتبوونە دەرەوەی وڵات یان دوورخرابوونەوەو پاش کودەتای ١٩٠٨ گەڕابوونەوە ئەستەمبوڵ. هەروەها جگە لە کوڕانی بەدرخانیی، چاوی بە سەید عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی سەرۆکی یانەی کوردیی لە ئەستەمبوڵ کەوت.

شایەنی باسە، مەولان زادە ریفعەت بەگ، لەقۆناغی دووەمی دەستوورییدا ( ١٩٠٨- ١٩١٤ ) وەک یەکێک لە رۆژنامەنووسە ئازادیخوازو بەرهەڵستکارە هەرە ناودارەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەدژی پاشماوەی رژێمە کۆنەکەو هەروەها خواستی دەسەڵاتخوازیی و خۆسەپێنیی تاکلایەنەی رێکخراوی ئیتحادو تەرەقی، دەرکەوت. ئەو یەکێک بوو وەک زۆربەی نەوەی بنەماڵە کوردە نیشتەجێبووەکانی ئەستەمبوڵ کە لەنێو دامودەزگا پەروەردەیی و ئیدارییەکانی حکومەتی عوسمانییدا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەروەردە ببوون و کاریان کردبوو. ئەوانەی کاریگەریی ئەو رەوتە فیکریی و سیاسی و ریفۆرمخوازییەی نێو کایەی ململانێی سیاسی دەسەڵاتدارێتیی عوسمانییان بەسەرەوە بوو کە بە عوسمانییە لاوەکان یان عوسمانییە نوێیەکان و دواتریش بە " ژون تورک/ تورکانی گەنج" دەناسران کە یەکێکیش لە پایەهەرە سەرەکییە فیکرییەکانیان "عوسمانیزم " بوو.

عوسمانیزم ئەو هزرو بڕوایە بوو کە هەموو رەعییەتەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی، بێ جیاوازیی لەرووی بڕوا و ئاین و رەگەزو زمانیان، هاوڵاتیی وەفادار دەبن و مافی یەکسانیان لە دەوڵەتی نوێی دەستوورییدا ببێت. مەولان زادەو هاوبیرانی بڕوایان بە نوێگەرایی و هێنانەدی دەسەڵاتێکی پاشایی دەستووریی بەشێوە رۆژئاواییە لیبراڵەکەی هەبوو کە هەوڵی چەسپاندن و پاراستنی

ئازادییەکان و دادپەروەریی و ئاراستەکردنی وڵات بەرەو شارستانییەت بدات و پەیوەندیی دۆستانەی ئابووری و سیاسی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا هاوشێوەی فەرەنسا و ئینگلتەرا هەبێت. ئەوان نەوەیەک بوون بە ریفۆرمخوازە عوسمانییەکانی هاوشێوەی میدحەت پاشا سەرسامبوون و دژی ئۆتۆکراتیی سوڵتان و خولیای گێڕانەوەی دەستوورو کارکردنبوون بە سیستمێکی دیموکراتی دەستووریی و پارلەمانی و تاڕادەیەکی زۆریش لەژێر کاریگەریی بیرو تێڕوانییەکانی " میر سەباحەدین "دا بوون، کە لەسەر بنەمای ناناوەندگەرایی ئیداریی و دەسەڵاتی خۆجێی هەرێمەکان و دژایەتیی پاوانکاریی سیاسی و جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت و بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەریی، دامەزرابوو. [2]

مەولان زادە، کە پێشتر بەتاوانی نەیارێتیی رژێمی حەمیدیی و پەیوەندیی بە نەیارانییەوە قۆڵبەستکرابوو بۆ سەنعا لەیەمەن دوورخرابۆوەو وەک ئەندامێکی تورکە لاوەکان ناسێنرابوو، ئەو بەهۆی بیری ئازادیخوازانەو دژەستەمکارییەوە خۆی بەدۆستی هەموو ئەو کەسایەتیی و ئازادیخوازانە دەزانی کە لەسەردەمی پێشوودا نەیاری ستەمکاریی حەمیدیی بوون و پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨، کاریان بۆ هێنانەدی سیتمیکی لیبرال و دیموکرات و دادپەروەر لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا دەکرد. ئەوان پەیڕەوییان بیروبۆچوونەکانی میر سەباحەدین دەکرد و بەهەمان نەفەسی دژایەتی ستەمکاریی حەمیدیی دژایەتیی هەوڵەکانی رێکخراوی ئیتحادو تەرەقی بوون و ئەڵقە سەربازییەکەی بوون و دەسەڵاتخوازیی ئەو رێکخراوەو هەوڵەکانیان بۆ پیلانگێڕیی و سەرکوت و سەپاندنی ناوەندگەرایی و میلیتاریزم و دواتریش تورککگەرایی ریسوا دەکردو هاوکاریشیان لەگەڵ کۆمیتە ئەرمەنییەکاندا دەکرد. سەرەتا بەشێکی زۆر لەوانە پێکەوە لەدەوری " فدارکاران عوسمانی فرقەسی /

[2] بڕوانە : ئێریک جەی زوچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پرۆفیسۆر.ی. دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، سلێمانی ،ل١٩٨-١٩٩.

کۆمەڵەی فیداکارانی عوسمانیی" کۆببوونەوە کە پاش کودەتاکە لە ئۆگۆستی ۱۹۰۸دا، لە لایەن ئەسعد بەگ عەلی وەفا و دکتۆر عەلی سائیب و عەبدولقادر قادری و حاجی جەمال بەهجەتی ئەستانەلی دایانمەزرێنرابوو، سەرۆکەکەشی " عەبدوڵڵا ئەلکازم " بوو.[3]

هەربۆیە، یەکەمین بەرپرسیارێتیی مەولان زادە ریفعەت بەگ لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ، بەشداریی لە دەستەی نووسەران و بەڕێوەبردنی گۆڤاری " حقوق عمومیە / مافە گشتییەکان" بوو کە وەک زمانحاڵی کۆمەڵەی فیداکارانی عوسمانیی بوو، ئەو لەکتێبێکی خۆیدا کە لەساڵی ۱۹۱۲دا بڵاویکردۆتەوە، نووسیویەتی : "لەگەڵ حەزرەتی سەید عەبدولقادر ئەفەندی کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عوبەیدوڵڵاشدا، کە ئەو کات سەرۆکی گڵۆپی کوردیی بوو، هەندێک وتووێژمان کرد. لەکۆتاییدا ئەرکی بەڕێوەبەردنی رۆژنامەی "حوقووقی عومومییە"شمان وەرگرت."[4] یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ١٦ی سێپتەمبەری ۱۹۰۸دا، بڵاوکرایەوەو یەکەمین بەڕێوەبەری "نەجیب نادربەگ"ی فەرمانداری پێشووی ناوچەی "کاربینار"و یەکێکبوو لە نیشتیمانپەروەرە ئازادیخوازەکان، کەسانی وەک شیروانزادە مەحمود تاهیرو قادری قادری و ئبنول مەحمود عاسیم لەدەستەی نووسەرانیدا بوون و وتارەکانی کەسانی وەک حەسەن فەهمی بەگ و شەریفەددین مەغمومی و دکتۆر فوئاد تەمۆی تێدا بڵاودەکرایەوە و بەتوندی رەخنەی لە رێکخراوی ئیتحادو تەرەقی و بەرپرسەکانی دەگرت. پاشان مەولان زادە ریفعەت بەگ لە ٩ی ئۆکتۆبەری ۱۹۰۸دا، بووە بەڕێوەبەری گۆڤاریەکە تاوەکو ژمارە ٦٠ کە لە ١٤ی نۆڤەمبەری ۱۹۰۸ دەرچوو، بەردەوامبوو.

---

[3] شەریف پاشای خەندان: بیرەوەرییەکانی بەرهەڵستێک، بەربەرەکانی ی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: زریان رۆژهەڵاتی ، بنکەی ژین، سلێمانی ، ۲۰۰٦، ل ٥٠.

[4] مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد، لەتورکییەوە وەرگێڕانی : زریان رۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی : سدیق ساڵح، بنگەی ژین، سلیمانی، ل١٣.

کامیل پاشای سەدری ئەعزەم  کە لە رەخنەو وتارەکانی گۆڤارەکە و نووسەرانی بێزاربوو، ناردی بەدوای مەولان زادە ریفعەت و پێی وت : ئەری ئێوە چی دەکەن؟ چۆنتان بویٚ ئاوا رەخنە لەوەکیلەکان دەگرن! پاشان   هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوامبن خراپتان بەسەردێت. [5]

مەولان زادە لەبری پاشەکشە، زیاتر لەگۆڤارەکەیدا پەلاماری رەفتارەکانی حکومەتیان دەداو پشتگیریی ئەو رۆژنامانەشیان دەکرد کە لەدژی حکومەت بەتوندیی دەیانووسی و فشاریان دەرکرایەسەر، هەروەها بۆخۆشی لە وتارێکدا بەناوینشانی "" دکتاتۆریی" لە ژمارە ۲۷ی گۆڤاری حقوقی عمومیەدا ، کە لە ۱۲ی ئۆکتۆبەری ۱۹۰۸دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پشتگیریی لەو خۆپێشاندانەش کرد کە دژی ئەو پرۆژە یاسایەی چاپەمەنیی بەڕێوەچوو، کە حکومەتەکەی کامیل پاشا دەیوست لەپارلەمان دەنگی بۆ کۆبکاتەوەو هێرشێکی توندیی کردە سەر هەوڵدانەکانی ریکخراوی ئیتحادو تەرەقی بۆ کپکردنی دەنگی ئازاد.

هەروەها مەولان زادە لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ۳۹ی گۆڤارەدا، کە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ۱۹۰۸دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی " تەنسیقات و ئیسلاحات عمومیە دایر پرۆژە"   وتارێکی سەبارەت بە دیدو پرۆژەی خۆی بۆ چاکسازیی لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا خستەڕوو، بەتایبەت لەماوەی   ساڵی حوکمی ئیستبدادی حەمیدیی کەسانێکی زۆر ناشایستە کرابوونە دەسەڵاتدارو موچەش بۆ زۆرکەس بڕادرابۆوە بێئەوەی بچنە سەرکارو هیچ  خزمەتێک بکەن، هەروەها کەسانێک دەربەدەرکرابوون و راوەدوونرابوون کە خاوەنی تواناو لێهاتوویی بوون .[6]

---

[5] Hasan Taner KERİMOĞLU: MEŞRUTİYET DÖNEMİNDE GENEL HAKLAR SAVUNUSU YAPAN BİR GAZETE: *HUKUK-IUMUMİYE, ÇTTAD, VIII/18-19, (2009/Bahar-Güz), s 23-24*

[6] هەمان سەرچاوە، ل ۳۲.

پێویستە بوترێت کە ئەستەمبوڵ لەپاش کودەتاکەی جوڵای ١٩٠٨دا، ببووە ناوەندێکی پڕ چالاکی و جوڵانەوەو ململانێی توندی پێکهاتە سیاسی و فیکریی و رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییەکان و چاپەمەنییەکانیان و تادەهات هێزە جیاوازەکان بەرەو جەمسەرگیریی دەرۆیشتن و دوو رەوتی سەرەکیی لەسەر شانۆی سیاسی وڵات دەرکەوتن، کە عوسمانیستە لیبراڵە ئازادیخوازەکان و رەوتی دەسەڵاتخوازە هەژمونگەراکەی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی بوو، ئەوەی بەتەواوی کەوتبووە ژێر رێحەزو ئاراستەی کەسایەتییە سەربازییە باڵاکانی سوپای عوسمانییەوە، ئەوانەی توانیبوویان چەند رۆژنامەی ناوداری وەک " طەنین و شورای ئوممەت" بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو بیانکەنە ئامرازێکی میدیایی پرۆپاگەندەیی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبڕوا تەنگەتیلەو پاوانخوازەکانی خۆیان و لێدانی نەیارەکانیان و چەواشەکردنی رای گشتیی. ئا لەم کاتە هەستیارەدا، مەولان زادە ریفعەت بەگ، لەگەڵ هاوڕێیەکی ئازادییخوازی نزیکی خۆی کە ناوی حەسەن فەهمی بەگ (١٨٧٤-١٩٠٩) بوو، کار بۆ دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەک بکەن.



مەولان زادە ریفعەت بەگ ١٨٦٩-١٩٣٠



حسێن کەنعان پاشا بەدرخان


حقوق عمومیه
۱۳۲۶
سیاسی
تلغرافلر

## مەولان زادە ریفعەت خاوەنی رۆژنامەی "سەربەستی"

وەک وترا، حەسەن فەهمی بەگ و مەولان زادە بڕیاریاندا پێکەوە رۆژنامەیەک دەربکەن کە ببێتە سەکۆو پلاتفۆرمێک بۆ بەرگریی لە ئازادیی و دادپەورەریی و بانگەشە بۆ حکومەتی یاسا و بکەونە وێزەی هەموو ئەو کەسایەتیی و هێزو لایەنانەی کە سیمبولی ستەمکاریی کۆن بوون و ئەوانەشی کە خوازیاربوون ستەمکارییەکی نوێ لەئیمپراتۆرییەکەدا دابمەزرێنن و دژی سەروەریی گەل بوەستنەوە. لەراستییدا دروشمەکانی شۆڕشەکەی ١٩٠٨ کە خۆی لە "ئازادی، دادپەروەریی، برایەتیی و یەکسانی "دەبینەوە لەلایەن هەندێک لە کەسایەتییە سیاسیی و دەسەڵاتدارەکانی رژێمی حەمیدیی پێشووەو بەهەمان شێوەش لەلایەن دەسەڵاتدارو کەسایەتییە سەربازییەکانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقییەوە تادەهات زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنرا.

حەسەن فەهمی بەگ بۆخۆی تورک نەبوو، بەڵکو ئەلبانییەکی عوسمانیی بوو، ئەو خوێندنی دبلۆمی زانستی بەڕێوەبەرایەتیی بەپلەی یەکەم و دواتریش کۆلێجی حقوقی خوێندبوو، بایەخی بە کتێبە پەروەردەییەکان دەداوە دەیخوێندنەوە، هەروەها وەک مەولان زادە لەسەردەمی دەسەڵاتی رەهای حەمیدیی نەیارو دژ بەستەمکاریی بوو، ئەویش لەو قۆناغەدا دەربەدەری بینبوو، سەرەتا هەڵاتبوو بۆ پاریس و سەردانی زانکۆی سۆربۆنی دەکردو دواتریش چووە لەندەنی پایتەختی بریتانیاو پاشان گەڕایەوە پاریس و لەوەێوە چووبووە میسرو پەیوەندی بە تورکە لاوەکانەوە کردبوو، کەسێکی لیبراڵ بوو، زمانی فەرەنسیی و ئینگلیزیی بەباشی دەزانی و یەکێک بوو لە چالاکوانە بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی عەبدولحەمیدو ئەو موچەیەی رەتکردبۆوە کە رژێمی حەمیدیی دەیویست بۆی ببڕێتەوەو دەیویست لە میسر خوێندنگایەکی تورکیی دابمەزرێنێت. لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ لەرۆژنامەی حقوق عمومیە وتارەکانی بڵاودەکرایەوەو

دواتریش لە گەڵ مەولان زادە یاداشتێکیان دابووە لایەنە پەیوەندییدارەکان و ڕێوشوێنە یاساییەکانیان بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەکە گرتەبەرو پاش ئەوە لەرۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٠٨دا، یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەیان بەناوی "سەربەستی" یەوە بڵاوکردەوە. ئەوەی مەولان زادە خاوەن ئیمتیازو حەسەن فەهمی بەگیش سەرنووسەری بوو.

شایەنی باسە، هێندەی ئاگاداربین هەتاوەکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەویەکی ئەکادیمی و سەربەخۆ لەسەر ڕۆژنامەی سەربەستی نەکراوەو هەموو ژمارەکانی کە ٧٢٢ ژمارەیە لەماوەی ١٢ ساڵی تەمەنییدا لەساڵی ١٩٠٨وە بۆ ١٩٢٠، بە پێنج قۆناغی جیاواز، لەبەرگێکی تەواودا کۆنەکراوەتەوە. دیارە بەو هۆیەی کە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە بەستراوەتەوە بە مێژووی ژیانی مەولان زادەی خاوەنییەوە، هەربۆیە بەهۆی ئەو ناجێگیریی و فشارو ڕاوەدونانەی کراونەتە سەر مەولان زادەو تووشی بوون، ژیانی ڕۆژنامەکەش هەورازو نشێوی بەخۆیەوە بینوە.

سەربەستی، بەزمانی تورکیی بڵاوکراوەتەوە و لەچوار لاپەرە پێکهاتووەو ڕۆژانە بووەو هەینیش دەرچووە، لەژێر ناوەکەیدا کە سەربەستییە، نووسراوە: " خزمەت بە مافی عوسمانییەکان دەکات بەبێ جیاوازیی ڕەگەزو مەزهەب ". هەر لاپەڕەیەکی لە پێنج ستون پێکهاتووە و بەوتاری سەرنووسەر دەستپێکردووەو ناونیشانی جیاوازیش بەگوێرەی ناوەرۆکی بابەتەکان دانراوەو هەواڵە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تێدا جیاکراوەتەوە. هەروەها لەلاپەرەی کۆتاییشدا، نامەی خوێنەرانی تێدا بڵاوکراوەتەوە. پەیامی ڕۆژنامەکە لە ژمارەی یەکەمیدا لەژێر ناونیشانی " مسلک / مەبەست "بڵاوکراوەتەوەو نووسراوە:

"سەربەستی" بەهەموو مانایەک ئازادە، پاشایەتی دەستووری خۆنابوێرێ لەوەی خۆبەخت بکات لەپێناو ئیدارەکەمان، لەرێگەی

کارکردن لەپێناوی رۆشنکردنەوەی خەڵک بەگشتی و یەکێتی تەواوی رەگەزەکانی عوسمانیی...

"سەربەستی" هەمیشە ئەو بەرپرسانەی حکومەت دەبێزرێنێت و رەخنەیان دەکات کە پێچەوانەی بەژەوەندی میلەتەکەمان هەڵدەسوڕێن و لەڕوانگەی میلەتەوە دەڕوانێتە بەرژەوەندییەکانیان و پارێزەری مافی رۆڵەکانی میلەتە و پشت بە یاسا دەبەستێت.

"سەربەستی" ئازادی و شەرەف و کەرامەتی پیشەکە دەپارێزێت و خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکی سیاسی هیچ شەخسێک ناکات.

"سەربەستی" تەنیا راستیی دەڵێت و بیر لەو رێگایانە دەکاتەوە کە میلەتی لێوە بڕواتە نێو جوغزی مەدەنیەت.

"سەربەستی" دەبێتە بەرگریکارێک و دەربڕی بیرو بۆچونی هاوڵاتییەکانمان کە بەگشتی چەوسێنراونەتەوە، بەدەر لە هەر ئاین و رەگەزی خەڵکانی میلەتەکەمان، ئەوەش ئەرکەکەیەتی."

شایەنی باسە، مستەفا جۆشکون، لەو لێکۆڵینەوە زانستییەی کە لە بەشی میژووی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی ئەستەمبوڵ ئەنجامیداوە، لەم قۆناغەی کارو چالاکی مەولان زادە ریفعەت و رۆژنامەی سەربەستی یدا، جگە لەوەی ئاماژەی بە ئەندامبوونی ناوبراو لە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد داوە، لەژێر ناونیشانی "بەدرخانزادەکان"دا، بەرِوونی ئاماژەی بە پەیوەندی مەولان زادەو رۆژنامەی سەربەستی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان، داوە و نووسیویەتی کە مەولان زادە چ لەرۆژنامەی "حقوق عمومیە" و چ دواتریش لە "سەربەستی" دا هەواڵەکانی تایبەت بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ئەندامەکانی بڵاوکردۆتەوە و بەشێوەیەک بایەخی پێداون کە سەربەستی وەک دەزگایەکی میدیایی بنەماڵەی بەدرخانی لێکردووەو چالاکییەکانیانی تێدا بڵاوکردۆتەوە. لەوەش زیاتر، سەربەستی پەیامنێری تایبەتی خۆی رەوانەی تەڕابلوس کردووە بۆئەوەی ئاگاداری هەواڵی ئەو بەدرخانییانەی وەک : حەسەن بەگ،

میدحەت بەگ، عەبدولڕەحمان بەگ بێت کە ۳۰ مانگ پێشتر و پاش کوشتنی ریزوان پاشای پارێزگاری ئەستەمبوڵ، بەکۆمەڵ قۆڵبەستکران و لەئەستەمبوڵ دوورخرانەوەو رەوانەی زیندانەکانی ئەوێ و شوێنی تر کرابوون. ئەوانەی کە وێڕای فەرمانی لێخۆشبوون لەگیراوانی قۆناغی پێشوو، هێشتا لەزیندانەکاندا هێڵرابوونەوەو ئازاد نەکرابوون.

هەر لەم سەربەنەوە، لەژمارە ۱۲ی رۆژنامەی سەربەستی، کە لەرۆژی ۲٦ی ئۆکتۆبەری ۱۹۰۸دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پەیامنێری سەربەستی باسی لەو زیندانە کردووە کە بەردخانییەکانی لەتەرابلوس تێدا بەندکراون، ئەو زیندانەی کە درێژێکەی شەش مەترو بەرزییەکەی دوو مەترەو تیشکی خۆر لە پەنجەرەی کراوەی بنمیچەکەیەوە دەچێتە ژوورەوە کە پەنجا سەنتیمەترە، زیندانێک دەرگایەکی ئاسنینی پتەوی هەیەو لەدوای ئەویشەوە دەرگایەکی تەختە بە ئەستوری پازدە سانتیمەترە کە لەبەردەم دەروازەیەکی بەردینە کە پاسەوان چاودێریی دەکەن، ئەوانەی کە نێزەیان هەڵگرتووەو لەبەردەم هەردەرگایەکی زیندانییەکاندا وەستاون و لەسەرەوەش لەبەردەم پەنجەرەکان پاسەوان هەیە.

رۆژنامەکە، داوای لە حکومەت کردووەکە چاو بەدۆسیەی بەدرخانییەکاندا بخشێنێتەوەو یەک لەوانەش عەبدولڕەحمان بەدرخانە، کە تۆمەتی درۆینەی سیخوڕیی خراوەتەپاڵ، لەکاتێکدا ئەو بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ لە ئەوروپا بووەو زۆر دڵسۆزانە بۆ تێکۆشاوە کۆتایی بەو کارە دوژمنکارانانە بهێنێت کە لەماوەی توندترین کاتی کۆمەڵکوژییەکاندا لە نێوان ئەرمەن و کورددا لەکوردستان روویداوە.

هەروەها سەربەستی بەردەوام بەدواداچوونی بۆ دۆخی زیندانییانی بەدرخانیی کردووەو هەروەها پاش هەفتەیەکیش لە هەواڵەکەی پێشوو، بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی بۆ خوێنەران سەبارەت بە ئازادکردنی بەدرخانییەکان –جگە لە عەبدولڕەزاق و عەلی شامل- بڵاوکردۆتەوە

و رایگەیاندووە کە ئەوان بەسواری کەشتییەکی سەر بە کۆمپانیایەکی ئیتالی بەڕێوەن بەرەو ئەستەمبوڵ.[7]

لەراستییدا، پاش گەڕانەوەی بەدرخانییەکان بۆ ئەستەمبوڵ، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بەتایبەت: عەبدولڕەحمان و دواتریش ئەمین بەگ و جەلادەت و کامەران و سورەیا، لەگەڵ مەولان زادە ریفعەتدا هەبووەو لەم قۆناغەدا وتارەکانی عەبدولڕەحمان بەگ لە بۆنە جیاوازەکاندا، وەک کۆبوونەوە بۆ پشتگیریی ئازادیی چاپەمەنیی و هەروەها ئەو کۆبوونەوانەی کە بۆ چەسپاندنی برایەتیی کوردیی-ئەرمەنیی لە کڵێسای هاسکوی ئەرمەنی لە ئەستەمبوڵ کرا. هەموو ئەوانە دەکرانە هەواڵ و لە سەربەستییدا بڵاودەکرانەوە. [8]

---

[7] Mustafa COŞKUN, MEVLANZADE RIFAT BEY'İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ , İSTANBUL ÜNİVERSİTESİ, SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, TARİH ANABİLİM DALI, İSTANBUL – 2019, S 52-53.

[8] هەروەها رۆژنامەی (STAMBOULİ) کە لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٠٨دا، بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە ٣ی خۆیدا بابەتێکی لەژێر ناوینشانی " برایەتی کوردو ئەرمەن. کۆنفرانسێک بەزمانی کوردیی" هەواڵی بەستنی کۆنفرانسێکی بەزمانی کوردیی لە گەرەکی هاکسۆی ئەستەمبوڵ بڵاوکردۆتەوە، بەگوێرەی رۆژنامەکە لەو کۆنفرانسەدا کوڕانی بەدرخان پاشا: عوسمان پاشا و ئەمین بەگ و سورەیا بەگ ئامادەبوون، هەروەها دوو ئەندامی کۆمیتەی ئەرمەنی "تاشناکسیۆن"ئامادەبوون بەناوەکانی : ڤاهاکین و بابایان. کاتێک ئەو بەرێزانە روویان لە گەڕەکی هاسکۆی کرد لەلایەن لاوانی چەکداری گەرەکەکەوە پێشوازییەکی گەرمییان لێکرا. کۆنفرانسەکە لەباخچە فراوانەکەی خوێندنگای ئەندازیاری سەربازیی بەستراوە. هەروەها کەسانی ناسراو و ئەشرافی گەڕەکەکەی لە ئەرمەنیی و یۆنانیی و کوردی تێدا ئامادەبوون.
کۆنفرانسەکە لەلایەن بەڕێز بابایانەوە کرایەوەو لەباسی ئازادیی و رەوایەتیی بۆ گەل دوا، پاشان، ئەمین بەگی کوڕی بەدرخان پاشا، قسەیکردو پاش ئەوەی تیشکی خستەسەر سوودەکانی برایەتیی و یەکێتیی، داوای لە کوردان کرد لەگەڵ ئەرمەندا بەهەماهەنگییەکی باش بژین. لەم سەربەنەشەوە، یەک لەسەرکردەکانی کورد لەبەڕیز بابایان نزیکبۆوەو دەستی بۆ درێژکردو یەکتریان ماچ و لەباوەش کرد. ئەوەش بەواتای ئەوەی کە هیچ دوژمنایەتییەک لەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا نەماو گەیشتنە رێکەوتنی تەواو. ئەوەش چەپڵە توندی بەدوادا هات. بڕوانە:
پ.دکتۆر یاسین سەردەشتی، هەواڵی بەدرخانییەکان لەرۆژنامەی STAMBOUL و چەن رۆژنامەیەکی فەرەنسییدا، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل ٢٤.

هەر سەبارەت بەهەوڵەکان بۆ رەتکردنەوەی ئەو رەشنووسی یاسای چاپەمەنییەی کە حکومەتەکەی کامیل پاشا دەیویست بەپێداگریی حسێن حیلمی پاشای وەزیری ناوخۆ لە پارەلەمان عوسمانییدا بیسەپێنێت و هەموو ئەوانەی لایەنگریی ئازادیی چاپەمەنیی بوون بەکۆتوبەندیان دەزانی و بەرهەڵستییان دەکرد، مەولان زادە ریفعەت و رۆژنامەی سەربەستی بووە مەکۆی کۆبوونەوەی کەسایەتیی و لایەنە ئازادیخوازەکان و لەوێ بڕیاریاندا کۆبوونەوەو خۆپێشاندان ئەنجام بدەن و بۆ ئەو مەبەستەش کاتژمێری ٦ی رۆژی ٧ی فێبرایەریان دیاریکرد و داواشیان کرد هەرکەس خوازیارە بەشداریی بکات بۆ پشتگیریی لە ئازادیی چاپەمەنیی و دژایەتی ئەو رەشنووسە لەئۆفێسی سەربەستی ناوی خۆی بنووسێت. هەروەها بڕیاردار لەو کۆبوونەوەیەدا، هەریەک لە : مەولان زادە، عەبدولڕەحمان بەدرخان، دکتۆر ئیبراهیم تیمۆ، حەسەن فەهمی بەگ، ئارامباس ئەفەندی نوێنەری رێکخراوی "هانچاک"ی ئەرمەنی، عارف ئەفەندی برنجی زادە نوێنەری دیاربەکر، موفتی ناجی بەگی نوێنەری ئارگیری، ناجی بەگی نوێنەری بەڕێوەبەری رۆژنامەی ئێراندین ئازادی و حوسێن کازم بەگی سەرنووسەری رۆژنامەی حەقیقەت، وتاری خۆیان لەو بارەیەوە پێشکەش بکەن.

کۆبوونەوەکە بەئامادەبوونی شەش بۆ حەوت هەزارکەس لەمەیدانی سوڵتان ئەحمەد ئەنجامدراو شازادە محەمەد رەشاد ئەفەندیش ئامادەی بوو. لەوێ یەکەمین کەس وتاری خوێندەوە مەولان زادە بوو، ئەو سوپاسی ئامادەبووانی کردو ئاماژەی بەوەدا کە ئەم کۆبوونەوەیە لەپیناو ئازادیی و بۆ رەتکردنەوەی رەشنووسی یاسای چاپەمەنییە کە ئەرێکردنی گورزێکی مەزن دەبێت بۆ ئازادیی رۆژنامەوانیی و چاپەمەنیی.

پاش ئەوەی ئەوانی دیکەش وتاری خۆیان خوێندەوە، ئامادەبووان بەرەو تەلاری پارلەمانی عوسمانیی رۆیشتن و لەوێ چاویان بە ئەحمەد رەزای سەرۆکی پارلەمان کەوت و ناوبراو رایگەیاند کە

پشتگیریی لە ئازادیی چاپەمەنیی دەکات و لەوێ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ مەولان زادە و چەند کەسیکی دیکە کرد. پاشان مەولان زادە هاتە دەرەوەو لەبەردەم جەماوەرەکە روونیکردەوە کە سەرۆکی پارلەمان و بەشێک لە ئەندامانی مەجلیس پشتگیریی داواکارییەکانیان دەکەن. نوێنەری رێکخراوی "داشناکسیۆن" ئەرمەنیی رایگەیاند : ئەگەر پارلەمان ئەم رەشنووسە پەسەند بکات ئەو بە نێزەو بۆمبەکانمان دەیڕوخێنین و ئاڵای حەقیقەت لە وڵاتەکەماندا بەرز دەکەینەوە. عەبدولڕەحمان بەدرخانیش رایگەیاند : من و هەموو بەدرخانییەکان، تەنانەت شەست هەزار کوردی ئەستەمبوڵیش، تا دوا تنۆکی خوێنمان ئەم رەشنووسەمان قبوڵ نییە. هەموو ئەم وتەو راگەیاندنانە لە رۆژنامەی سەربەستیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.[9]

هەموو ئەو کۆبوونەوەو رەخنەو چالاکییانەی دژی هەوڵە قۆرخکارییەکانی حکومەت کران، وایکرد حکومەت کار بۆ دەرکردنی یاسایەک بکات بۆ رێگریی لە گردبوونەوەو خۆپێشاندان. ئەوەش وایکرد مەولان زادەو سەربەستی دەست بە هەڵمەتێکی گەورە بکەن بۆ دژایەتی ئەو هەوڵەی حکومەت، مەولان زادە رایگەیاند کە سنووردارکردنی مافی گردبوونەوە پێچەوانەی دەستوورەو دژی مافەکانی گەلە، لەو پێناوەش سەربەستی تەلەگرافێکی ئاراستەی پارلەمانی عوسمانیی کردو داوایکرد دژی ئەم هەوڵە بوەستنەوەو بیدەنگیی بشکێنن. هەروەها دواکرا کە لەساحەی سوڵتان ئەحمەد گردبوونەوەیەکی گەورەبکرێت داواش لە هاوڵاتیانی کوردو ئەنەدۆل کردووە بەشداربن. گردبوونەوەکە لەلایەن رێکخراوی کۆڵهەڵگرەکانی ئەستەمبوڵەوە رێکخرا کە زۆرینەی ئەندامەکانی کورد بوون، هەروەها رۆژی ٢٨ی مارتی ١٩٠٩ بۆ ئەنجامدانی دیارییکرا. شایەنی باسە، لەم گردبوونەوەیەدا، مەولان زادە ریفعەت وەک رێکخەری گردبوونەوەی رۆژنامە لیبراڵەکان ئامادەبوو، هەروەها

---

9 Mustafa COŞKUN, MEVLANZADE RIFAT BEY’İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ, S 66-68.

وتارێکیشی پێشکەش کرد. هەروەها حوسێن پاشا بەدرخانیش بەزمانی کوردیی وتارێکی پێشکەشکرد، بۆناپارتیان ئەفەندیش کە ئەندامی کۆمیتەی (تاشناکسیۆن) ی ئەرمەنیی بوو، وتارێکی دا.

حکومەت پاش سێ مانگ، بێ گوێدانە نارەزایەتییەکان، یاسای چاپەمەنیی سەپاند، ئەوەش ئازادییخوازان و نەیارانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی و حکومەتی بەتەواویی توڕەکردو مەولان زادە نامەی بۆ تەواوی رۆژنامە لیبرالّەکان و کەسایەتیی بەرهەڵستکارەکانی ئیتحادو تەرەقی نارد بۆ پرۆتێستۆکردنی ئەو بڕیارەی حکومەت لەرۆژی ٧ی ئەبریلی ١٩٠٩ لەمەیدانی سوڵتان ئەحمەد گردببنەوە.[10]

وەک دەردەکەوێت، لەم قۆناغەدا، وێڕای ئەوەی مەولان زادە ریفعەت ئەندامی رێبەریی رێکخراوێکی سیاسی دیارییکراو نەبوو، بەڵام وەک رۆژنامەنووسێک و خاوەنی سەربەستی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رای گشتیی و جەماوەریی هەبوو. ئەو لەدەرەوە پاڵپشتیی فیرقەی ئەحراری عوسمانیی دەکردو هەروەها لەرێگەی بەشداریی و رێکخستنی کۆبوونەوەو رێپێوانەکان بەشداریی بەرچاو و کارایی لە رووداوە سیاسییەکاندا هەبوو. ئەو بۆ چەندین جار بەهۆی نووسین و رەخنە توندەکانییەوە لەکەسایەتیی و بەرپرسانی حکومەتی وەک کامیل پاشا و عارف پاشای وەزیری بەحریە و جەمالەدین ئەفەندی شێخولئیسلام، کەیسی لەدادگا بۆ کرایەوەو لەنێوان ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٠٨ تاکو ٢٤ی فێبرایەری ١٩٠٩، سێ جار بانگێشتی دادگا کراو هەر جارێک سزای زیندان و غەرامەی مادیی و داخستنی چاپخانەکەی، بەسەردا سەپێنرا، بەڵام لەدوو جاری یەکەم بەهۆی پارێزەرەکەیەوە کە ئەرمەنییەک بوو بەناوی "بۆغۆس یەڵدیزجیان" لەدادگای پێداچوونەوە لەتۆمەتەکانی بێتاوان راگەیەندراو ئەوەی سێیەمیشیان مایەوە هەتاوەکو ئەو کارەساتەی لە ئەبریلدا بەسەر سەربەستیدا هات.

---


[10] هەمان سەرچاوە ، ل ٧٠-٧٢.



کامیل پاشای سەدری ئەعزەم ١٨٣٣-١٩١٣



حەسەن فەهمی بەگ ١٨٧٤-١٩٠٩



عەبدولڕەحمان بەدرخان بەگ





پازار ایرتسی ٣ تشرین ثانی ١٣٢٤

نسخه‌سی ١٠ پاره

# سربستی ١٣٢٦

SERBESTI - CONSTANTINOPLE

آبونه شرائطی

صاحب و مدیری :

آدرس :

اعلانات ایچون آیروجه مقاوله ایدیلیر .

مشروطیت اداره‌یه و بلا تفریق جنس و مذهب عثمانلیلرک حقوقنه خادم یومی غزته



BELEDİYE KÜTÜPHANESİ No. 37



[illegible]

سیاسی

خلاصه

[illegible]


BELEDİYE KÜTÜPHANESİ


برنجی سنه نومرو ۱۴۲

پنجشنبه

۲۶ مارت سنه ۱۳۲۵

صاحب امتیازی :

مولان زاده رفعت

آبونه فیاتی

ممالک عثمانیه ایله بلغارستان ، بوسنه هرسک

مصر ، قبرس ، وگرید ایچون :

سنه‌لک ۱۵۰ آلتی آیلق ۸۰ غروشدر .

ممالک سائره ایچون

سنه‌لک ۲۸ فرانق

استانبول ایچون سنه‌لکی ۱۰۸ غروش

سربستی

۱۳۲۶

SERBESTI CONSTANTINOPLE

نسخه‌سی ۱۰ پاره

مشروطیت اداره‌یه و بلا تفریق جنس و مذهب عثمانیلرک حقوقنه خادم یومی غزته‌در

نسخه‌سی ۱۰ پاره

لەراستییدا، ئاراستەی رووداوەکان و ململانێی توندی هێزە جیاوازەکانی سەرشانۆی سیاسی وڵات لە ئەستەمبوڵی پایتەخدا، بەتایبەت لەنێوان پیاوانی شۆڕشی چەواشەی سەربەرژێمە کۆنەکەو باڵی راستڕەوی دەسەڵاتخوازی قۆرخکاری کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی پشتبەستوو بە سوپا و دواتریش ئازادیخوازانی لیبراڵی دەستوریخوازی مەدەنی کە خۆیان لە کۆمەڵەکانی فیداکارانی میلەت و ئەحرار عوسمانی فیرقەسی / پارتی ئازادیخوازانی عوسمانی" دەبینەوە، هەتا دەهات رووی لە ئاڵۆزیی و دژوارییەکی سەخت دەکردو قەیراناویتر دەبوو. شایەنی باسە، رەگەزە ئیتنییە غەیرە تورکەکانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ، هەر بە یۆنانیی و کورد و ئەلبانیی و عەرەبی سوریی و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەرمەنەکانیش، جگە لە جولەکەکان، پشتگیریی هێزە لیبرالەکان و فیرقەی ئەحراریان یان دەکرد لەدژی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی.[11]

دۆخی سیاسی ئاڵۆزو پڕ ململانێی وڵات، بەتایبەتی لەشاری ئەستەمبوڵ، فەزایەکی توندو دژوارو گرژی لەسەر ئاستی رەوشی چاپەمەنیی و رۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ هێنابووەئاراو بەزمانی زۆر زبرو توند بابەتەکانیان لەرۆژنامەکانەوە دژ بەیەک پەخشدەکرد، بەتایبەت لەلای ئەو رۆژنامانەی کە نوێنەری رەوتە ئایدۆلۆژییە جیاوازەکانی سەر شانۆی سیاسی وڵات و ئەستەمبوڵی پایتەخت بوون، وەک "ڤۆڵکان"ی دەروێش وەحدەتی ئیسلامچیی و "طنین"ی حسێن جاهیدی سەر بە ئیتحادوتەرەقی و "سەربەستی" مەولان زادە ریفعەتی لیبراڵ و ئازادیخواز.[12] شایەنی باسە، رۆژنامەی سەربەستی، وەک

[11] Revue du monde musulman, December 1912, p193-194.

[12] TALHA MURAT, THE POLITICAL IDEAS OF DERVIS VAHDETI AS REFLECTED IN VOLKAN NEWSPAPER (1908-1909), Sabancı University, AUGUST 2020, p72.

مینەبەرێکی ئازادیخوازانی مەدەنی دژ بە ستەمکاریی کۆن و هەوڵە بێوچانەکانی باڵی سەربازیی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی و لایەنگرانی بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و گۆڕینی دەوڵەت بۆ ئامرازێک لەپێناوی سەپاندنی ستەمکارییەکی نویدا، لەرێگەی وتارەکانییەوە تادەهات زیاتر بەرەی بەرژەوەندیخوازانی کۆنەپەرست و دەسەڵاتخوازە ئیتحادییەکانی دەکوتا و تاوان و چەواشەکارییەکانیانی بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکرد. هەربۆیە "سەربەرستی" لەرۆژانی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا رق و کینەی ئەو بەرەیەی ستەمکاریی و قۆرخکاریی و دژە ئازادیی لەخۆی ورووژان، بەتایبەتی باڵی راستی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی، ئەوانەی سەربەستیان بە لەمپەرو هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر خۆیان و هەوڵەکانیان دەبینی و بۆ رێگریی لە دەرچوون و نووسینە رەخنەییەکانی و چەند جارێک مەولان زادەیان ئاگادارکردەوەو بەچەندین شێوە هەڕەشەیان لێکردو چەندین جار لەدادگا سکاڵایان لەسەر تۆمارکرد، بەڵام کاتێک زانیان مەولان زادەو حەسەن فەهمی سەرنووسەر گوێ بەهیچ هەڕەشەو فشاریک نادەن و کەوتنە دانانی پیلانێک بۆ تیرۆرکردنیان.

حەسەن فەهمی بەگ رۆژێک بەر لەتیرۆرکردنی واتە لە ٥ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، لە رۆژنامەی سەربەستییدا وتارێکی توندی لەسەر هەوڵەکانی ئیتحادو تەرەقی نووسیبوو کە لەرێگەی ئیستغلالکردنی نەفامی خەڵک و نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی دەستوورییەوە دەیانەوێت لەشوێنی ستەمکارییە کۆنەکە ستەمکارییەکی خراپتر دابمەزرێنن و بەشێکیش لە نوێنەرانی مەجلیس بەهۆی هەڵخەڵەتاندنایەوە بە گوتەکانی کامل پاشا بێئاگان لەو هەوڵە نهێنییانەی ئیتحادو تەرەقی و ئەوە کۆمەڵێک پارلەمانتاری کەمن کە ئازایانە دژی ئەو پشێویی و دزیی و فەسادە وەستاونەتەوە...[13]

[13] YOUSSOUF FEHMI : LA RVOLUTION OTTOMANE (1908 - 1910),Paris , 1911, p 188.

شایەنی باسە، پیلانی تیرۆرکردنی خاوەن و سەرنووسەری سەربەستی لەکاتژمێر پێنجی ئێوارەی شەوی چوارشەممەی رێکەوتی٦ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، لەسەر پردی گەلاتە لەئەستەمبوڵ لەلایەن بکوژێکەوە کە وتراوە کەسێکی بەهێزی کەڵەگەت بووەو پۆشاکی ئەفسەریی و پاڵتۆیەکی رەشی لەبەردابووە، جێبەجێکرا.[14] کاتێک حەسەن فەهمی و شاکیربەگی هاورێی لەماڵیک بوون بۆ کۆبوونەوە، لەکاتی گەڕانەوە، بکوژەکە لەسەر پردەکە بەدەمانچە تەقەی لێکردوون و پاش حەسەن فەهمی، وایزانیوە شاکیربەگ، مەولان زادە ریفعەتەو تەقەشی لەو کردووە بەڵام برینداربووەو نەمردووە.

پێویستە بوترێت کە تیرۆرکردنی رۆژنامەوانی لاو و سەرنووسەری سەربەستی، حەسەن فەهمی بەگ، یەکەمین تیرۆری قەڵەمە لەپێناو سەرکوتی ئازادیی رۆژنامەوانیی لەمێژووی

14 "محمد ابراهیم مبروک" و هەندێک نووسەری دیکەش کە باسیان لەم کوشتنە کردووەهۆکارەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە گوایە حەسەن فەهمی لەسەربەستیدا وتاریکی بڵاوکردۆتەوەو وتویەتی تورکان دەبێت شەبقە لەسەر بکەن کە ئەوەش واتای ئەوەیە کە تورکان دەبێت لە بەرگپۆشیندا لاسایی کافرەکان بکەنەوە : لماذا نقول لا للنموذج التركي و التونسي . البحث عن الخيار الاصلح للثورات العربية،٢٠١٢، ص ٦٥. لەکاتێکدا نووسەر "قيس جواد العزاوي" لەژێر ناونیشانی "سەرەتای کودەتا. تیرۆری حەسەن فەهمی بەگ" دەڵێت کە کوشتنی سەرنووسەری رۆژنامەی سەربەستی گەورە دوژمنی ئیتحادو تەرەقی کە بۆتە هۆی تەقاندنەوەی دۆخەکەی ئەستەمبوڵ و ئمپراتۆرییەکە بەو هۆیەوە بووە کە ناوبراو زۆر رازو نهێنی لەرۆژنامەکەیدا سەبارەت بە پەیوەندیی گوماناویی ئیتحادییەکان بەدەرەوە بڵاوکردۆتەوە، پازدە رۆژ پێش کوشتنەکەی بەڵگەیەکی لەسەر پەیوەندیی کۆمیتەی ئیتحادییەکان بە باڵیۆزی فەرەنساوە بڵاوکردۆتەوە. ئەو دەڵێت کە رۆژنامە عەرەبییەکانیش سەبارەت بەو تیرۆرە وتویانە کە حەسەن فەهمی لەبیری چووە کە ئیتحادییەکان و هاوڕێ ماسۆنییەکانیان توانی بەرگەگرتنی ئەم جۆرە شتانەیان نییە. بڕوانە: الدولة العثمانية من الخلافة الى الانقلابات، ترجمة: عاصم عبد ربه، القاهرة، ٢٠١٧، ص ١٣١. شایەنی باسە، "يوسف حسين" یش لەنامەی ماستەرەکەی هۆکاری تیرۆرەکەی حەسەن فەهمی بەهۆی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی کۆمیتەی ئیتحادییەکان بووە. بڕوانە: اسباب خلع السلطان عبدالحميد الثاني ١٨٧٦-١٩٠٩، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعوة الاردن ، ٢٠٠٠، ص ١٨٣. هۆکاری ئەم دیدە جیاوازانەش بەهۆی رووادوەکانی پاشترو رۆڵی لایەنەکانی لایەنگری سوڵتان عەبدوحەمیدو ئیتحادییەکانەو هەرکامیان ئەوی تری تاوانبار دەکرد بەو تیرۆرە. لەکاتێکدا درێژیکردنی دەستی تاوان بۆ ئیتحادییەکان زۆر لەپێشترە و ئەگەرێکی زیاترەو نزیکە لە راستی.

هاوچەرخی تورکیادا، وێڕای نادیاری و نەدۆزینەوەی بکوژەکەش، هێشتا هەموو ئاماژەکان بەشێوەیەک بوون کە پەنجەی تاوان بۆ ڕێکخراوی ئیتحادو تەرەقی درێژبکرێت، چونکە ئەوان هەرچەندە نکۆڵیشیان لەو کارەدەکرد، بەڵام زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە سوودیان لەو ڕووداوە وەرگرت، ئەو ڕووداوەی چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانییدا، دەنگدانەوەو کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە و لەکاتی خۆیدا بووە سەرباسی زۆربەی ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکانی جیهان هەر لە ئەمریکاوە هەتاوەکو ئوستralیا. جگە لەوەی ئەم ڕووداوی تیرۆرە زنجیرەک ڕووداو و لێکەوتەی بەدوای خۆیدا هێنا کە هاوکێشەی سیاسی و دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتەکەی بەدژی ژیانی دەستووری و ئامانج و دروشمە بنەڕەتییەکانی کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨گۆڕی.

تیرۆری سەرنووسەری سەربەستی ئەو پریشکە بوو کە پوشی ململانێی دۆخەکەی ئەستەمبوڵ و ئیمپراتورییەکەی گڕدا، تاوانێکی بەو چەشنە نارەزایەتییەکی قووڵی لەهەناوی کۆمەڵگای ئەستەمبوڵییدا جۆشدا، بەچەشنێک وروژان و ئاڵۆزیی لێکەوتەوەو خۆپێشاندان لەتەواوی ئەستەمبوڵدا دەستیپێکرد و داوای دۆزینەوەو سزادانی بکوژو ئەوانەیان دەکرد کە لەپشتی تاوانی تیرۆرەکەوە بوون. ئەو تاوانە، تەواوی ئازادیخوازانی عوسمانیی توڕە کرد بەهەموو ڕەگەزە جیاوازەکانیانەوە، بەتایبەت لەشاری ئەستەمبوڵ، ڕای گشتی بەتوندی وروژا. خوێندکارەکانی خوێندنی ناوەندی و باڵا، بەتایبەت ئەوانەی لەکۆلێجی حقوق و هەروەها پزیشکی دەیانخوێند، گردبوونەوەیەکی گەورەیان کردو خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ کەوتن. ئەوان چوونە بەردەم بابی عالی و حیلمی پاشای سەدری ئەعزەم پێی ڕاگەیاندن کە بەدڵسۆزییەوە هاوسۆزتانم و ئەمە تاوانێکی نائاساییەو نەفرەت لەبکوژ و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ دۆزینەوەی بکوژەکە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا. پاشان خوێندکارەکان بەرەو تەلاری پارلەمانی عوسمانیی ڕۆیشتن و لەوێش چاویان بە ڕەزابەگی سەرۆکی پارلەمان

کەوت، ئەویش بەڵێنی دۆزینەوەو بەسزاگەیشتنی بکوژەکەی پێدابوون.بەڵام ئەوە هەتاوەکو ئێستا نزیکەی ١١٥ ساڵ بەسەر کوشتنەکەدا تێدەپەڕێت و هێشتا بکوژ نەدۆزراوەتەوە!!

شایەنی باسە، رۆژێکیش پێش ئەوە، مەولان زادە ریفعەت بۆخۆی چووبووە لای رەزابەگ تاوەکو پشتگیریی بکات بۆ دۆزینەوەو سزادانی بکوژەکەی سەرنووسەری سەربەستی، بەڵام رەزابەگ پێی وتبوو :" ئەم چارەنووسە بۆ کەسانێک چاوەڕوان دەکرێت کە هەندێک پرس دەورووژێنن کە نابێت بزانرێت."[15]

هەرلەویّ، مەولان زادە ریفعەت، بەیاننامەیەکی ئامادە کردبوو تاکو پارلەمانتاران واژۆی بکەن، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەمی پارلەمانتاران واژۆیان کردبوو کە ئەمانەن: ئیسماعیل حەقی بەگ نوێنەری ئەماسیا، زوهراب بەگی نوێنەری ئەستەمبوڵ، موفید بەگی نوێنەری ئارگیری، رەزا نوربەگی نوێنەری سینۆپ، راسیم زەینەڵ بەگ نوێنەری جیداد، هامپارتسۆم نوێنەری کۆزام، م. کۆسیمدی نوێنەری ئەستەمبوڵ. [16]

خۆپێشاندان و ئاڵۆزییەکانی ئەستەمبوڵ زەمینەیەکی گونجاوی بۆ تەقینەوەی دۆخەکە رەخساندو رۆژ لەدوای رۆژ توندترو ئاڵۆزتر دەبوو. بەگوێرەی سەرچاوەکان، فیرقەی ئەحرارو شازادە سەباحەدین رۆڵیان لە تەقاندنەوەی بارودۆخەکەدا هەبوو بەمەبەستی لاوازکردنی پێگەی حکومەتی ئیتحادو تەرەقی. سەرەتا بەتالیۆنی پیادەی سوکی لەشکری سێیەمی سوپا "آوچی طابورلەر" کە لە "طاشقشلە"بوون لەشەوی ١٢ی ئەبریل یاخیبوون و ژمارەیەک لە تەلەبە ئاینییەکان "سۆفتە" و هەروەها ئیمامەکانیان لەگەڵ کەوت. بەشێوەیەک رووداوی

---

[15] Mecheroutiette: constitutionnel ottoman : organe du Parti radical ottoman,N:51, Fevrier 1914, p 57.

[16] هەمان سەرچاوە.

کوشتن لێرەو لەوێ دەستیپێکرد.[17] ئەوەش هانی پیاوانی رژێمە کۆنەکەو لایەنگرانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی دا، هەوڵبدەن ئەو دەرفەتە بۆ قازانجی خۆیان بقۆزنەوەو لەجوڵانەوەیەکی دژەشۆڕشدا هەوڵی گێڕانەوەی دەسەڵات بدەن و لە١٣ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، لە ئەستەمبوڵ کەوتنە وێزەی بەرپرسانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی و لەشارەکە راویان نان.

رۆژنامەی" ترجمان حقیقت " لەرۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ١٧ی نیسانی ١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "هئیت متفقەء عثمانیە بیانیەسی در/ بەیاننامەی دەستەی هاوپەیمانی عوسمانیی "هەواڵی کۆبوونەوەی بەشێکی زۆری رێکخراوە سیاسییە دەستووریخوازەکانی وڵاتی لەئەستەمبوڵ لە هەیئەتێکدا راگەیاندووە بۆ پاراستنی دەستوورو رژێمی مەشروتییەت و هەروەها ئاسایشی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و هاندانی تەواوی رێکخراوو کۆمەڵە سیاسییەکانی دژ بە نوێبوونەوەی ستەمکاریی حەمیدیی، هەیئەتەکە دەڵێت کە حیزب و کۆمەڵەو دەستە سیاسییەکانی مەملەکەتەکەمان لەپێناو رێگرتن لە بەهیلاکچوونی نیشتیمان و مەشروتییەت بڕیاری بەلاوەنانی ناکۆکییەکانی خۆیان و دانانی ناوی بەرزی عوسمانیی لەسەر هەیئەتەکەیان داوەو ئەم هەیئەتە یەکگرتووە عوسمانییەش ئەم کۆمەڵە سیاسی و زانستییانە لەخۆی دەگرێت ".
دیارە جگە لە ئیتحادو تەرەقی و فیرقەی ئەحرارو تاشناکە ئەرمەنییەکان و کۆمەڵەی سیاسی یۆنانی و ئەلبانییەکان و چەرکەسەکان، یانەی تەعاونی کوردیشی لەخۆگرتووە کە ئەو کات لە کوردە ناسراوەکانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ و بەدرخانیزادەکان و نەهریزادەکان و بابانزادەکان و چەندین کوردی ناسراوی دیکەی ئەو پاتەختەی دەوڵەتی عوسمانیی پێکدەهاتن. هەروەها رۆژنامەی

[17] TALHA MURAT, THE POLITICAL IDEAS OF DERVIS VAHDETI, p39.

سەربەستی مەولان زادە ریفعەتیش بەشێک بووە لە واژۆکەرانی ئەو بەیاننامەیە.

شایەنی باسە، ئەو شەوەی یاخیبوونەکە روویدا، مەولان زادە ریفعەت لەماڵی دایکی بوو، ئەو بەیانی بەپەلە چووە ئیدارەخانەی سەربەستی و لەوێوە بۆ لای عەساف بەگ بۆ وەرگرتنی زانیاریی، لەوێوە لەلایەن بەرپرسانی فیرقەی ئەحرارەوە بانگگرابوو بۆ بنینی میر سەباحەدین. مەولان زادە پاش ئەوەی زانیبووی ئەوان لەپشتی رووداوەکانەوەن، تێگەشتبوو کە هەنگاوێکی هەڵەیان ناوەو دۆخەکە بەرەوئاقارێکی مەترسیدار دەڕوات. ئەو پێی وابوو کە ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە زیانی بۆ ژیانی دەستووریی و ئازادییەکان هەیە و نەیاران سوودی لێ دەبینن. [18]


پاش زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخەکەی ئەستەمبوڵ، بەرپرسە سەربازییەکانی ئیتحادو تەرەقیش بڕیاریاندا، ئەو جوڵانەوەیەی پیاوانی رژێمە کۆنەکە و ئاڵۆزیی ئەستەمبوڵ بۆخۆیان بقۆزنەوەو لەدەرەوە شارەکە کۆبوونەوە، ئەوان بڕیاریاندا بەوهێزە سەربازییەی لە سێ لەشکر لەسالۆنیک کۆیانکردۆبۆوەو ناویان لێنابوو " سوپای پاکسازیی" هێرشبکەنە سەر ئەستەمبوڵ، ئەوەشیان لە ٢٤ی ئەبریلی ١٩٠٩دا ئەنجامداو پایەختی ئیمپراتۆرییەتەکە کەوتە بندەستی هێزەکانی ئیتحادو تەرەقی و کەوتنە راوەدونانی نەیارانی خۆیان، چ ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی رەهای سوڵتان عەلدولحەمید بوون و چ لیبراڵەکان و نەیارانی دەسەڵاتخوازی باڵی سەربازیی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی.

---

[18] Mustafa COŞKUN, MEVLANZADE RIFAT BEY'İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ, S 94-95.



حەسەن فەهمی سەرنووسەری تیرۆرکراوی سەربەستی







**ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خوێننگاکانی ئەستەمبوڵ دژی تیرۆری سەرنووسەری سەربەستی**



دیمەنی بەڕێکردنی تەرمی حەسەن فەهمی



خۆپێشاندانی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی ئەستەمبوڵ دژی تیرۆری حەسەن فەهمی



١٤ ی ئەبریل لە تەقسیم لە ئەستەمبوڵ





... لريله استانبول بوليس مديريتنه اشعار ايدلديكي بيان اولنور .

## «هيئت متفقۀ عثمانيه» نك بياننامه‌سيدر

مملكتمزده موجود بالجمله سياسى فرقه ، جمعيت وهيئتلر حال تهلكه‌ده بولنان وطن ومشروطيتك تأمين سلامتى ايچون كافۀ اختلافاتى برطرف ايده‌رك نام عالئ عثمانى آلتنده برجمعيت متفقه تشكيل ايتمشلردر. بوهيئت متفقۀ عثمانيه‌يه داخل اولان جمعيات علميه وسياسيه بروجه آتيدر :

عثمانلى اتحاد وترقى جمعيتى ـ عثمانلى احرار فرقه‌سى ـ ارمنى طاشناقسوتيون ـ روم جمعيت سياسيه‌سى ـ فرقۀ عباد (دەموقرات) ـ آرناوودباشقيم مركز قلوبى ـ كردتعاون قلوبى ـ چركس تعاون قلوبى ـ بلغار قلوبى ـ ملكيه مأذونين قلوبى ـ جمعيت طبيۀ عثمانيه وسائر قلوب وهيئتلر ايله زيرده واضع الامضا جرائد عثمانيه .

اشبو هيئت متفقۀ عثمانيه‌نك اساس تشكلى بروجه آتيدر :

اولا : وطنى ومشروطيت مشروعه‌يى تهديد ايدن احواله قارشى فرقه‌لر بيننده‌كى مناقشات ومنازعات اونوتيله‌رق متحداً وال برلكيله ادارۀ مشروطۀ مشروعه‌نك بقاسنى مدافعه‌يه ساعى اولمغى تعهد ايدرلر .

ثانياً : هيئت متفقۀ عثمانيه ، غزته‌لرك بوامل مقدسه‌يه نوره نشرياتنى توحيد ايليه‌رك مشروطيت مشروعه‌نك يالكز هردرلو تهلكه‌دن مصونيتى دكل ، فقط مملكتمزك الى ماشاءالله تعالى صورت مشروعه‌ده فيض واقبالنى حاضرلمغه وقف مساعى ايلمكده مكلفدر .

ثالثاً : شرائط اساسيه ومشروطيت شرعيه‌يه توفيقاً حكومت عثمانيه‌نك يگانه مراقبى مجلس

بالجمله صنوف اهالينك ومسالك مختلف اربابنك متحداً ومتفقا اشتراك ايده‌جكلرينه اميندر .

سلامت وطن هروقتدن زياده آسايش وعدالتك ادامه‌سنه واخوت ومساواتك تمامئ موجوديتنه متوقف بولنمسى حسبيله بوخصوصده بتون عثمانليلرى ال برلكيله چالشمغه دعوت ايدر .

فى ٤ نيسان سنه ٣٢٥

عثمانلى اتحاد وترقى جمعيتى ، عثمانلى احرار فرقه‌سى ، ارمنى طاشناقسوتيون ، روم جمعيت سياسيه‌سى ، فرقۀ عباد (دەموقرات) ، آرناوود باشقيم قلوبى ، كردتعاون قلوبى ، اكين تعاون قلوبى ، بلغار قلوبى ، ملكيه مأذونين قلوبى ، جمعيت طبيۀ عثمانيه ، صباح ، اقدام ، ترجمان حقيقت ، ميزان ، يكى غزته ، عثمانلى ، سربستى

عيناً ورقه

شجاعت وبسالتيله مشهور اولان عساكر عثمانيه برقاچدها اعلاى شان عسكريلرينه دلالت ايده‌جك يكى بر اثر دها كوسترمشلردر :

دونكى كون طاش قشله‌ده صلاة ظهرى ادادن صكره خاصه ايدنجى الاى امفتيسى فضيلتلو ابراهيم حقى افندى طرفندن اجرا ايديلان مواعظده مافوقلرينه اطاعت وانقياد ايتملرينك مقتضاى امر ربانى وفرمان جنان پيغمبرى اولديغنى بر لسان فاضلانه ايله تفهيم ايتمش وعساكر عثمانيه‌نك سلاح استعمالى انجق اعداى دين ووطنه‌در يوقسه بروطن اولادينه دكلدر . نته‌كيم جناب پيغمبر اعلاى كلمة الله ايچون احد غزاسنده وجه مباركلرينه [ذره] باطوب قانلر سيلان ايتديكنى تفهيم ايله غزاى مذكورده واقع اولان مغلوبيتك اسبابى عساكر اسلامك آمرلرينه اطاعت ايتمدكلرندن ايلرى كلديكنى اكلاتمشدر . [ولاتحسبن...] آيت كريمه‌سندن دخى بحث ايدوب جهاد فى سبيل

## دەنگدانەوەی تیرۆری سەرنووسەری "سەربەستی" و ڕووداوەکانی ئەستەمبوڵ لەهەندێک ڕۆژنامە و چاپەمەنییە جۆرەبەجۆرەکاندا

وەک وترا، ڕووداوی تیرۆرکردنی حەسەن فەهمی سەرنووسەری سەربەستی، چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانییدا، دەنگدانەوەو کاردانەوەی گەورەی لێکەوتەوە و لەکاتی خۆیدا بووە سەرباسی زۆربەی ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکانی جیهان هەر لە ئەمریکاوە هەتاوەکو ئوسترالیا.

لەم ڕووەوە، ڕۆژنامەی ئەمریکی "THE DAILY MEWS" کە لەرۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٨ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی دووەمی و لەژێر ناونیشانی "هەواڵەکانی بەیانی"یدا، نووسیویەتی : " دوێنێ لەئەستەمبوڵ حەسەن فەهمی سەرنووسەری ڕۆژنامەی سەربەستی لەکاتێکدا خەریکبووە دەچووە ئۆفیسەکەی لەلایەن پیاوێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکراو کوژرا"

ڕۆژنامەی یۆنانیی"LE BUZANTIN" یش لە ١٢ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، نووسیبووی :" پێویستە ئەو هێزە بشکێنین کە لەرێگەی تیرۆرەوە دەیەوێت ئازادیی بۆ نووسین تێکبشکێنێت."

"MANIFEST TACHNAKIZOUNIOU"'یش لەهەمان بەرواردا، نووسیبووی : " لەسایەی ڕژێمی دەستووریدا، لەدایکبوون و بوونی پارتە سیاسییە جیاوازەکان یاسایەکی سروشتییە و نابی پێشێلبکرێت و لێی هەڵبێین. لەبەرئەوە، وێڕای ئەوەی کە ئامانجی هەموو هاونیشتیمانان بەختەوەری وڵاتە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر، ئەستەمە کە دان بەوەدا بنێین کە دەبێت هەموو هاوڵاتیان دان بەهەمان ئەو بیروبۆچوونانەدا بنێن کە پەیوەستە بەو ئامرازانەی بەو ئامانجەی دەگەیەنن. "

هەروەها رۆژنامەی فەرەنسی " Le Lorrian" کە لەرۆژی یەک شەممەی رێکەوتی ١١ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر خانەی هەواڵە سیاسییەکانی رۆژدا نووسیویەتی کە " لیژنەی ئیتحادو تەرەقی بەیانێکی بڵاوکردۆتەوە تیایدا هەموو ئەو گومان و ئاماژانە رەتدەکاتەوە کە لەلایەن رۆژنامە جیاوازەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بەدوای ئامانجی سیاسی کەوتوون".

هەر لە لاپەڕەی دووەمی ئەم رۆژنامەیە، هەواڵێکی لەژێر ناونیشانی "تورکیا سەبارەت بە کوشتنی سەرنووسەری رۆژنامەی سەربەستی، ئەوانەی. تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێک" بڵاوکردۆتەوە کە لەرۆژی ٨ی ئەبریل لە ئەستەمبوڵەوە هاتووە. بەگوێرەی ئەم هەواڵە ٤٠٠٠٠ کەس بەشداری بەڕێکردنی تەرمی حەسەن فەهمییان سەرنووسەری رۆژنامەی سەربەستیان کردووە کە بەشێک لەوانە پارلەمانتارە لیبراڵەکان بوون. لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلەکەی حیلمی پاشای سەدری ئەعزەم بەلای قەرەباڵغییەکەدا بەرەو بابی عالی تیپەڕیوە، خەڵکەکەش خۆیان پێنەگیراوەو رێگریان کردووەو پەلاماری سەیارەکەیان داوەو سوکایەتیان بە حیلمی پاشا کردووەو ویستویانە سەیارەکەی بشکێنن بەڵام ئیسماعیل کەمال و هەندێک لە نوێنەرەکانی دیکەی پارلەمان حیلمی پاشایان رزگارکردووەو خەڵکەکەیان هێمن کردۆتەوە. حیلمی پاشاش ناچار لەو رێگەیە گەڕاوەتەوە.

هەروەها هەواڵەکە دەڵێت کە یەکێتی هێزە لیبراڵەکان و پارتە نەیارەکانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی، تیرۆرکردنی سەرنووسەری سەربەستیان بۆ هەڵمەتکردن دژی ئیتحادو تەرەقی قۆزتۆتەوە.

هەروەها چونکە حەسەن فەهمی سەرنووسەری سەربەستی بۆخۆی لە رەگەزی ئەلبانی بووە، ئەلبانیەکان رۆڵێکی گەورەیان لەو هەڵمەتەدا بینوەو و بەشدارییان لەخۆپێشاندان کردووە.

رۆژنامەی ئوسترالیش ( The Ovens and Murray Advertiser) کە لەرۆژی یەک شەمەی رێکەوتی ١٠ی ئەبیرلی

١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەمیدا و لەژێر ناونیشانی " کوشتنی سیاسی . کوشتنی سەرنووسەرێک لەسەر شەقام نووسیویەتی : " ئەمڕۆ تەلەگرافێک لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتووە کە دەڵێت سەرنووسەری سەربەستی ئەم بەیانییە زوو کوژراوە. پێدەچێت کوژراوەکە بەسەر شەقامێکی شارەکەدا رۆیشتبن لەگەڵ شاکیربەگ، کاتێک پیاوێک لێیان نزیکبۆتەوەو دەمانچەی دەرهێناوەو تەقەی لێکردووەو کوشتویەتی."

لەلاپەڕەی چوارەمی مولحەقی رۆژنامەی نیوزلەندی " GISBONE TIMES" کە لەرۆژی شەممەی رێکەوتی ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە وتارێکیدا بەناونیشانی " پۆخڵەوتی عەبدولحەمید" بابەتیکی لەسەر کۆشکی یەڵدزو کەلوپەلەکانی ناوی نووسیوە پاش لابردنی عەبدولحەمید لەسەر تەخت لەلایەن ئیتحادییەکانەوە. لەوتارەکەدا باس لەوە دەکات کە پێشتر زۆر باس لە گەورەیی و رەفاهییەت و شکۆی ئەو کۆشکە سوڵتانییە کراوە بەڵام سادەیی کەلوپەلەکانی و شێوەو پێکهاتەی دەرگاو پەنجەرەو شوێنی حەوانەوەو حەمام و ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەری دڵ و دەمار خواردوونی، تەنانەت ژووری نووستنەکەی سوڵتانیش شتێکی وانییە شکۆو گەورەیی بنوێنی! ئەم وتارە کاتێک باس لە چوونە سەر کۆشکەکە دەکات، دەڵێت :" ئاشکرایە ئەو کاتە سوڵتان خەریکبوو لەسەر جێگەکەی بۆ پشوو راکشابوو، کاغەزەکانی هێشتا لەسەر زەوییەکە بوون - رۆژنامەی سەربەستی، رۆژنامە حەزپێکەرەکەی سوڵتان، لەسەر مێزەکەی بوو، سەرنووسەرەکەی لەو کاتەوە خنکێنرابوو."

رۆژنامەی " Journal de Salonique" کە لە رۆژی یەک شەممەی رێکەوتی ١١ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، لە شاری سالۆنیک بەفەرنسی دەرچووە، لە لاپەڕەی پێنجی خۆیدا لەژێر ناونیشانی " ئەستەمبوڵ "نووسیویەتی : " وێرای هەوڵەکانی پۆلیس دۆزینەوەی بکوژی حەسەن فەهمی ئەفەندی سەرنووسەری سەربەستی زەحمەت

بووەو ئەوانەشی باسی لێوەکردنیشی بەشێوەیەکە بۆتە دەنهەڵبڕینێکی توند لە رۆژنامەکانەوە."

رۆژنامەی ئەمریکی "The Evening Star" کە لەرۆژی سێشەممەی ریکەوتی ١٣ی ئەبریلی ١٩٠٩دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ستونی کۆتایی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەی بۆ باسوخواسی رووداوەکانی ئەستەمبوڵ و کوشتنی سەرنووسەری سەربەستی تەرخانکردووەو نووسیویەتی :

" ئەستەمبوڵ ١٣ی ئەبریل – ئاڵۆزییەکی جددیی کە کارەکتەرێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە لێرە سەریهەڵداوە.

دۆخەکە مەترسیدارە، سەربازە یاخیبووەکان لەدژی تەلاری پارلەمان خۆپێشاندان دەکەن.

ترس و دڵەراوکێ خەڵکی ئەستەمبوڵی داگرتووەو تەواوی دوکانەکانی شارەکە داخراون.

**یاخیبوون دژی تورکە لاوەکان**

شایەنی باسە، ناوبراو، لەدوا دێرەکانی نامەکەیدا، ئەمانەی خوارەوە دەخاتەبەرچاو : " هەموو کاتێک چاوەڕوانی بەخشندەیی

بەڕێزتان دەکەین و ، تکام وایە، بۆئەوەی کاروبارەکانمان دوانەکەون، داخوازییەکانمان بەجێ بهێنن...چاوەڕوانی بەڕێزتان دەکەین."

ناوبراو لەنامەیەکی تریدا کە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ نوسیویە، دوای ئەوەی دێتە سەر باسی ئەو قەرزە کە لەئەنجامی گەشتەکەی پاریسەوە بۆ ئەتینا لە "مەکی بەگی" وەرگرتووەو، ئەو خەرجیانەش کە بۆ سێ هاوڕێی خۆی کردوون کە هێشتا بەتەواوی شارەزای پاریس نەبوون و ، دوای ئەوەی چەندین هۆی تریش دەهێنێتەوە بەر باس، وەها بەردەوام دەبێ : " بەکورتی، ئێستا بودجەکەمان ٧٠٠ فرانکە(!!!)و خەرجیەکانی پێشتر (!) سەد یا دووسەد فرانکێک ماوەتەوە(!!!) بەکورتی کەمی بودجە هاتۆتە پێشەوە بەرامبەر بەمە، لەلایەکەوە بەهیوای ئەمەی کە یارمەتییەکمان بۆ بێ، چاوەڕوان ماینەوە (!) بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، من دەستم کرد بەدانانی رێ و شوێنی ئیداری پێویست بەداخەوە نە کەس یارمەتی دەداین، نە من بۆ قۆنتەرات و بەڵێندەرایەتی سەرم لەهیچ لایەنێک دەدا. بیرم لە بەکارهێنانی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ ژیانی خۆم کردەوە. خۆی ئەو بڕی پارە تەرخانکراوە، بەزۆری بەشی خەرجی ژیانی دەکرد، بەڵام کاتێک سەد فرانکم لێ کەمکردەوە[و: بۆ رۆژنامە] زیاتر تووشی گیروگرفتی کردم.

لەبەرئەوەی کاتی خۆی لەژێر ئەشکەنجەدا ئازاری زۆرم بینیبوو، لەباری تەندروستیشەوە وەزعێکی باشم نەبوو. پێویست بوو تەگبیرو رێ و شوێنی تەندروستیش دابنێنم. هەموو ئەمانەش، پێویستیان بە پارە هەیە. هەروەها پێویست بوو بەگۆڕان و ساردبوونی هەوا، هەندێک جل و پۆشاکی گەرمیش بکڕم. ئەگەر چەندین جاریش سەرنجی ئەوانم سەبارەت بەم مەسەلەیە راکێشابێ (!) بەڵام دوایی تێ گەیشتم ئەم خەرجییە زیادەی ئەوان قازانج و سوودی ئێمەی تێدا نییە(!!) لەدواییدا قەناعەتم پەیداکرد کە بەوەی هەیە ئیدارە بکەین. بەڵام دواتر هەر نەخۆش کەوتم.

لەبەر ئەوەی کەلوپەلی ژووری نوستن و تەختەکان (تەختی نووستن) زۆر تۆکمە نەبوون و بەرگەی سەرمایان نەدەگرت، بەناچاری دەستێکی تری سێ کەسیم (بۆ خۆمان و خزمەتکارێک) کڕی. (بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دیسان دەکرێ هەر بەمانەشەوە ئیدارە بکەین). سەرەڕای ئەمانە، سێسەدو پەنجا فڕانکی تریشم خەرج کرد. هەموو پسوڵەکانی ئەمانەم لایە(!!!) بەم شێوەیەئیتر بودجەکەمان زیاتر رووی لەکەمی کرد (ئایا ئەمە چ ئارامگرتن و قەناعەتکردنێکە) خۆ هەموو کەلوپەلەکانیش هێشتا هەروا ماونەتەوە. بەڵام پیوستیمان بەپارەی ئامادە هەیە. (بەم شێوەیە!).

لەبەر ئەوە من راستگۆیانە هاوکاری لەگەڵ هەموو کەسێک (نەک تەنیا ئەو کەسانە)دا دەکەم. بۆئەوەی کەمی بودجەکە (بەو شێوەیەی کە دیاری کراوە) پڕبکرێتەوە، تەنیا یەک رێگە چارە شک دەبەم، ئەویش ئەوە بوو کە نامەیەکم نووسی بۆ دایکم لە ئەستەنبووڵ و داوای لێ کرد ئەو خانوەی وا نیو دانگی بە میراتی بۆ من ماوەتەوە، بیخاتە بارمتەو پارەکەیم بۆ بنێرێ.

من دایکی خۆم باش دەناسم، هیوام وایە، ئەو ژنە بەجەرگ و ئازایە، هەرچۆنێک بێ لەماوەی (٢٠-٢٥) رۆژدا پارەکەم بۆ بنێرێ و، بەو جۆرە کەمی بودجەکە پڕ ببێتەوە".

ناوبراو لەدرێژەی نامەکەیدا، وەها دەڵێ: " بەڵام تا ئەو کاتە، بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە کە هاتبوە پێشەوەو، لەبەرئەوەی نەدەتوانرا رۆژنامەکە بەبێ وەستان و دوابەدوای یەک دەربکەین، (خۆی لە خۆی دا ئەو هەلومەرجە دەرکردنی رۆژنامە شیاو نەبوو)، ئەو هەفتەیە دەرکردنی رۆژنامەکەمان دواخست (یانی بە پێچەوانەی پەیمانەکەوە نەجولاینەوە).

لەبەر نەبوونی پارە، نەمتوانییوو ژمارە یانزەی رۆژنامەکە دەربکەم. دەبێ بە ناچارییەکی پر لە ئازارەوە چاوەڕوانی گەیشتنی

پارە لە ئەستەنبوولەوە بکەم، تا ژمارە دوانزەی رۆژنامەکە دەربکەم (ئەگەر بەشێوەیەکی کراوەتر بدوێم، پێم وایە ئێوەش هەستتان بەو ناچارییە دڵتەزێنە کردووە!) بەکورتی، ئەوانەی وا باسم کردن، ناوەرۆک و چۆنیەتی رووداوەکان بوون.

(لەبەر ئەمە درەنگ کەوتنی گەیشتنی پارە، دەبێ بەهۆی جیابوونەوەمان). ئێستا ئەگەر بڕی هەزار فڕەنکمان بەرێگەی حەواڵەی تەلەگرافییەوە بۆ بنێرن، زۆر باش دەبێ. شایەنی گوتنە، دەتوانرێ بڕی ئەو پارەیە، لەبڕی پارەی تەرخانکراو بۆ مانگی داهاتوو هەڵبگیرێ. بەم جۆرە رۆژنامەکەش بەشێوەیەکی بەردەوام دەربچێ و، سەرنجی کەس رانەکێشێ. هەموو کاتێک چاوەڕیی متمانەو سەرنج و بایەخ پێدانی نەجیبانەی ئێوەم بەرامبەر بە خۆم".

ماوەیەک پاریسم بەجێهێشت و، رۆیشتم بۆ کەنارەکانی دەریا لە (هەندای) مەولان زادە لە تەلەگرافێکدا، بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک، داوای هەزار فڕانکی لێ کردم. منیش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی ئەم تەلەگرافەم دایەوە: " لەبەر ئەوەی کێشەیەکی گرنگی وەها پێویستیی بە گفتوگۆو راوێژێکی تایبەت هەیە، تکام وایە تا گەڕانەوەم لەماوەی چەند رۆژێکی تردا، چاوەڕوان بمێننەوە- شەریف"

بەرامبەر بەم وەڵامەی من، دووبارە بەرێگەی تەلەگرافەوە شتێکی تری بۆ ناردوم و، باسی تێدا بۆ کردم کە بە پەلە پێویستی بەو پارەیە هەیە.

منیش دووبارە، لەڕێگەی تەلەگرافەوە بۆم ورد کردەوە کە تا روونکردنەوەی پێویستی لێ وەرنەگرم و هاوڕا نەبم لە هەر کارێک کە دەکرێ، هیچ شتێک ناکەم: "مەولان زادە ئەفەندی، تکایە بەهۆی نامەوە روونکردنەوەی زیاترمان بۆ بنێرن- شەریف"

دوابەدوای ئەمە بۆئەوەی گوزارشت بکات لە دڵگرانی ی خۆی بەرامبەر بە ئێمە، نامەیەکی بۆ کاتبی تایبەتی من ناردبوو:

"ئاغای گەورەو ئازیزم"

ئێوە لەمن باشتر ئاگادارن کە هەموو کاروبارە هاوبەشە سیاسی و ئابوورییەکان و...هتد، هەمووی لەسەر بنەمای ئاسایش و متمانە بەڕێوەدەچن. بەناچاری من هەندێک بەندی پەیمانی مۆرکراو لەگەڵ حەزرەتی پاشادا (واتە شەریف پاشا) و هەندێکی تریش پاشا خۆی جێبەجێی و پێڕەوی نەکردوون. بەمانە، هەندێک ئاستەنگی دەرەکییش زیادبوون. ئەوسا ئیتر بێ بڕوای یەک لە نێوان هەردوولادا پەیدا بوو. لەبەرئەوە ئەو هەستی ڕێزو حورمەتەی کە من بەرامبەر بە حەزرەتی پاشا هەمە، ئەم شتەم پی باش نییەو لێی دڵگرانم. لەبەر ئەوە، ڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی سەرلەنوێ پەیمانەکە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکان، پێویستییەکی گرنگن.

ڕاییکردنی حیسابی رابردوو، بەپێ ی فەرمانی بەرێزتان لەنامەی پێشوودا، شتێکی پێویستە. حیسابی رابردوو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

هەموو ئەو بڕی پارەی ئاقچەیەی کە حەزرەتی پاشا داویە بەمن، بەگشتی بەشی دەرکردنی (١٣) ژمارەی رۆژنامەکەی کردووە. پارەی (١٠) ژمارە لە مانە دراوە بەچاپخانە. پێویستە بوترێ، ژمارەی (١٣) هێشتا دەرنەچووەو، پارەی ئەو دوو ژمارەیەی تریش، بە پێ ی ئاگاداری مۆڵەتی حەزرەتی پاشا خۆی، بۆ هەندێک وردە پێویستی و چەند لاپەڕەیەکی تر کە چاپم کردوون، وەک قەرزی چاپخانە لەلامان ماوەتەوە.

وەهام بیستووە کە حەزرەتی پاشا دوای نامەکەی من کە روونکردنەوەی پێویستی تێدا هەبووە، پارەی ژمارەی(١٢) ی رۆژنامەکەی، بەناوی خودی بەڕێزو گەورەیانەوە داوە. پارەی ژمارەی یانزەی رۆژنامەکەش، ئەگەرچی لەنێو بەڵگەو دەفتەری قەرزەکانی حەزرەتی پاشادا ناسرابوو، بەڕێزیان پەسەندی نەکردووەو، بە لێزانی و تێگەیشتوویی خۆیانەوە، قەرزەکە دووبارە کەوتەوە ئەستۆی من. شایەنی گوتنە، لەو بارەیەوە تووشی

شەرمەزارییەکی گەورە بووم. بەم شێوەیە، ئێستا نزیکەی (٦٠٠) فرانک قەرزاری چاپخانەم. ئەمەش بەگوێرەی پەیماننامەکە وادەکات. ئەم قەرزە پارەی ژمارە (١٣) کە هەمووی دەکاتە (١٦٠٠) فرانک، لەلای حەزرەتی پاشا وا بێتە بەرچاو کە بودجەکە کەمەو نەماوە.

بەم جۆرە، ئەمە هەمووی باری راستەقینەی چۆنێتی مەسەلەکان بوو کە پێشکەشی حەزرەتی پاشای دەکەم. بەڵام راستییەکەی لەبەر ئەوەی لەنامەکانی پێشتردا باسی ئەمانەم بەهەموو وردەکارییەکانەوە کردبوو، دووبارەکردنەوەیان بەشتێکی پێویست نازانم. بەگوێرەی پەیماننامەکە، من قەرزاری حەزەرتی پاشا "شەریف پاشا" و کابرای چاپخانەشم. بەڵام ئەگەر پارەی کرێی خانووی لێ کەم بکرێتەوە، کە پێشتر حەزرەتی پاشا بەڵێنی دابوو بیگرێتە ئەستۆی خۆی و، دواتر خستوویەتە سەر بودجەی گشتی و، ئەگەر سێسەد فرانکی پارەی لاپەرە چاپکراوەکانیشی لێ دابشکێنرێ کە بەرەزامەندی پاشا خۆی چاپ کراون، ئەوا کۆی هەموو قەرزەکە ، لەگەڵ پارەی هەردوو ژمارە (١٣) و (١١) دا، خۆی لە هەشتسەد فرانک دەدات. بەواتایەکی تر، بودجەکەمان بڕی هەشتسەد فرانک کورتی هێناوە ( بڕی حەوت سەد فرانکی ئەمەش، بۆ دانەوەی قەرزەکەی ئەتینا خەرج کراوە، یانی بەشێوەیەکی راستتر، بودجەکەمان تەنیا سەد فرانک کەمیی هەیە). ئەگەر حەزرەتی پاشا بیانەوێ، دەتوانم سەبارەت بەو سەد فرانکەش بەڵگەیەکی رەسمی ی قەرزیان بۆ مۆر بکەم و، کاتێک، وەک پێشتر باسم کردبوو، پارەکەم لەئەستەمبوڵەوە گەیشت، پێیان دەدەمەوە. ئەگەر هات و پارەکەم نەگەیشت، ئەوا ئەمە دەبێ بە قەرزێک کە پێویستە لە یەکەم هەلی گونجاودا بدرێتەوە.

ئێستاش لەبەرئەوەی کە سەری مانگە، ئەگەر وردەکاری ی شاراوەی حیسابەکانی رابردووتان لا پەسەند بێ، پێویستە بەرێزتان بایەخ بەم داواکاریە پچووکەی بەندە بدەن بۆ بەردەوامی ی کاروبارەکان، بەمەرجێک پەیوەندی ی رەسمیمان لەگەڵ حەزرەتی پاشادا هەر لە سنووری کاروباری رۆژنامەکەدا بمێنێتەوە. پێویستە

حەزرەتی پاشا ئەم حیسابەی خوارەوە، کە لەگەڵ حیسابەکەی رابردوودا هیچ جیاوازییەکی نییە، ئیمزا بکەن، بۆ درێژەپێدانی کارو، بۆئەوەی کە هەستی گەورەیی و دەروونم بریندار نەبێ و، کاروبارەکان بە خۆشی و ئاسوودەیی بەڕێوە ببەم .

حیساب

- فڕانک

١٦٠٠ فڕانک وەک کرێ ی مانگێک بۆ دەرکردنی چوار ژمارەی رۆژنامە. بۆ (٤٠ تۆپ لاپەڕەی کاغەزو پێداویستی ترو، هەروەها بۆ خەرجی چاپکردنی لاپەڕەی جیاواز کە هەر دانەیەکی بە ٤٠ فڕانک چاپ دەکرێ. جێ ی قسەیە، خەرجی ی ١٦٠ پۆستەری گشتی و پۆستەی تایبەت، هەر یەکە بە ٤٠ فڕانکە)

٦٠٠ فڕانکیش بۆ دابینکردنی خەرجی ی ژیان و کرێ و نووسەرو کرێ خانوو.

- کۆی گشتی دەکاتە ٢٤٠٠ فڕانک.

تا ئەو کاتەی داوای بەشداریم لە کاروباری کۆمەڵەدا لێ دەکرێ و ، لەم بارەیەشەوە داوای دەکرێ راستەوخۆ یارمەتی ی هیچ لایەن یاخود کەسێکی تر وەرنەگرم (تەنانەت ئەگەر بڕە پارەیەکی زۆریش بێ). پێویستە داواکاریەکانمان، کە هەندێک جار دێنە پێشەوە، بەزووترین کات جێبەجێ بکرێن و، دواتر داوای حیساب بکرێ و، ئەمەش بە مافێک دابنرێ، چونکە لەهەندێک بارودۆخدا دەرفەتی روونکردنەوەمان نابێ. درەنگ خستنی کاروبارەکانیش تا بەرچاوخستنی روونکردنەوە، دەبێ بەهۆی زەرەرو زیانێکی گەورەتر.

براگیان، تکایە بەشێوەیەکی شایستە و دروست ئەم شتانە بە حەزرەتی پاشا رابگەیەنن و، دواتریش بڕیاری بەڕێزیان و چۆنیەتی

هەڵس و کەوتی من بە شێوەیەکی نووسراو دیاری بکەن و بۆم بنێرن. ئەفەندم، هەموو کاتێک بەهیوای سەرنج و بایەخ پێدانی برایانەی زیاتری ئێوەم".

مەولان زادە رفعەت"[24]

شەریف پاشا پێی وایە ئەوە مەولان زادەیە کە پەیمانەکەی خۆی شکاندووەو دەڵێت :

"بەخوێندنەوەی نامەکانی مەولان زادە، بە ئاشکرا روون دەبێتەوە کێ لەپێشدا ئەو پەیمانەی شکاندووە کە خۆی بەشێوەی (پەیمانی شەرەفمەندانە) ناوی هێناوە.

لەهەموو ئەمانەش بەدەر، لەماوەی چەند مانگێکدا بەروونی ئەوە بۆ خەڵک دەرکەوتووە کە مەولان زادە کەسێکە زۆر حەز لە رابواردن و خۆشگوزەرانی خۆی دەکات. ئەوە شتیکی ئاشکرایە کە داواکاریە بێ کۆتاییەکانی بەو ئەندازەیەی کە باسی کردوون، پێویست نەبوون. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لەکاتێکدا زۆر پێویستیمان پێ ی هەبوو، لەناکاو رۆی بۆ سەفەرو گەشت و گوزراو، بەو جۆرەش بوو بەمایەی بێزاری ی هەموو لایەک."

وادیارە رۆیشتنی مەولان زادەو جێهێشتنی شەریف پاشاو دوورکەوتنەوەی لە فیرقەی ئەحرارو دواتر گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ لە ٢٩ی تەموزی ١٩١٢، پاش ئەوەی حکومەتی ئەحمەد موختار پاشا فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ دەرکرد، شەریف پاشای لەمەولان زادە توڕەکردبێ بۆیە لە بیرەوەرییەکانیدا بەچەندین وشەی ناشرین ناوی بردووە. [25]

---

[24] شەریف پاشای خەندان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣-١٠١.
[25] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٢.

پاش ئەوەی مەولان زادە ریفعەت پاریسی بەجێهێشت، گەڕایەوە میسرو لەوێ هاوکاریی خدێوی عەباس حیلمی پاشای بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی سەربەستی دەستکەوت.

پرۆفیسۆر "اكمل الدين احسان اوغلي" لەو کتێبەیدا کە سەبارەت بە تورکەکان لە میسر و کەلەپوری رۆشنبیرییان،بڵاویکردۆتەوە، سەبارەت بە هەوڵەکانی مەولان زادە ریفعەت بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سەربەستی لەمیسر، نووسیویەتی: " مەولان زادە ریفعەت کە لەبەر هەڵستکارانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی بوو، لە ساڵی ١٩١٠دا، ناچاربوو لەپاش رووداوی (٣١ی مارت)ی بەناوبانگ تورکیا جێبهێڵیت. ئەو لەمیسر هەستا بە بڵاوکردۆنەوەی رۆژنامەی (سەربەستی) کە پێشتر ئەو رۆژنامەیە بڵاودەکرایەوە. ئەو بۆ ماوەیەک ئەم رۆژنامەیەی بەناوی (یکی سربستی/ سەربەستی نوێ) لەدوو لاپەڕە بەتورکیی و دوو لاپەرە بە فەرەنسیی بڵاودەکردەوە. پاش ئەوەی رێگە بە مەولان زادە نەدرا لە بڵاوکردنەوەی بەردەوام بێت، کەسێکی فەرەنسیی بەناوی "هێنری غوزیە / Gouze " وەک سەرنووسەر دانرا. وێڕای ئەوەی کە مەولان زادە ریفعەت، حەوت ژمارەی لەو رۆژنامەیە لەمیسر چاپکردووە، ئەو لەو پێناوەدا هاوکاریی خدێوی بەدەستهێنا. بەڵام ژمارەی یەکەمی نەبێ کە لە ١٧ی یەنایەری ١٩١٠دا، بڵاوکراوەتەوە، ئەوانی دیکە نەبینراونەتەوە.[26]

بڵاوکردنەوەی سەربەستی لەمیسر لەلایەن مەولان زادە ریفعەتەوە، دیسانەوە بۆتە هۆی دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی ئیتحادوتەرەقی لە ئەستەمبوڵ و لەهەوڵی رێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو رۆژنامەیە لەقەڵەمڕەوی ئیمپارتۆرییەتەکەدا بەردەوامبوون و وەک پێشوو سزاشیان بۆ هەرکەس دیارییکردووە رۆژنامەکەی پێ بگیرێت، ئەوەش لە چاپەمەنییە ئازادەکانی وڵاتانی دەرەوەدا وەک

[26] الاتراك في مصر و تراثهم الثقافي، تقديم : رجب طيب اوردوغان، طبعة دار الشروق الاولى، القاهرة، ٢٠١١، ص ٣٢٩.

پێشێلکردنی ئازادییەکان و سەرکوتکاریی چاپەمەنیی ئاماژەی بۆ کراوە.

لەو رووەوە، رۆژنامەی فەرەنسی " L Europe Future" کە لەرۆژی شەممەی رێکەوتی ١٢ی مارسی ١٩١٠دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "ئازادی رۆژنامەوانیی و تورکە لاوەکان "دا، نووسیویەتی:

" رۆژنامەی سەربەستی ئازا کە نوێنەری ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەی رژێمە نوێیەکە بوو و لە پایەتەختی ئیمپراتۆرییەکە سڕدرایەوە، ئەو رۆژنامەیە ئەمڕۆ کۆچیکردۆتە دەرەوەو ئەمڕۆ رۆژنامەی ستامبوڵ وتویەتی کە راگەیەندنێکی فەرمیی لە ئۆفیسی رۆژنامەوانییەوە رایگەیاندووە کە هەرکەس ببینرێت کە سەربەستی هەڵگرتووە، ئەوەی کە ئێستاکە دەزانین لە قاهیرە بڵاودەبێتەوە، تووشی سزا دەبێت بە لێسەندنی بڕی ٢ بۆ ١٥ لیرە کە دەکاتە سەدوپەنجا فرەنک...ئەمە ئەو رێگەیەیە کە بەرجەستەی لیبرالیزمی تورکە لاوەکان دەکات، ئەمە ئەو رێگایەیە کە ئیمپراتۆرییەکەی پێ دەبوژێننەوە!!"

وادیارە رۆشنبیرانی عەرەب و لایەنگرانی ئیتحاد و تەرەقییش لەمیسر کە بەوردیی ئاگاداری رەوتی رووداوەکانی ئەستەمبوڵ و خولیا قۆرخکاریی و میلتاریستیی و دەسەڵاتسەپێنیی ئەو رێکخراوەو باڵە سەربازییەکەی نەبوون و لەژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەو دروشمە بریقەدارەکانی پێشکەوتن و جامیعەی عوسمانیی و بەرەو شارستانییەت و دژایەتیی کۆنەپەرستییدا مەستبوون، ئامادە نەبوون پێشوازیی لەکەسانی وەک مەولان زادەو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سەربەستی و دەرخستنی راستییەکان و ئەوەی دەگوزەرێ بکەن و وەک هەوڵێکی ناوەخت و بەقازانجی کۆنەپەرستیی و دژایەتیی بنەماو پرەنسیپەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ لەقەڵەمیان دەداو پشتگیریی سیاسەتی فشارکردنی حکومەتی میسرییان کرد بۆ رێگرتن

لەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەو هەروەها کەوتنە پەلاماری مەولان زادە ریفعەتیش لە بڵاوکراوەکانیاندا.

لەو سەربەنەوە، گۆڤاری (الجامعة) کە فەرەح ئەنتوان دامەزرێنەری بوو، لە بەشی دووەمی ساڵی حەوتەمیدا کە لە یەنایەری ١٩١٠دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە وتاری سەرنووسەریدا بەناونیشانی "لەبارەی باسی عیزەت پاشای ئەلعابید لەمیسرو رێگرتن لە خاوەنی سەربەستی بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەی" تیایدا وتارێکی درێژی دوازدە لاپەڕەیی نووسیوە. لەم وتارەدا سەرەتا باسی سیاسەت و رووەکانی هاتووە کە لایەکیان هەواڵ و رووداوەو ئەوی تریشیان رامان و شرۆڤەکاریی و هەڵسەنگاندنە و گۆڤارەکە هەوڵدەدات لەرووی دووەمیشەوە قسە لەرووداوە سیاسییەکان بکات کە لەدەوڵەتی عوسمانییدا روودەدەن.

پاشتر، دێتە سەر باسی پارلەمان و ئەرکەکانی و بایەخدانی بە مەسەلە گشتییەکان و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ دەزگای جێبەجێکردن. سەرنووسەر، پارلەمانی عوسمانیی بە سەرەتایەک دەزانێت کە چاوی زۆری لەسەرەو هەن لەدەرەوە کە جۆشی ئاگری ئەو کوانوە رۆژهەڵاتییە دەدەن و هەشن بەنهێنی دەیانەوێت بیکوژێننەوە. هەروەها دەنووسێت کە چۆن نووسەر دەتوانێت سەبارەت بە بەم مەسەلە گرنگانەی کە کاریگەریی لەسەر مێژووی رۆژهەڵات هەیە بێ دەنگ دانیشێت.

پاشان وتارەکە دێتە سەر باسی رۆژنامەی سەربەستی و خاوەنەکەی، کە حکومەتی میسریی رێگەی بە دەرکەوتنی نەداوە. ئەو دەڵێت کە سەربەستی پاش راگەیاندنی دەستوور لە ئاستانە دامەزراوەو بە هەڵستکارانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی کردوویانەتە زمانحاڵی خۆیان. ئەم رۆژنامەیە لە ئەستەمبوڵ وەک هاوشێوەی رۆژنامەی فەرەنسی "ئینترنسیجان" سەردەمی رۆشفۆر پەلاماری تەواوی وەزارەتەکانی حکومەتی داوەو بە چاک و خراپ، بەراست و گاڵتە رەخنەی لێ گرتووە. ئنجا دەڵێت کە گەلی عوسمانیی تازە بەسەر

ئازادیدا کەوتووەو وەک گەلی فەرەنسیی نییە کە ئازادیی هەڵقوڵاوی ژیانێتی..لەکاتێکدا ڕۆژنامەی سەربەستی لە ئاستانە نووسیویەتی کە کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی کۆمیتەی کافرە فارمەسۆنەکانەو بەو پرۆژە یاسایانەی لەپارلەمان دەریدەکەن خوازیاری رووخاندنی شەریعەتی ئیسلامییەو ڕێگە لەسەربازەکان دەگرن فەریزەی نوێژ بەجێبهێنن و پارەی حکومەت بۆ خۆیان تاڵان دەکەن و لەخۆشی و خوانەکانیاندا خەرجی دەکەن و سەربازی داماویش بە جلوبەرگی شڕەوە جێدەهێڵن. خەڵکە سادەو ساکارەکەش کە ئەم قسانە دەخوێننەوە زۆربەیان باوەڕی پێدەکەن، هەر بۆیە ئەو پەلامارە بۆ سەر ئەنجومەنی مەبعوسان لە ئاژاەوەی ٣١ی مارتدا کە بۆ خۆشبەختی بەو شێوەیە کۆتاییهات کە خوێنەر دەزانێت.

هەمدیسان وتارەکە دەکەوێتەوە بەراوردکاریی گەلی فەرەنسی و عوسمانیی و دەڵێت : گەلی عوسمانیی وەک گەلی فەرەنسی لەسەر ئازادیی ڕانەهاتووە و لەفەرنسا حکومەت بەهێزەو حیزبەکانیش تۆکمەن و ئەو قسانە ئاسایی وەردەگیرێت. بەڵام گەلی عوسمانیی حکومەتێکی ساوای هەیە کە ناکرێ دەستی لی بەردات لەکاتێکدا هێزە کۆنەپەرستەکان دەیانەوێت لەدژی یەکبگرن. چونکە چەندین کارمەندی باڵای پێشوو هەن کە خەڵکانی دیکە پاش دەستوور شوێنیان گرتونەتەوە و هەزارەها کارمەندی بچۆکلەش هەن کە لە کارەکانیان دەکراون، ئەوانەی لەو دۆخەی پاش دەستوور توڕەن. ئەمە جگە لەو پیرە سیاسەتکارانەی کە ئولفەتیان بە شێوازە کۆنەکەوە گرتووەو لەسەر شێوەی نوێی پاش دەستوور ڕانەهاتوون و لەو ململانییەی نێوان نەوی کۆن و نوێدا لەدژی گەنجان وەستاونەتەوە. هەروەها ئەوانەی بەگەندەڵیی لەرژێمی پێشوودا پێگەو پۆستی گەورەیان بەدەستهێناوەو ئێستاکە بەهۆی یاساوە لەگەڵ کەسانیکی لاتدا یەکسانن. پاشان دێتە سەر پیاوانی ئاینیی و وێڕای ئەوەی کە باسی هەندێکیان دەکات کە بە مەسیحی و موسڵمانەوە لەگەڵ شۆڕشە نوێکەدان، بەڵام هەندێکی دیکەیان بە لەمپەر لەبەردەم کاروانی شۆڕشەکە دەزانێت بۆ

چەندین مەبەست...ئنجا باس لە هەندێک لەنووسەرانیش دەکات کە پێیان وایە خەڵکی هەموو کات حەزی بە رەخنەیە لەدەسەڵات و ئەوانیش کەوتوونەتە رەخنەو خەریکی بەرهەڵستین. کەسانێکیش لەرووی دڵسۆزییەوە بەعەقڵ و دادپەروەرییەوە بەرهەڵستکارن بەڵام لەژێر کاریگەریی پرۆپاگەندەو هەواڵی درۆدان. پاشان دەڵێت: دۆخی پێش راگەیاندنی دەستوور هێندە خراپ بوو، ئێستاکە هەرچییەک هەبێ ناگاتەوە بەو ئاستەی پێشوو و مادام تاقمی کۆنەپەرستیی هەیە پێویستە لەسەرمان گوێ بەوانە نەدەین لۆمەی دەستوور دەکەن و پێمان دەڵێن هەستن داوای مافەکانتان بکەن و رێگە مەدەن ستەمکاریی و قۆرخکاریتان دەرحەق بکەن!ئەوە راست نییە کەسێک بڵێت "هەموو شتێکم پێ بدەن یان هەموو شت دەڕوخێنم و دەگەرێمەوە بۆ کۆنەکە" دەبێت هەر بەرەیەک کەمێک لەمافەکانی خۆی چاوپۆشی بکات هەتاوەکو دەستوور دەچەسپێت و لایەنگرانی کۆنەپەرستیی و پاشەکشە لەو رەتکردنەوەیە تووشی بێزاریی راستیینە دەبن.

سەرنووسەری (الجامعة)، پاش ئەوەی داوای یەکگرتوویی لەهەموو لایەک دەکات لەدژی بەرەی پاشکەوتووخوازیی، ئنجا دێتە سەر باسی مەولان زادە ریفعەت و رۆژنامەکەی و دەلێت :" تەنانەت لایەنگرانی ئەم حیزبەش / مەبەستی رەخنەگرانی کۆمیتەی ئیتحادییەکانە (سەردەشتی) دوانەکەوتوون لە هاندانی رەگەزە جیاوازەکان بۆ هەڵسان و داواکردنی ماف و جیاوگەکانیان. تەنانەت تورکەکانیش لەوانە (وەک خاوەنی سەربەستی) وایان لێهاتووە زیاتر لە عەرەب دڵیان بە عەرەب دەستووتێت، هەروەک لە قسەی مەولان زادە ریفعەتەوە وەریدەگرین کە لەگەڵ یەکێک لە رۆژنامە فەرەنسییەکاندا لە ئەسکەندەریە کردوونی. ئێستاکە خاوەنی رۆژنامەی سەربەستی دەیەوێت لە رۆژنامەکەیدا چیمان پێ بڵێت کە لەنێوماندا بڵاوی دەکاتەوە؟! ئایا دەیەوێت بڵێت کە دڵی بە رەگەزە عوسمانییەکان دەسووتێت و حیزبی ئیتحادو تەرەقیش بەرامبەری نادادپەروەر بووە؟! سوپاس بۆ ئەو غیرەت و دڵ پێ سووتانەی، ئەمە زیاتر لە دوو

دێڕ زیاتری ناوێت، ئەوەشی لە رۆژنامەی (نۆفل) دا بڵاوکردۆتەوەو ئەوەندە بەسە. یان دەیەوێت بیسەلمێنێت کە حیزبی ئیتحادو تەرەقی ستەمکارو زۆردارن و دەوڵەتیان کردۆتە گەمەیەک لەنێوان دەوڵەتانی بیانییدا! ئەمەشی لە پێشوودا لە ئاستانە وتووە و لە دووبارەکردنەوەشدا سوودمەندیی هەیە. ئێستاکەش وەختی ئەم قسانە نییە بەڵکو کات کاتی کارکردنە..جەدەل ماوەیەکی دیکە کاتی دێت، پاش پێنج ساڵی دیکە وەرەوە ئەی چاکەکار و داوای گەنگەشەو موجادەلە بکە! وێڕای ئەوەش پێی دەڵێین : ئومەتی عوسمانیی شێوەی حیزبی دەسەڵاتداری لە ئێستادا بەلاوە گرنگ نییە کە زۆرینەن لە مەجلیسی مەبعوسان و سەیری ناو و نازناوی ناکەین، بەڵکو پێش هەر شتێک حیزبیکی رێکخراوی دەوێت توانای دڵسۆزیی بۆ دەستوور چەسپاندبێت و تواناشی بە کارەکانی نەک بە قسەکانی هەبێ و لە پارلەمان زۆرینە بێت و پیاوەکانیشی پلانیکی دارێژراویان هەبێت لەسەری بڕۆن. سەربکەون و پەرت نەبن، حیزبێکی ئاوامان بۆ بێنن چ ناویکی لێدەنێن بینێن و وابکەن حوکمی ئومەتەکە بکات. ئەگەر لە ئومەتەکەشدا حیزبێکی وەها نەبێت لە غەیری ئیتحادو تەرەقی، وادەزانی ئومەتی عوسمانی و ئاگادارەکانی چوارپێن و عەقڵیان نییە کە کاروباری حکومەت رادەستی حیزبە بچووکەکان بکات کە ئامانجی دژبەیەکیان هەیە و بەهێزی هاوشێوە ململانێ دەکەن، بەوەش سیاسەتی دەوڵەت ئیفلیج دەبێت و پشێویی دەکەوێتەوەو ئەوساش پێویستیی بۆ ستەمکاریی و قۆرخکاریی زۆر دەبێت بۆ گەڕانەوەی نەزم، بەو شێوەیەی کە لەکاتی پارلەمانی یەکەمدا روویدا.

پێدەچێت حکومەتی میسریی وای ببینێت کە ئەوەی خاوەنی سەربەستی لە رۆژنامەکەیدا لە ئاستانە لەپێش ١٣ی ئەبریل (٣١ی مارت) نووسیویەتی، کە ئاستانەی خستە گێژاوەوە، بەس بووە، هەربۆیە لێرە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەی پێنەداوە. ئەویش مافی خۆیەتی کە گازەندە لە دەستێوەردانی حکومەت لە ئازادیی شەخسیی و فشار لەسەر چاپەمەنیی بکات هەتا ئەم رادەیە. ئێمەش

هەرچەندە لە بیرو بۆچوونەکانی لەگەڵی ناکۆکین بەڵام (ڕێگریی لە ئازادیی چاپەمەنیی) یمان پێ باش نییە، هۆکارەکەی هەرچییەک بێت. چونکە وەک دەڵێن ئازادیی (یەکەیەکە و دابەش نابێت). بەڵام پێدەچێت حکومەت ڕێگەی لە ڕۆژنامەکە گرتبێت نەک تەنیا لەبەر ئەو حەزەی بۆ داخستنی دەرکەی پەرتبوون و ناکۆکییە لەنێو میسر سەبارەت بە کاروباری عوسمانیی، نەک وەک تەنیا موجامەلەیەکیش بۆ حکومەتی عوسمانیی کە خاوەنی سەروەرییە لە میسر بەڵکو- دەشێت کە ئەم هۆکارە لە هەمووی گرنگتربێت- چونکە بەرێزیان تۆمەتبارن بە هەڵاتن لە دادگای عورفی سەربازیی لە ئاستانە کە بۆ دادگایی بانگیکردووە و ئەویش ئامادەی نەبووە! ئەگەر ئامادە بووایەو دادگایی بکرایە و دیوانی حەربیە ئەستۆپاکیی ڕابگەیاندایە، گومانمان نەدەکرد حکومەتی میسر ریگەی بڵاوکردۆنەوەی ڕۆژنامەکەی لە وڵاتەکەیدا لێ بگرتایە مادام ئەو بێ (پێشینەی تاوان) بووایە!!

پاشان وتارەکە دەڵێت: ئایا دەتوانرێت لەم بەشەدا قسە لەخاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستی بکەین و بە وشەیەکیش ئاماژە بۆ میوانی نوێی میسر نەکەین کە عیزەت (پاشا) عابیدە!"

بەمشێوەیە وتارەکەی گۆڤاری (الجامعة) بۆ تێکەڵکردنی کاغەزەکان لە مەولان زادە ریفعەتەوە دەپەرێتەوە بۆ سەر پەلامارو هێرشکردنە سەر ئەحمەد عیزەت پاشا ئەلعابید.

جورجی زیدان یش، لەژێر ناونیشانی "حوکمی عورفی و عەرەب لەدەوڵەتی عوسمانیی و دەستوورییدا" نووسیویەتی : " حکومەتی میسریی کارێکی باشی کردووە کە موراعاتی لایەنی حکومەتی عوسمانیی کردووەو ڕێگەی لەخاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستی گرتووە بە ڕێپێدانی ئەو ڕۆژنامەکەی بڵاو بکاتەوە، بەڵام بە بێ ڕێپێدان و بەناوی کەسێکی بێگانەوە بڵاویکردۆتەوە. ئێمە نازانین کە دەوڵەتی ئەو کەسە بێگانەیە یارمەتی دەدات کە ڕۆژنامەکەی بڵاوبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەزانین کە وڵاتانی شارستانیی موجامەلەی ئەهلی

دەستووریی عوسمانیی دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم رۆژنامەیە زمانە تورکییە یان فەرەنسییەکەی کاریگەریی لەسەر عەرەب نییە."[27]

شایەنی باسە، مەولان زادە لە میسر جگە لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سەربەستی، چەندین وتارو نامیلکەو دوو کتێبیشی چاپ و بڵاوکردەوە، کە یەکێکیان ساڵی ١٩١٠و سەبارەت بە رووداوەکانی یەمەن و شۆڕشەکانی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و ساڵانی دوورخستنەوەو زاندانیکردنی خۆی بوو کە بۆ تەڵعەت پاشای وەزیری ناوخۆی ئاراستەکردبوو بەناوی : "يمن حقنده داخليه طلعت بگ افندی يه آچيق لايحه" و دووەمیشیان سەبارەت بە رووداوەکانی ٣١ی مارت بوو بەناونیشانی "انقلاب عثمانيدن بر بيراق ياخود ٣١ مارت ١٣٢٥ قيامی" بوو، لەساڵی ١٩١١ بڵاویکردەوە.[28]

دیارە مەولان زادە، چەند جارێک لەنێوان میسرو پاریسدا لەهاتوچۆدا بوو، تا دواجار لەژێر فشاری حکومەتی عوسمانیی و بەهاوکاریی ئینگلیزەکان، خدێوی میسریان رازییکرد کە فەرمان بە پۆلیسی میسری بکات هەڵکوتنە سەر ماڵەکەی. وەک لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "طنين" ی عوسمانییدا کە لەرۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ١٩ی مایسی ١٣٢٦ بەرامبەر ١ی جونی ١٩١٠دا،چاپ و و بڵاوکراوەتەوەو لەژێر ناونیشانی :"مصرده گلير / لەمیسرەوە هاتووە"نووسراوە کە پەیامنێرەکەیان لەقاهیرەوە نووسیویەتی، چوار پێنج رۆژ لەوەو بەر پۆلیس شوێنی نیشنگەی مەولان زادە ریفعەتی پشکنیوەو دەستیانگرتووە بەسەر تەواوی بەڵگەنامەو کتێبەکانیدا. ئەوان ئەو پێویستییانەیان دەستبەسەرداگرتووە کە بۆ چاپکردنی بڵاوکراوەکەیەتی کە ئیدعای دەکات لەشوێنی ترەوە هێناویتی بەڵام لەبنەڕەتدا لە چاپخانەی ئەلموئەیەدەوە چاپکراوەو بەشێکە لەبڵاوکردنەوەی بیری کۆنەپەرستان. شایەنی وردبوونەوەو پەندە کە

---

[27] جرجي زيدان: الرحلات الثلاث. الآستانة – أوروبا – فلسطين، تقديم : محمد علي فرحات، المركز العربي للأبحاث و درسا' السياسات، بيروت ،٢٠١٧، ص ١٢٧.
[28] اكمل الدين احسان اوغلي، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٧-٢٧٨.

حکومەتی مەشرووتەی عوسمانیی ئەم کارەی بەهاوکاریی ئینگلیزەکان بۆ چۆتەسەر کە شایەنی ڕێزلێگرتنە. ئەوەش هۆکاری وەستانی ڕۆژنامەکەی مەولان زادەیە...ئێستاکە کۆنەپەرستان هەموو یەک یەک ریگەی ئەروپایان گرتۆتەبەر، مەولان زادە ڕۆیشت، عیزەت عابید ڕۆیشت..."

هەروەها ڕۆژنامەی (STAMBOUL) لە ڕۆژی ١١ی مارسی ١٩١٠دا، لەلاپەڕەی یەکەمی خۆیدا هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوەو نووسیویەتی:

"مەولان زادە ریفعەت خاوەنی ڕۆژنامەی سەربەستی بەناوبانگ، لە میسرەوە دەچێت بۆ ئەسینا و لەوێ دەست بە بڵاوکردۆنەوەی ڕۆژنامەکەی دەکات کە لەچاپ و بڵاوکردنەوە دواکەتوبوو."

بەم شێوەیە، مەولان زادە لەمیسر دیپۆرت کراو ناچاربوو ئەوێ بەجێبهێڵێت و ڕووبکاتە ئەسینا. لەوێ لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیاو دواجار لەوێ لەگەڵ هاوڵاتییەکی یۆنانیی عوسمانییدا ڕێکەوت کە لەبواری ڕۆژنامەوانیی کاریدەکرد، دوو هەفتەنامە بەناوی "فاروق" و "جیهاد"ەوە بە چاپخانەی بەردین، بڵاو بکەنەوە، کە یەکەمیان ٣ ژمارەو ئەوەی دووەمیشیان ١١ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. بەڵام فشاری حکومەتی یۆنانیش بووە سەرباری فشارەکانی دیکەو مەولان زادە هەموو ڕێگایەکی لێگیرابوو، توانای گەڕانەوەی بۆ میسرو پاریس نەبوو. شایەنی وتنە، هەر لەم ماوەیەدا بوو کە لەئەستەمبوڵ ململانێی سیاسی تادەهات لەنێو حکومەتی دەسەڵاتداری سەر بەئیتحادو تەرەقی و هێزی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ کە خۆی لەحیزبی تازەدامەزراوی "حریت و ائتلاف / ئازادیی و هاوپەیمانیی" دا دەبنینیەوە، کە لە٢١ی نۆڤەمبەری ١٩١١دا، دامەزراو بڕوای بە عوسمانییەت و ناناوەندگەرایی حکومیی و مافی کەمینە رەگەزییەکان هەبوو، هەروەها بەشێک لەئەندامانی پێشووی حیزبی ئەحراریش گرتبووەخۆ کە لەدەرەوە گەڕابوونەوە. هەربۆیە پێدەچێت ئەوانە پەیوەندییان بە مەولان زادەوە کردبێت و بەهۆی سوڵتان محەمەد

ڕەشادیشەوە، گرێنتی پاراستنی گیانی و سەلامەتیان پێ دابێت و داوای گەڕانەوەیان لێ کردبێت. لەبەرئەوە مەولان زادە ریفعەت بڕیارییدا پاش دوو ساڵ دەربەدەریی و چالاکیی لە دەرەوە دژی ئیتحادییەکان، بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ و خۆی رادەستی پۆلیس بکات و رووبەڕووی دادگا ببێتەوە بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆی.

اجازته المعتادة التي تنتهي في غرة نوفمبر

سكة زراعية ـ شرعت نظارة الاشغال العمومية في انشاء سكة زراعية بين واقوس وصان الحجر بمديرية الشرقية مع انشاء سكة حديدية ضيقة بين تينك البلدتين

عزت العابد — اتصل بجريدة ذي اجبشن مورنن نيوز اشاعة مؤداها ان عزت باشا العابد مقيم الان في الاسكندرية وقد اكترى منزلاً بمبلغ ١٢ الف فرنك في العام واضيف الى هذا الخبر ان مولان زاده صاحب جريدة سربستي التي صدر الامر مؤخراً بالغائها نازل على عزت باشا ضيفاً

وتقر به العيون الحفلة الجميلة التي اقامها حض
الفاضلين فؤاد بك حلمي مأمور مركز منف
والدكتور رزق الله افندي موسى مفتش ص
المركز احتفالا بوداع حضرة العامل النش
باسيلي افندي بقطر المنقول الى وظيفة كاتب
بيوليس مصر . وقد حضر الحفلة كثيرون
ذوي الآداب الراقية والتربية الصحيحة فتبا
كؤوس الهناء والولاء ثم مدت الموائد
حوت ما لذ وطاب من الطعام والشراب .
والكل اسف على نقل عامل امين نشيط
عدهم احسن الآثار واجمل تذكار

لبنان وجيش الدستور — بل
الاكتتابات في جبل لبنان لاعانة ايتام وارا
ابطال الجيش الدستوري الذين قتلوا بسب
الفتنة الاخيرة ٣٨٩١٠ قرشاً



ئەحمەد عیزەت پاشا ئەلعابید

figurent plusieurs personnalités de la haute finance parisienne.

## Le journal « Serbesti »

Le journal turc *Serbesti* publié jadis à Constantinople par Mevlanzadé Rifaat, avait cessé de paraître à la suite des événements du 13 avril. Ce journal a commencé à reparaître ces jours-ci à Paris et renferme des articles très violents contre le gouvernement constitutionnel actuel. Aussi le conseil des ministres a-t-il décidé, conformément à l'art. 35 de la nouvelle loi sur la presse, d'interdire la distribution de cette feuille. Ceux qui seront trouvés porteur de ce journal seront passibles d'une amende de 2 à 15 livres turques.

## Aux Orientaux

Deux personnalités que le gouvernement ottoman a pu toujours trouver prêtes à servir les intérêts de ce pays,



شەریف پاشای خەندان ١٨٦٥-١٩٥١



دکتۆر ڕەزا نوربەگ ١٨٧٨-١٩٤٢

lisme. A Athènes, N. Nicolaïdès, celui-là même qui a été expulsé de Paris pour ses menées hamidiennes, intrigue, complote, inonde la presse et les offices de publicité de sa prose. Nabi bey, ministre de Turquie à Athènes, à qui incombe actuellement la très délicate mission du conflit turco-grec, est-il à même de surveiller les menées de son ami Nicolaïdès ? Ne serait-il un peu gêné, ce ministre plénipotentiaire de la Jeune-Turquie qui, il y a à peine un an, rédigeait des rapports d'espionnage sous la dictée de son patron et bienfaiteur Munir, ci-devant pacha et ambassadeur de Turquie à Paris ?

Ce dernier, du reste, ne chôme guère : avec un noyau de séparatistes et quelques anciens fonctionnaires hamidiens en déconfiture, il fait du journalisme anonyme.


Enfin, nous avons le fameux journal *Serbesti*. Il paraissait à Constantinople avant les journées d'avril. Cette feuille a été le point d'appui, le prétexte du coup d'Etat yildizien, par ses violentes attaques de surenchère contre le Comité « Union et Progrès ». *Serbesti* est venu planter sa cocarde batailleuse sur les rives de la Seine. Il mène ici une campagne acharnée contre les hommes d'Etat de la Turquie Nouvelle.

Ce qui est plus inquiétant, c'est que, de temps en temps des journaux de Constantinople élèvent leur voix au diapason du *Serbesti*. Il n'y a qu'une petite différence de forme, et cela par crainte de la Cour Martiale qui siège à Stamboul.

Voici un spécimen que je relève de la revue des gazettes du journal le *Stamboul*. La feuille, intitulée le *Néologos*, dit :

« A la tempête politique de la semaine dernière a succédé un calme presque plat, qui est favorable à la solution pacifique de la question crétoise. Cet heureux changement est dû à l'attitude énergique des grandes puissances envers le gouvernement ottoman, prise à la suite de la *note provocante* de ce dernier au gouvernement hellénique, et qui, formellement, déclarèrent qu'elles ne permet-

(1) Voir les *Nouvelles* des 24 juin, 2 et 15 juillet, 3 août.



STAMBOUL, MERCREDI 22 SEPTEMBRE

## Faits Divers

**Arrestation d'un réactionnaire.** — Le capitaine de frégate Abdullah bey a fait mettre avant-hier soir en état d'arrestation, au jardin des Petits-Champs le nommé Hussèin Hilmi effendi, directeur-propriétaire du *Serbesti-Izmir*, journal turc paraissant à Smyrne.

L'officier de marine avait fait l'an dernier occasionnellement la connaissance de Husséin Hilmy effendi, alors qu'il se trouvait de passage à Smyrne. Le journaliste smyrniote, arrivé depuis quelques jours à Constantinople, avait rencontré Abdullah effendi lundi soir au jardin des Petits-Champs. Au cours de leur conversation qui roula principalement sur la situation politique du pays, Husséin Hilmy effendi n'avait pas caché son mécontentement et déclaré même que l'« ancien régime restait encore préférable » Husséin Hilmy s'échauffant de plus belle, aurait même dévoilé à demi les intentions criminelles qu'il aurait conçues.

Son interlocuteur, outré de ce langage, appela alors deux policiers militaires et fit arrêter le journaliste smyrniote. Celui-ci, conduit à Galata-Séraï, a été soumis à un interrogatoire. Sa déposition a été communiquée au commandant intérimaire de l'armée d'opérations qui en a référé à la Cour martiale. Le prévenu, fouillé par les agents, a été trouvé porteur d'un grand nombre de numéros du *Serbesti*, de Mevlanzadé, publié à Paris. On croit qu'il est en [illegible]

L'instruction continue.

**L'accident de Buyukdéré.** — Au sujet de l'accident d'embarcation que nous avons relaté avant-hier, un lecteur nous transmet les détails complémentaires suivants :

Les personnes qui se trouvaient dans l'em-



N° 1. — 15 OCTOBRE 1909 — 1re Année

# MECHROUTIETTE

Publié sous la direction de CHÉRIF PACHA

GRATUIT

ORGANE CONSTITUTIONNEL OTTOMAN

JOURNAL MENSUEL

consacré à la Défense des Intérêts Politiques et Économiques et des Droits égalitaires de tous les Ottomans, sans distinction de race et de religion

Adresse Télégraphique : MECHROUTIETTE-PARIS

GRATUIT

## La Constitution en Turquie et les Agissements du Comité


YENI
SERBESTI
Henry GOUZÉE
Henry GOUZÉE
Le Caire (Égypte)
JOURNAL HEBDOMADAIRE
Quelques mots...
سربستی



خدێوی عەباس حیلمی دووەم (١٨٧٤-١٩٤٤)

situation actuelle est intenable. Tant qu'elle ne sera pas modifiée, la paix de l'Europe sera à la merci d'un incident de frontière, coup de fusil imprudent d'un Serbe, d'un Bulgare ou d'un Turc.

Ne vaudrait-il pas mieux en finir tout de suite et régulariser la situation par un Congrès, comme nous le proposions dans notre dernier numéro? Cette idée de la réunion d'un Congrès pour établir un état acceptable, dans les pays situés entre le Danube et l'Adriatique a frappé quelques bons esprits. Nous avons reçu plusieurs lettres qui l'approuvent ou la discutent. Nous en ferons le résumé critique dans notre prochain numéro.

## La Confédération Balkanique

Le *Mali Journal* du 27 février, déclare que la Serbie ne doit consentir à entrer dans la Confédération balkanique que si on lui permet d'acquérir, contre une compensation pécuniaire, le Sandjak de Novi-Bazar.

## La liberté de la Presse et les Jeunes Turcs

Un vaillant journal le *Serbesti* faisait aux représentants du nouveau régime à Constantinople une opposition d'ailleurs fort justifiée. On le supprima dans la capitale de l'Empire. Il émigra.

Aujourd'hui, le *Stambou* dit qu'une note officielle du Bureau de la Presse annonce que celui qui sera trouvé porteur du *Serbesti* qui, comme on sait, se publie maintenant au Caire, sera passible d'une amende variant de 2 à 15 livres turques.

Quinze livres turques représentent environ *trois cent cinquante francs*.

Si quelque mauvais plaisant glisse un numéro du *Serbesti* dans la poche de la redingote d'un vieux Turc,

فاتحة الاحاديث

# الجامعة

الجزء الثاني — السنة السابعة

مجلة علمية اجتماعية تاريخية ادبية

القاهرة — يناير ( كانون الثاني ) سنة ١٩١٠ — محرم سنة ١٣٢٨

## فاتحة احاديث شهرية

## فى المسائل العثمانية

على ذكر اقامة عزت باشا العابد في مصر ومنع صاحب جريدة سرابستي من نشرجريدته فيها

ليست السياسة من مواضيع المجلات كأخبار . ولكن أي كاتب يرى البناء الذي يبنى الآن في السلطنة العثمانية ويطاوعه فكره وقلمه على الوقوف بازاء ذلك البناء وقفة المشاهد المتفرج لا وقفة المتعقب المشارك . وعدا ذلك فالسياسة ضربان . الضرب الاول أخبار وحوادث . والضرب الثاني تأملات وافكار لاستخراج النتائج . ويدعى الضرب الاول في اصطلاح السياسيين ( السياسة البحتة ) ويدعى الضرب الثاني شرح السياسة وفلسفتها . وهذا واجب على المجلات لا جائز لها . فلا جناح علينا اذا فتحنا في كل جزء من الجامعة هذا الباب لهذه الاحاديث الشهرية عن السياسة العثمانية ومسائلها الكبرى

ان البرلمان العثماني يبحث منذ نشأته في الاساس الذي تقوم عليه كل أمة • وجميع منافع الامم العثمانية ومصالحها الكبرى تعرض عليه منفعة منفعة ومصلحة مصلحة ليرى رأيه فيها . فهو يبحث في الحرية ويحددها و يقيدها .والعمل و ينظمه و يضع اللوائح له • ومسائل الجنسيات التي اشتبكت في الدولةالعثمانيه اشتباك الحابل بالنابل ويسعى لتسكينهاوتهدئتها. وتنازع الوزارة والبرلمان السلطة • والامتيازات الاجنبية . واصلاح الوزارات وتطهيرها من ادرانها الاولى .وتوسيع سلطة الولايات او توزيع السلطة عليها. وتتألف فيه الاحزاب وتسقط ثم تنهض الخ الخ — وحول هذه الاعمال اليومية التي هي شغل أهل السياسة الشاغل امم من جنسيات مختلفة تتحرك قياماً وقعودا و تشرئب أعناقها الى زيادة من الحرية والعدل وصلاح الحال .و بعضها يسأم و يتعجل فلا يتمهل. و بعضها ( يسر حسواً في ارتغاء) والافضل ان لا تفسر هذا المثل. وحول ذلك كله. اي حول البرلمان والحكومة والامم المشتبكة بهما المنتسبة اليهما امم كبرى أجنبية تنظر من بعيد الى غليان تلك المراجل الشرقية الجديدة التي يراد منها ان تطبخ لابناء الشرق طعاماً مدنياً حديثاً • وهم يراقبون ما عساه ان يخرج منها . والبعض منهم يشارك بشهامة ( او لمصلحة ) في ايقاد النار تحت تلك المراجل والبعض منهم عمل سرّاً او ما لا لاخمادها .

فكيف يسع الكاتب ان يقف ساكتاً بازاء هذه الحركة الهائلة التي لا مثيل لها في تأريخ الشرق وسيكون لها اعظم تأثير على قارة كبرى بل قارات و يشتغل بعد ذلك عنها بغيرها .

وقد اجتنبنا في الجزء السابق الخوض في المسائل العثمانية لانه الجزء الاول الذي تفتتح به الجامعة حياتها في الشرق بعد عودتها من الاقطار الاميركية • لا سيما وانها قادمة من واقعة سياسية وقعت بشأن جمعية كانت في باريز. والذين كانوا يقرأ ون جريدة الجامعة وهي في نيو يورك و يتذكرون عريضتها الى مجلس المبعوثان التي قدمتها اليه بالنيابة عن نحو ٩٠ مهاجر سوري من أدباء المهاجرين وعليها تواقيعهم بخط ايديهم والجواب الذي ورد عليها بشأن هذه العريضة من جناب العلامة سليمان افندي البستاني الذي كان تقديمها بواسطة حضرته يعلمون المراد بتلك الاشارة •

ونريد افتتاح الكلام بجريدة ( سربستي ) التي أبت الحكومة المصرية الاذن لها بالظهور في مصر وذلك لنقول كلمة نبسط فيها رأينا بسطاً تاماً تظهر فيه الفكرة الاصلية التي يجب علينا ان لا ننساها ولذلك جعلناها محور كلامنا . ان جريدة (سربستي) نشأت

لما كنا نفعل احسن مما يفعلون بل ما كنا نقدر على ان نفعل فعلهم . وعلينا ان نجعل هذه الفكرة نصب اعيننا على الدوام وفقاً لما ذكرناه آنفاً وهي : ما دام في الدولة العثمانية خوف من حزب التقهقر — وهذا الخوف موجود حتى الآن بدليل بقاء الديوان الحربي العرفي — فمن واجباتنا جميعاً ان لا نسمع ملاماً في الدستور بين وان لا نعبأ بالذين يقولون لنا انهضوا وطالبوا بحقوقكم ولا تتركوهم يستأثرون ويستبدون بكم . وهبهم يستأثرون ويستبدون كما يقولون وافرض استبداداً هذا التماسك والاتحاد فيما بينهم على سياسة معلومة يريدون صيانة الدولة بها اذ لا نصان بغيرها في هذه الامة التي هي بابل الامم في هذا الطور الاول من اطوار الدستور فهذا الذي يدعونه استبداداً احب الينا الف مرة من ذاك — وانت تعلم مرادنا بقولنا « ذاك » — ان العثمانيين قضوا مئات من السنين وهم يعاملون كما تعامل الانعام السائمة وكانوا ساكتين فلا يليق باحد ممن يريدون الاصلاح باخلاص وصدق ان ينهض حيناً يعطى الحرية ويقول « اعطوني كل شيء او أهدم كل شيء لاعود الى القديم » وهذا يقتضي ان يتسامح كل فريق في شيء من حقوقه بضع سنوات لكي ترسخ قدم الدستور و ييأس انصار حزب التقهقر من الردة يأساً حقيقياً لرؤيتهم رضى جميع الامة عن الحالة الحاضرة وحينئذ يبقى المجال متسعاً لكل فريق من العناصر العثمانية ان ينهض باسم الدستور وتحت حمايته الى منازعة الحزب الحاكم السيادة والمنافع في الامة . والا فتكون منازعتهم ذلك منذ الآن منازعة تضعفهم وتلقي الشقاق بينهم وتشغلهم عن تأسيس الاصلاح وتطهير الدوائر في العاصمة والولايات مؤدية حتماً الى نصرة حزب التقهقر . ولذلك نرى اعوان هذا الحزب لا يفتأون عن حث العناصر المختلفة على النهوض للمطالبة بحقوقها وامتيازاتها . حتى الاتراك منهم ( كصاحب مربسق ) اصبحوا اشد غيرة على العرب من العرب انفسهم كما يؤخذ من كلام مولان زاده رفعت صاحب مربسقي مع احدى الجرائد الفرنسوية في الاسكندرية . واليوناني تذكر انه صديق قديم للعربي نزحف يجامله ويذكره اختلاط دمهما قديماً في سوريا وما بين النهرين في عهد بزنطيه . والعربي الذي كان موظفاً في الاستانة قبل الدستور ويكره ان ينتدب للعرب ويعاقب بالسجن من يقول انه عربي او سوري اكتشف بغتة في احدى زوايا نفسه عاطفة جديدة وهي التفاني في حب العرب والسوريين . ( سلاطة روسية ) كما يقول الافرنج في امثالهم

منذ بضع سنوات قوي ساعد الملكيين في فرنسا بساعدهم الاكليروس والجيش وذلك في حادثة دريفوس المشهورة . فاجترأ احد الملكيين على ضرب رئيس الجمهورية المسيو لوبه

فاصاب قبحته وحنق بعض رؤساء الجيش على الجمهورية فاصبحوا يتآمرون عليها . فلما رأى الجمهوريون الخطر على الجمهورية تركوا منازعاتهم ومخاصماتهم واتحدوا يداً واحدة لنصرة الجمهورية . واستوى في هذا الاتحاد الجمهوريون والراديكاليون والراديكاليون الاشتراكيون والاشتراكيون الموحدون والاشتراكيون المستقلون حتى الفوضويين انفسهم وبعد ان كانوا جميعاً يتنازعون في مبادئهم ومشاريعهم تنازع الخصوم والاعداء سكتوا بعضهم عن بعض وعقدوا هدنة ووحدوا احزابهم توحيداً وقتياً في حزب دعوه العصابة الجمهورية Bloc. واستمر هذا ( البلوك ) يعمل باتحاد واتفاق في وزارة والدك روسو ثم اميل كومب بضع سنوات حتى أعادت الحكومة النظام الى الجيش والبلاد وسنت قانون الجمعيات الدينية وزال الخطر عن الجمهورية . فعادت الاحزاب الى منازعاتها

فبازاء حزب التقهقر العثماني يجب ان يكون للدستور بين العثمانيين ( بلوك ) ايضاً الى ان يزول الخطر عن الدستور العثماني والحرية العثمانية . وهذا ( البلوك ) هو المهادنة التي اشرنا اليها بين العناصر بضع سنوات

فماذا يريد الآن صاحب جريدة سربستي ان يبلغنا اياه في جريدته التي رام نشرها بيننا؟ . ايريد ان يقول لنا انه غيور على العناصر العثمانية وانه لم ينصفها حزب الاتحاد والترقي ؟ شكراً لغيرته وهذا لا يقتضي اكثر من سطرين وقد نشرها في جريدة النوفل فكفى . ام يريد ان يثبت ( ان حزب الاتحاد والترقي مستبد ظالم وقد جعل الدولة العوبة بين الدول الاجنبية ) فهذا قد قاله فيما مضى في الاستانة وما في الاعادة افادة . وليس الوقت الآن وقت هذه الاقوال كلها بل الوقت وقت الافعال اي تنظيم الوزارات والاستغناء عمن يمكن الاستغناء عنهم من الموظفين في العاصمة والولايات اقتصاداً في النفقات وتطهير المحاكم وتنظيم البوليس لتقوية سلطة الحكومة واقرار الامن وانشاء موارد للرزق زراعية وصناعية وتجارية وتسهيل سبل المواصلات وتقوية مالية الدولة وجيشها وبحريتها . واما الجدل فسيجيء وقته بعد زمن . بعد خمس او ست سنوات عد ايها الفاضل واطلب المناظرة والمجادلة . ولكننا مع ذلك نقول له . ان الامة العثمانية لا تهمها صبغة الحزب الحاكم الآن ما كثريته في مجلس المبعوثان ولا تنظر الى اسمه ولقبه . ولكنها قبل كل امر تريد حزباً منظماً قادراً اثبت اخلاصه للدستور وقدرته بافعال لا باقوال ويكون صاحب الاكثرية في البرلمان ولرجاله خطة مخطوطة يجرون عليها . وينتصرون فلا ينشقون ولا يتخاذلون . ويسقطون فيستمرون متماسكين كالبنيان المرصوص . والامة ونعني المتأدبين والمتنبهين في الامة يحبونهم

ويؤيدونهم . جيئونا بحزب كهذا الحزب وسموه بالاسم الذي تريدونه واجعلوه يحكم الامة . واذا لم يكن في الامة حزب كهذا الحزب غير حزب الاتحاد والترقي اتحسبون الامة العثمانية ومتأدبيها ومتنبهيها انعاماً لا عقل لها لتلقي زمام الحكومة الى احزاب صغيرة ذات اغراض متضاربة تتنازع بقوىً متكافئة فتشل سياسة الدولة وتحل فيها الفوضى وتمس الحاجة حينئذ الى الاستبداد لاعادة النظام كما وقع في البرلمان الاول

ويظهر ان الحكومة المصرية قد رأت ان ما قاله صاحب سربستي في جريدته في الاستانة قبل فتنة ١٣ ابريل التي برح الاستانة بعدها قد كان كافياً فلم تأذن له بنشر جريدته هنا . ومن حقه ان يشكو من تعرضها لحريته الشخصية وضغطها على حرية المطبوعات الى هذا الحد . ونحن وان كنا على خلاف معه في مبادئه لا نستحسن (منع حرية النشر) ايّاً كان سببه لان الحرية كما يقولون ( واحدة لا تتجزأ ولا تنقسم ) ولكن لعل الحكومة منعته من نشر جريدته لا رغبة فقط في سدّ باب الشقاق والنزاع في مصر بشأن المسائل العثمانية ولا مجاملة فقط للحكومة العثمانية صاحبة السيادة في مصر بل ايضاً — وربما كان هذا السبب هو الاهم — لان حضرته متهم وفار من المحكمة العرفية العسكرية في الاستانة التي استدعته لمحاكمته ولم يحضر . ولو حضر وحوكم وبرأ ساحته الديوان الحربي لما كنا نظن ان حكومة مصر تمنعه من نشر جريدته في بلادها ما دام بلا ( سوابق )

وهل في الامكان ان نتكلم في هذا الفصل عن صاحب جريدة سربستي ولا نشير بكلمة الى ضيف مصر الجديد عزت ( باشا ) العابد

ان الامر الذي يسر ذكرهُ كل منصف يراقب الحوادث عن بعد ان عزت باشا لم يفعل فعل صاحب سربستي واجتنب محادثة مراسلي الصحف اجتناباً مطلقاً . واذا صحت الاخبار التي نُشرت عنه كان عمله دليلاً جديداً على ما هو مشهور عنه من الدهاء وحسن السياسة . فقد قيل انه حين وصوله الى مصر زار دولة القومسير العثماني وابلغه رغبته في الاقامة في مصر وانه يود ( زيارة ) الاستانة اذا اذن له بذلك أولياء الامر وانه في مقدمة محترمي الدستور والمعترفين بالحالة الحاضرة . وبعد ان حضر المأدبة التي حضرها ايضاً بضعة من نظار مصر وحصلت بسببها تلك الضجة في مصر والاستانة ذهب ايضاً الى القومسير العثماني وابلغه انه لم يكن عالماً بوجود حضرات النظار فيها ولولا ذلك لما حضرها . فاذا صحت هذه الاخبار فانها تثبت مسالمته لاولياء الامر في الاستانة . وليس لنا ان نقول انه يُظهر امراً ويُبطن امراً فلنا الظواهر والبواطن لله . ولكن الذي لنا ان نقوله هو استغرابنا

Yemen hakkında

یمن حقنده

داخلیه ناظری طلعت بك افندی‌یه

آچیق لایحه

١٧٦
١٧٦

بك افندی :

بو هفته آژانس تلغرافنامه‌لری صنعا ، عسیر ، وحدیده‌نك محاصره ایدلمك اوزره بولندقلرینی اخبار ایتمکله بتون حمیتلی عثمانلیلر کبی بزی‌ده داغدار ایلدی . استقبال وطن حقنده درینجه دوشوندیردی . ظن ایدرزکه دوشونمکه حقلی‌یز . زیرا ادارەمز حاکمیت ملیه اساسنه بنا ایدلمش بر ادارۀ مشروطه‌در . هر عثمانلی کبی بزده ، نزده اولسه‌ق بو حاکمیتك بر جزئی تشکیل ایده‌رز . بناء علیه منافع وسلامت ملیه ووطنیه‌مزی دوشونمك ، اجتهاد وتتبعات مخصوصه‌مزی علاقه دارانك انظار انتباهنه ، اکثریتك قبولنه عرض ایتمك جملۀ صلاحیت اصلیه وملیه‌مزدن اولدیغی تصدیق وقبول ایدلیدر .

بو صلاحیتی محافظه واستعمال ایله یاره‌لرمزی ، دردلرمزی کوروب اخطار ایتمك صورتیله اولسون « عرفان » کوستره‌میه‌جك درجه‌ده مسکنت اختیار ایدرسه‌ك آنی دکل ، حال یله بزم ایچون طوفاندر .

بزده چشم امعان وارسه آرتق کوروب اکلاملی‌یزکه عالم مدنیت بزدن اعتماد وامنیتی قالدیرمشدر ؛ اضمحلالمزه هرکس طرفدار ایتمشدر .

جزیرة العربده دوام ایدن فجایع ، بسیله‌نن آمال واحتراصات تأثیراتیله قورقارزکه حکومتمزك قوۀ اصلیه‌سی اولان « صفت خلافت » تزلزله اوغرامسون . بو صفت معنویه اولمسه حکومتمزك بین الدول موقعی فاس سلطانلغی درکه‌سنه اینر .

...لوم ومنبعی تعیین ایدەجك بر
مجبوردی .
...موناده حکومتدن آرناودلغه بر
...اعزامنی طلب ایتدیکمز زمان،
...یم بیلیر نەدن کولمکه باشلامش
...یتدن حتی قومیسیونه احتیاج
...ین هرشینك اجرا ایدیلەجکنی
...نفسی زماننده صدراعظمه قارداش
...ده بولنان بر مملکت ایچون اویله
...نەمیەجکنی، بی کناهلرك قاننك
...ع ایتمەین کیمسەلرك شایان نفرت
...دم . »

... و بواختلافاتك مبدل ائتلاف
... أك ابی چاره حکومتك تکلیفاتنی
... سلاح ایتمك اولدیغنده عجبا تردد

...ك زمانی چوقدن کچمشدر ، حکومت
...نون حربك تطبیق ایدیلەجکنی اعلان
...علیه مادام که بوقارغشەلقده هر کسه
...باقیله بیلیور، بوتقدیرده آرناود
...رنده اولدیغی حالده اولمکه وجلادلر
...معه قرار ویرمشلردر.
...ین مجادلاته نهایت ویرمك ایچون
...ناودلغه برهیئت تحقیقیه اعزامندن
... حکومت بو صورت حلی قبول
...ـدیرده بالطبع عزت نفسندن
...دایه مجبور قالەجقدر . لکن بو
...کومتك فطانت ودرایت سایەسنی

مسعودیه
دون مسعودیه زرهلیسی طولمه باغچه پیشگاهنه
کلەرك تمیرلنمشدر .

## مصرده کیلر

قاهره مخابرمز یازیور :

مولان زادەنك اقامتگاهی درت بش کون
اول پولیس معرفتیله تحری ایدلدی ، بالجمله
اوراق و کتابلری مصادره اولوندی . نشر
ایتدیکی پاچاورەیی بوراده باصمانه مساعده
ایدلمیور . کندیسی باشقه برده باصدیروب مصره
کتیردیککی ادعا ایدیورسەده ارتجاعیونك
واسطهٔ نشر افکاری اولان معهود المؤید مطبعه
سنده باصدیرمقده اولدیغی محققدر . المؤید
مطبعەسنده باصیلان بو اوراق ملونه ظرفلر
ایچنده هرطرفه کوندرلك ایستەنیلیور . فقط
پوسته ادارەسی فرقده اولونجه بوکاده میدان
ویرمیور .

شایان دقت وموجب استهزا وعبرتدر که
حکومت مشروطهٔ عثمانیەیه بومعاونتی ، بوخدمتی
ایدنلر هپ انکلیزلردر . مولان زادەیه غزته
سنی چیقارمق ایچون کیزلیدن کیزلی یه مخصصات
ویرنلرك ایسه انکلیزلر اولدیغنی البته تقدیر
وتخمین ایدرسکز .

بوراده کی مرتجعلر هپ برر برر آوروپانك
برلی طوتدیلر . مولان زاده کیتدی ، عزت
پاشا کیتدی . مبرده خدیو حضرتلریله برابر
کره ملاقاتدن وعرض وداعدن صوکره کیتدی .

مبالغ مذکورەنك ۳۲۶ سنەسی بودجەسنه
ادخالیله ، فراغ وانتقال معاملاتنك دوائر بلدیەیه
اوغراتیلمەدن اجرا اولونمسی دوائر واردانتك
تناقصنه سبب اولدیغی جهتله باب عالی یه
اشعاریله والیوم استخدام ایدلکده اولان
بش آلتی مأمورینه ، بش آلتی مأموری
دها علاوه وترفیق اولونمسنه دائر هیئت صحیه
ریاستندن موروده مطالعه قرائت اولنەرق احوال
فوق العاده ظهورنده دوائر بلدیه طرفلرندن
اجرتلی آلتی مأمومورلری ده استخدام ایدیله
بیلدیکندن دائمی اولەرق دها بش مأمورك
استخدامنه لزوم اولمادیغنه ، امانت هیئت فنیه
رئیسی موسیو اوریکك پروژەسنك طبع اولنەرق
اعضایه توزیعنه وشهر امانتی نامنه استقراض
اولنان مبالغك بربانقەده امانتجه محافظەسنه
ویدنجی دائرهٔ بلدیه طرفندن لزومی اشعار
ایدلمش اولان ایکی طراق دوەسیله برنجی دائره
اوطەجیلرینك تزیید معاشاتی حقنده دائرهٔ
مذکورەدن کوندریلن تذکرەنك بودجه
تدقیقاتی اکمال ایدلدیکنه مبنی عدم قبولنه قرار
ویرلمشدر.

## بیروت والیلکی

بیروت ولایتی والیلکنه شورای دولت ملکیه
دائرەسی رئیسی نورالدین بك تعیین اولنمش وکیفیت
تعیینی عرض عتبهٔ علیا قلنمشدر .

## تدریسات ابتدائیه

هر نقطهٔ نظردن بیوك برمکملیت عرض

...tes
...ce télégra-
...sée au So-
...iété parle-
...s ministres
...s, Pétroff,
...r acclama-
...de 15 mem-
... parlemen-
...e.
...g. de C.)

...ER

...e Vienne,
...Les funé-
... la Cham-
...Pattai, au
...fait l'éloge
..., ensuite,

... annonce
...que le Dr
...s plus en
... à Vienne
... était ins-
...ancé dans
...cipal d'a-
...(1885) au
...Il se mit
... provoqua

Le général [illegible] pacha, inspecteur des fortifications relevant du 2me corps d'armée, est parti, hier soir, pour Andrinople.

— Nous avons annoncé la nomination de Zia pacha comme ambassadeur de Turquie à Washington. Une augmentation a été portée aux allocations de cette ambassade.

— On a préparé un projet de trois articles relativement à la reconstruction des prisons. D'après ce projet la prison centrale de Stamboul sera transférée à Zeitin-Bournou ; la maison d'arrêt sera transférée dans un local qui sera nouvellement construit près du ministère de la justice. Quant aux prisons en province elles seront divisées en trois catégories.

— Quelques chefs des tribus Haïdaranli ont demandé l'aman aux autorités de Maamouret-ul-Aziz.

— Mevlanzadé Rifaat, propriétaire du fameux *Serbesti*, se serait rendu d'Egypte à Athènes où il aurait commencé à publier son «journal».

— Un incendie a détruit hier soir deux chambres à Sivadji-han, sis à Mahmoud-Pacha, Stamboul.

— Au dernier moment, M. Ch. Laurent, conseiller financier, a remis hier son départ à aujourd'hui. Il quittera donc notre ville par l'Orient-Express.

— Le projet concernant la protection à accorder à l'industrie indigène, après avoir été modifié avait été présenté au grand-vézirat. Ce projet a été adopté et sera soumis à la Chambre.

— On annonce de Tanger que les officiers et sous-officiers, instructeurs turcs au Maroc, qui se trouvaient à Hyaina, ont été rappelés à Fez et seront remplacés par des instructeurs français. (Ag. F.)

— On télégraphie de Berlin que M. Bethmann-Holweg, chancelier de l'Empire allemand, partira pour Rome le 19 mars. (Ag. It.)


فاروق

FAROUC _ ATHÈNES



172
۱۷ شباط ۱۳۲۷
جهاد
برنجی سنه نومرو ۱۲
صاحب و محرری
مولان زاده رفعت
«آدرس»
RIFAAT BEY MEVLAN ZADE
7 Rue Jonos . ATHENES.
ابونه شرائطی
«آدرس»
RIFAAT BEY MEVLANZADÉ
7 Rue Jonos . ATHENES.

## گەڕانەوەی مەولان زادە ریفعەت و خەبات بۆ ئازادیی ژنانی عوسمانیی

لە رۆژی ١٩ی مارسی ١٩١٢دا، رۆژنامەی STAMBOUL لە لاپەڕەی دووەمی خۆیدا و وەک هەواڵێک گەڕانەوەی مەولان زادەی راگەیاندووەو نووسیویەتی :

" مەولان زادە ریفعەت بەگی بەڕێوەبەری پێشووی سەربەستی کە دوای رووداوەکانی ١٣ی ئەبریل چووبووە ئەورووپا، دوێنێ لەرێگەی هێڵی عوسمانیی خدێوی، گەیشتەوە ئەستەمبوڵ. هەر ئەوەنەی گەیشت لەلایەن پۆلیسەوە قۆڵبەستکرا."

هەروەها STAMBOUL لە رۆژی ٢١ی مارسی ١٩١٢دا، هەواڵی دوورخستنەوەی مەولانزادە رادەگەیەنێت و دەنووسێت:

"وەک راگەیەندراوە، مەولان زادە سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی سەربەستی، هەروەها ئەوەی کە قۆڵبەستکردنیمان لەکاتی گەیشتنەوەی راگەیاند، لە رێگەی گەشتی خدێوییەوە رەوانەی مەنفا دەکرێت بۆ بۆرسە دووردەخرێتەوە."

بەگوێرەی هەواڵ و زانیارییەکان، مانەوەی مەولان زادە لە مەنفا نێوخۆییەکەی لە بۆرسە نزیک بە چل رۆژێکی خایاندووەو پاشان لە لێخۆشبوونێکی گشتییدا ئازاد کراوەو رێگای گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبول پێدراوە، وادیارە ئەوەش رێکەوتنێکی نێوان حیزبی حوریەت و ئیئتلاف و ئیتحادو تەرەقی بێت بۆ هێورکرنەوەی ململانێیەکان و ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمان.

STAMBOUL لە دووشەممەی رێکەوتی ٢٩ی ئەبریلی ١٩١٢دا، لەژێر ناونیشانی لێخۆشبووندا، نووسیویەتی:

" بەیانی رۆژی شەممە فەرمانێکی ئیمپراتۆریی راگەیەندراوە بۆ ئەرێکردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە لێخۆشبوونی

هەندەکیی بۆ ئەو زیندانییکراو و دوورخراوە سیاسییانەی لەم لیستەدایە. ژمارەی ئەوانە بۆ ٢٥٠ کەس بەرزدەبنەوە و کە ناو و کارەکانیان لە لیستەکەدا هاتووە."

شایەنی باسە ناوەکان بە موراد بەگی سەرنووسەری رۆژنامەی میزان دەستپێدەکات، ناوی مەولان زادە ریفعەتیش لەنێو لیستەکەدایە.

هەر ئەم رۆژنامەیە لە رۆژی ٢٧ی مایۆی ١٩١٢دا، لەلاپەڕەی ٣ی خۆیدا، هەواڵێکی لە رۆژنامەی یۆنانیی (The Proods)ەوە راگواستووەو دەڵێت کە ئەو رۆژنامەیە زانیویەتی کە مەولان زادە ریفعەت لێخۆشبوونی بەدەستهێناوە، هەروەها پاش چەند رۆژێکی کەم دەست بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەی "سەربەستی" دەکاتەوە."

مەولان زادە، پاش ئازادبوون و گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبوڵ، یەکەمین کاری هەوڵی بۆدا، بریتیبوو لە دەستپێکردنەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سەربەستی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار داواکاریی بەرزکردەوە تاوەکو مۆڵەتی چاپکردنەوەی سەربەستی پێبدەنەوەو ئەو بڕیاری قەدەغەکردنەی لەسەر هەڵگرن کە لەساڵی ١٩٠٩ەوە خرابووە سەری، بەڵام هەموو جارێک لەلایەن دیوانی حەربییەوە داواکەی رەتدەکرایەوە. پاشان دوای توندوبوونی ململانێ سیاسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیتحادییەکان، لەپاش جووڵانەوەکەی "خەلاسکار زاپتان/ ئەفسەرانی فریادرەس"لە ١٧ی یۆلیۆی ١٩١٢دا،[29] کەلایەنگری حیزبی حوررییەت و ئیئتیلاف بوون، هەروەها دامەزراندنی حکومەتێکی غەیرەحیزبیی بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد موختار پاشا، مەولان زادە دەرفەتی گونجاوی بۆ چاپکردنەوەی رۆژنامەکەی دەستکەوت و دوای ١٢ رۆژ جارێکی تر خولی چوارەمی بڵاوکردنەوەی سەربەستی دەستپێکردەوە، ئەوەی بەهەمان رێبازی رەخنەگرانەی پێشووەوە لەرەخنەگرتن بەردەوام بوو. دیارە بڵاوکردنەوەی

[29] بۆزیاتر بڕوانە: ئێریک جەی زوچەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠-١٦١.

سەربەستی لەم خولەشدا هەر چەند مانگێکی خایاند، چونکە لە٢٣ی یەنایەری ١٩١٣دا، ئەفسەرانی ئیتحادوتەرەقی لاوازی حکومەت و شکستەکانیان لە جەنگی بەلقاندا قۆزتەوەو کودەتای سەربازییان ئەنجامدا. بەوەش دەسەڵاتی رەهای ئیتحادییەکان تاوەکو کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانیی لەئیمپراتۆرییەکەدا سەپێنرا، بەوەش ئەو ئازادییە هەندەکییەی کە بۆ عوسمانییە لیبراڵەکان رەخسابوو بەتەواویی پێچرایەوەو کارو چالاکیی سیاسی و چاپەمەنییان وەستا. بەڵام ئەمجارە ئیتحادییەکان بەبەرنامەیەکی تۆکمەترەوە کەوتنەکارو پلانێکیشیان بۆ زنجیرەیەک ریفۆرم لەبواری کارگێڕیی و پەروەردەیی و یاسایی و کۆمەڵایەتیشدا هەبوو کە گرنگترینیان ناناوەندگەرایی ئیداریی و سێکیولاریزەکردنی بواری دادگەریی و فێرکردن و ریفۆرم لەبواری خێزان و بایەخدان بەرەوشی ژنانی عوسمانیی.

سەبارەت بە ژنان، ئاشکرایە کە لەقۆناغی دووەمی مەشروتییەت لەئیمپراتۆریی عوسمانییدا، بەتایبەتی لەسەرەتاکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم و پێش هەڵگیرساندنی یەکەمین جەنگی جیهانی، لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و خولیای مۆدیرنیزەکردن و لیبرالیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا و گەنگەشە ئایدیۆلۆژیەکان، قسەکردن لە مافەکانی ژنان و شوێنیان لەکۆمەڵ و هەروەها دامەزراندنی رێکخراوی ژنان و بڵاوکردنەوەی بیرو بڕوا فیمسنیستیەکان سەبارەت بە خێزان و ئەرکی ژن و خەونە ئایندەییەکانی، بوونە مەسەلەو بابەتێک کە بۆ یەکەم جار بەشێوەی بەرفراوان و زانستییانە لە سەر شانۆی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی، بەتایبەتی لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپارتۆرییەکە، قسەی لێوەدەکرێ و بیرۆکەی نوێ پێشکەش دەکرێ. دیارە هەر لەپەراوێزی ئەم دۆخەشدایە کە دواتر ژنانی کوردیش لەئەستەمبوڵ، تێکەڵ بەم رەوتە دەبن و رێکخراوی تایبەت بەخۆیان بەناوی "کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد" لەساڵی ١٩١٩ دا، دادەمەزرێنن. پێویستە بوترێت کە زۆرینەی هەرە زۆری پێشەنگانی بانگشەکردن بۆ مافی ژنان و

ئازادییان لەئیمپراتۆرییەکە کەسانێکی بەرِەگەز کوردی وەک قاسم ئەمین و دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و زیاگۆک ئالپ و مەولان زادە ریفعەت بەگ بوون.

وەک دەردەکەوێت، مەولان زادە ریفعەت کە لەم قۆناغەدا بواری کاری چاپەمەنیی ئەهلی رەخنەگرانەی سیاسیی لێگیراوە، زیاتر رووی لەچاپەمەنیی بواری کۆمەڵایەتیی و لەوبوارەشدا خەباتی ژنان لەپێناو ئازادیی و مافەکانی کردووە. ئەوەی "ئۆفرا بینگۆ" بە هەوڵێکی جیددی لەو قۆناغەی هۆشیاربوونەوەی نەتەوایەتییدا دەنرخێنێت کە بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزو ئاین ئەنجامدراوە.[30] رۆهات ئەلاکۆم، سەبارەت بە رۆڵی پێشەنگی مەولان زادە لە بواری بانگەشە بۆ ئازادی ژنان و تێکۆشانی لەپێناوی یەکسانی و بەدیهێنانی مافەکانیان، نووسیویەتی:

" یەک لەم کەسایەتییە کوردە سەرنجڕاکیشانەی ئەستەمبوڵ بێگومان رەفعەتی مەولانزادەیە کە لەکوردەکانی سلێمانییە، ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئەستەمبوڵ ژیاوە، لەوێ وەک رۆژنامەنووسێک کاری کردووە. بەم هۆیەوە گەلێک جار گیراوە، دوورخراوەتەوەو بووەتە ئامانجی زنجیرە فشارێکی سیاسی. لەکۆتاییدا دەخرێتە لیستی سەدو پەنجا کەسییەکەوە و دەنێررێتە تاراوگە. تاساڵی (١٩٣٠) کە مێژووی کۆچی دواییەتی ژیانی لەژێر مەرجەکانی تاراوگەیی لە سووریە بەسەر بردووە. رەفعەتی مەولانزادە بەر لەوەی بنێررێتە تاراوگەی سوریا، کچێکی بەناوی (عولوییە) خانم (١٨٩٣-١٩٦٤) خواستووە، دوای هێنانی ناوی دەبێتە عولوییە مەولان، لەساڵی (١٩١٣) ەوە بەڕابەریی عولوییە مەولان، بەناوی جیهانی ئافرەت-ەوە لەئەستەمبوڵ گۆڤارێکی ئافرەتان دەست بەدەرچوون دەکات. ناوە ناوە وەستانی تێکەوتبێ، تا ساڵی(١٩٢١) بڵاوبوونەوەی بەردەوام بووە، نزیکەی (١٩٤) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

[30] OFRA BENGIO: Kurdish awakening : nation building in a fragmented homeland, University of Texas press, Austin, USA,2014, p178.

جیهانی ئافرەتان لەنێو ئافرەتانی عوسمانییدا بێ ئەوەی جیاوازی لە ئاین و ڕێبازی ئاینی و ئەتنیکی بکا، بووەتە دەنگی تەواوی ئافرەتانی عوسمانی. لەم دەمانەدا بەنێو ئەو (وەرزییانە)ی ئافرەتان دەریان کردووە، یەک لە جددیترین و ناسراوترینی گۆڤارەکان (جیهانی ئافرەتان)ە. گۆڤارەکە هەر بەو ناوەوە چاپخانەیەکی هەبووە. وەک دواتر باسی لێوە دەکەین نیزامنامە(پەیڕەو پرۆگرامی) کۆمەڵەی تەعالی ئافرەتانی کورد کە لەساڵی (١٩١٩) دامەزراوە، لەو چاپخانەیە لەچاپدراوە. ئەمەش ئەوە پێشان دەدا کە دەرگای گۆڤارەکە لەرووی هەر هەموو ئافرەتانی عوسمانی والاکراو بووە، ئافرەتی ڕۆم، ئەرمەنی، کورد، ئەرنائوت (ئەڵبانی) و چەرکەس لەگەڵ گۆڤارەکەدا پەیوەندیی جیاجیان هەبووە.

دەرچوونی جیهانی ئافرەت، کاریگەرییەکی زۆر بەرپا دەکا. هەندێک لە ئۆرگانەکانی مێدیای ئەورووپی، شوێنیان بۆ دەرچوونی ئەم گۆڤارە تەرخان دەکرد، بۆ نموونە وەکو: Berlin Tageblat کەلەئەڵمانیا دەرچووە و Dagny کە لەسوید دەردەکرا، Odette Feldmannی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمان، لە ریپۆتاژێکدا کە لەگەڵ عولوییە مەولاندا ئەنجامی داوە، عولوییە مەولان ئەوە رادەگەیەنێ کە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی وەها بۆ یەکەمجار لەلایەن هاوسەرییەوە هاتووەتە گۆڕێ."[31]

بابەتەکە لەژمارە ٣٣ی گۆڤارە سویدییەکەو لە لەرێکەوتی ١٤ی ئۆگۆستی ١٩١٣دا لە ستۆکۆڵم بەناونیشانی "دونیای ژنان و نوریە خانم . گۆڤارێکی ژنانی تورکیی و سەرنووسەرەکەی" بڵاوکراوەتەوە. شایەنی باسە، ئۆدیتا فیلدمان لە ئەستەمبوڵ چاوپێکەوتنەکەی ئەنجامداوە، سەرەتا بەوردیی پێناسەی ئەو گۆڤارە دەکات کە چەند مانگێکە لەئەستەمبول دەردەچێت و لەپێناوی ئازادیی ژناندا تێدەکۆشێت. پاشان باسی ناوەندی دەرچوونی گۆڤارەکەی کردووە کە

---

[31] ڕۆهات ئەلاکۆم، کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن، وەرگێرانی : ئەحمەد تاقانە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٤٨ـ١٥٠.

لەماڵێکدا بووە بە لافیتەی سورو سپی ناونیشانەکەی نووسراوەو لەوێ چاوی بە مەدام مەولان زادە ریفعەت بەگ کەوتووە کە نوریە خانمە، ئەو خانمەی کە هاوسەرگیریی لە گەڵ رۆژنامەنووسی و سەرنووسەری رۆژنامەی سەربەستی، مەولان زادە کردووەو بۆخۆشی سەرنووسەرەو گۆڤاری تایبەت بەخۆی هەیە. ئۆدیتا پاش ئەوەی باسی پێشوازییکردنی دەکات لەلایەن دووخانمەوەو پاشتر نوریە خانمی بینوەو دەڵێت کە پێموابوو ژنێکی تورکیی ئەورووپیزە دەبینم کە چەن زمانێکی بێگانەوەی وەک ئینگلیزیی و فەرەنسیی و سویسری لەدایکییەوە فێربووبێت، بەڵام هەر ژنێکی ئاسایی تورکی بینوە کە چەند بەڵگەو پیزانینێکی لەلایەن بەرپرسانی تورکییەوە پێدراوەو وەک گەنجینەیەکی بەنرخی بنەماڵەکەی پاراستوونی. هەروەها باس لەکات و شوینی کارکردنی ژنەکان دەکات و ئایندەی بەردەم ژنانی تورک کراوە دەبینێت.

دوای ئەوەی ئۆدیتا لەگەڵ نوریە خانم دەکەوێتە گفتوگۆ، پرسیاری لەبارەی جلوبەرگی ژنانی تورکیی و حیجابەوە لێدەکات و ئەویش بە پارێزەوە وەڵام دەداتەوە و پێی وایە پۆشینی هەر بەرگێکی سادە و داپۆشینی سەرو گەردن ئاساییە تەنانەت ئەگەر بەرگی ژنە لادێییەکیش بێت و بۆخۆشی لەسەرکردنی شەبقەی پێ خۆش نییە. دواتر باس لەو بابەتانە دەکات کە نوریە خانم رەوانەی گۆڤارەکەی کردوون بۆ بڵاوکردنەوە، لەوانە : مافی ژنان لە یۆنانی کۆن، هەروەها بابەتێکی بەناونیشانی "بەرەو پێشکەوتن" لەگەڵ چەند شیعرێکدا. لەم دیدارەدا، جوانی رەونەقی رووی نوریە مەولان سەرنجی ئۆدیتای راکیشاوەو پێی وایە ئەو پێچەوانەی زۆربەی ژنانی تورکە کە بەهۆی ئەوەی هەوای پاک هەڵنامژن و لەژینگەیەکی داخراودا دەژین رەنگیان زەردو رووخساریان لاوازە. هەروەها پاش پرسیار لەوەی چۆن نوریە خانم ئەو هەموو زانیارییە فێربووە، نوریە خانم رایگەیاندووە بۆخۆی زۆر هەوڵدەدات و دەخوێنێتەوەو مێردەکەشی زۆر شتی فێرکردووە، هەروەها وتویەتی کە پێی خۆشە لە سەفەرەکانی مێردەکەیدا بۆ دەرەوە

لەگەڵی بێت و سەبارەت بە "پیرە لوتی"ی چیرۆکنووسی فەرەنسی ناودار هەر لە نووسینەو تورکییەکانەوە ئاشنای بووەو ئامانجی گۆڤارەکەشی لەپێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و هاندانی پەرەوەردەیەکی مەعقولە لەخێزانداو هاندانی ژنانیشە کە کاربکەن و بە رەنجی شانی خۆیان بژین، نەک تەنیا هەر لەماڵ دابنیشن و پشت بە مێردەکانیان ببەستن. دواتریش ئەو باسی لەوە کردووە کە بۆخۆی هیچ منداڵێکی نییەو کاتی خۆی بۆ گۆڤارەکەی تەرخان کردووەو راشیگەیاندووە کە دەستوەردان لە سیاسەت و حیزبایەتیی ناکەن و بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەش هی مێردەکەی مەولان زادە ریفعەت بەگە.

دیارە کۆمەڵێک ژنی خاوەن بەهرەو قەڵەم لەم گۆڤارەدا بابەتیان بڵاودەکردەوە، لەوانەش جگە لە عولویە مەولان: ئازیز حەیدەر، ئەمینە سەحەر، موکەرەم بەلقیس، نیعمەت جەمیل، عەتیە شوکران،عەلیە جواد، سەدیقە عەلی رەزا، نەبیلە عاکیف، سەفیە بیران و یەشار نەزیهە بوون.[32]

جیهانی ئافرەتان، کە لە (٢٨ی مایسی ١٩١٣) دامەزراوە و ئۆرگانی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی بەرگریی لە مافەکانی ئافرەتان : (Mudafaa-I hukuk-I Nisvan Cemiyeti) بووە کە بەرگریی لە مافەکانی ئافرەتان دەکرد کە خاوەنی مافی یەکسانن لەگەڵ پیاواندا. ئەم کۆمەڵەیە دەرگاکانی بۆ هەموو ئافرەتە عوسمانییەکان دەکاتەوەو بێ ئەوەی جیاوازیی ئاین و رێبازی ئاین بە بەرچاوەوە بگرێ لەپێناو هەر هەموو ئافرەتانی عوسمانی لە تێکۆشاندا بووە. بۆ نموونە ئافرەتێکی بەرگریکاری مافەکانی ئافرەتان کە ناوی نەزیهە محێدین بووە رەخنەی لە عولوییە مەولانی ئەندامی ئەکتیڤی کۆمەڵەکە گرتووە، بەوەی کە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن رفعەتی مەولانزادەی هاوسەری

[32] SONGÜL KEÇECİ KURT, II. MEŞRUTİYET DÖNEMİ OSMANLI KADIN DERGİLERİNDE AİLE VE EVLİLİK ALGISI, BELLETEN: DÖRT AYDA BİR ÇIKAR, Cilt : LXXIX, Sa. 286, Aralık 2015, s 1077.

عولوییەوە مەولانەوە دامەزراوە، بەو جۆرە هەوڵی داوە، عولوییە مەولان گچکە بکاتەوە. ئەگەر پێویست بە چڕکردنەوە هەبێ، لەبارەی کۆمەڵەی بەرگریی لەمافەکانی ئافرەتان (جەمعییەتی مودافەعەی حقووقی نسوان)یش و ئەو گۆڤارەی جیهانی ئافرەتانیش کە کۆمەڵە دەریکردووەو ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون لەبارەی رەخنەو رەخنە لێ گرتنەوە، رفعەتی مەولانزادە کە رۆشنبیرێکی کوردە، وەکو کەسایەتییەکی گرنگ دێتە بەرچاوان.

لەم گۆڤارەدا کەناوی جیهانی ئافرەتانە، ناوە ناوە بابەتی ئافرەتی کوردیان لەبابەتی ئافرەتاندا جێ بۆ دیدو بۆچوونی کوردەکان کراوەتەوە. لەژمارەیەکی گۆڤارەکە روونەپۆشینی ئافرەتانی کورد و جل و بەرگی ئافرەتان و جیاوزییەکانی لەکوردستان سەرنج رادەکێشێ.

لەم ساڵانەدا، ئافرەتێک (کچێک) بەناوی (بەلقیس خانم) بۆ یەکەم جار کە سواری فڕۆکە دەبێ بە ئاسمانەکانی ئەستەمبوڵدا دەفڕێ. ئەم بابەتە لەم ساڵانەدا دەبێتە رووداویکی گەورە. لەژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەدا ئەوە رادەگەیەنرێ کە رفعەت مەولانزادەی رۆشنبیری کوردو سورەیا بەدرخان، کەوتوونەتە پەیوەندی کردن بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و رێیان بۆ ئەم فڕینەی بەڵقیس خانم خۆش کردووە...لە ژمارە (١٠٠) ی گۆڤارەکەدا، لەبارەی ئەو ئافرەتە کوردەی ناوی قەرەفاتمەیە... نووسینێک لەبارەی ئەو سەفەرەی ئەستەمبوڵییەوە دەردەچێ و لەنووسینەکەدا کوردبوونی قەرەفاتمە دیاردەکا. لەلایەکی دیکەوە وێنەیەکی قەرەفاتمە کە ساڵی (١٨٦٧) لەگۆڤاری ( Le Tour de Monde)دا دەرچوو بوو لەم ژمارەیەدا دەبێتە وێنەی سەربەرگ.

لەهەندێک ژمارەی ئەم گۆڤارەدا کە ناوی (جیهانی ئافرەتە)ە ناوناوە پەندی پێشینان و قسە بەناوبانگەکان بڵاودەکرێتەوە، بۆ نموونە لە ژمارەی (١٢٣) ...هەندێک قسەی گرنگی هەندێک لە سیما کوردە ناسراوەکانی وەکو عەبدوڵلا جەودەت، کامەران بەدرخان و ئەحمەدی

خانی بڵاودەکریتەوەو لێرەدا ئەحمەدی خانی وەک شاعیرێکی کورد دەناسێنرێ. لە (١٢٢) ژمارەی جیهانی ئافرەتاندا، نووسینێکی ئافرەتیکی کوردی بەناوی (فاتۆ نالی) یەوە دەردەچێ. فاتۆ نالی لە نووسینەکەیدا باس لە کوردێکی بەدیل گیراو دەکا. ئەم کوردە بەستەزمانەی ناوی قاسم بووە لەجەنگی بالکاندا بەدیل کەوتووەتە دەست بولگارەکان. لە رۆژنامەکەدا وێنەی قاسمیشی تێدایە، ئەو نیگەرانییەی تووشی بووە، لەوێنەکەدا بەروونی دیارە. فاتۆ نالی لە نووسینەکەیدا دەیەوێ سەرنج بۆ ئازاری قاسم و ئەو مرۆڤانەی وەک قاسمن رابکێشێ.[33]

هەروەها سەبارەت بە چالاکیی مەولان زادە ریفعەت بەگ لەم بوارەو تایبەت بە بابەتەکانی، ئاڵاکۆم دەنووسێت : " لەبابەتێکی سەرنجڕاکێشدا، لەژمارە (١٦٣) بەولاوە، رفعەت مەولان دەبێتە بەرێوەبەری گۆڤارەکە. لەلایەکی دیکەوە، بە ئامانجی ئەوەی سەرلەنوێ بەرپرسیاریەتییان بە بیری پیاواندا بهێنێتەوە، رفعەتی مەولانزادە ئەم جارەیان ساڵی (١٩١٤) گۆڤارێکی دیکەی بەناوی جیهانی پیاوان"ارککلر دنیاسی" دەردەکا. یەک لەگەورەترین ئامانجەکانی گۆڤارەکە هێنانەدی نزیکبوونەوە بووە لەنێوان جیهانی ئافرەتان و جیهانی پیاواندا. گۆڤارەکە بڵاوکردنەوەی چەمکی (جیهانی مرۆڤ) بەناو کۆمەڵدا بەئامانج دەگرێ."[34]

لەراستییدا گۆڤاری جیهانی پیاوان تاقە ژمارەیەکی لە ١٩ی یەنایەری ١٩١٣دا، دەرچووە و تیایدا هەوڵی پێشاندانی کێشەی ژنان دراوە لە دیدو تیڕوانینی پیاوانەوەو هەوڵدراوە بەرپرسیارێتیی پیاوان لەهەمبەر ژناندا وەبیری پیاوان بهێنرێتەوەو هانی پیاوانی داوە کە هاوکاری ژنانی عوسمانیی بکەن لەبەدیهێنانی مافەکانیان و گەیشتن بەخەونەکانیان، جگە لەوەی باسی گرنگی خێزان کراوە وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و پاشان چۆنێتی پێکهێنانی خێزان بە شێوەی

[33] رۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١-١٥٢.

[34] رۆهات ئەلاکۆم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

سونەتی لە کۆمەڵگای عوسمانیدا ڕەخنەکراوە بەوەی کە لەلایەن چەند دەلاڵێکەوە ڕێکدەخرێت و هەرەیەک لەپیاو و ژنەکە ئاگادارنین و وەک ئەوە وایە کە گرێبەست لەنێوان دوو تەرمدا ببەسترێت کە هیچ هەست و سۆزێکیان بۆ یەکتری نییەو خێزانێکی پڕکێشەو خەمباری لێ دەکەوێتەوە. مەولان زادە ریفعەت بوونی هاوسۆزیی و هاوفیکریی و هاومەزاجی و هاوشێوەکانی دیکە، بە پێویستیی گرنگ لە بنەماکانی خێزان زانیوە، هەربۆیە داوایکردووە کە پیاوان و ژنان لەپێش هاوسەرگیرییدا پێویستە یەکتری بناسن و لەیەکتر تێبگەن، بەویست و ئیرادەی خۆیان یەکتری هەڵبژێرن، هەر ئەوەشە بنەمای خێزانێکی بەختیارو سەرکەوتوو پێکدێنێ و وادەکات ژن و پیاو بتوانن وەک خێزانێک لەژێر بنمیچێکدا بژین و بەردەوام بن. بۆئەوەش چەندین وێنەی خێزان و هاوسەری هاوچەرخی لەو گۆڤارەدا دابەزاندووە کە ئاماژەن بۆ خۆشەویستی و بەختەوەریی و یەکسانی.[35]


مەولان زادە ریفعەت بەگ، یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە دەگمەنانەی سەردەمەکەی خۆی کە بەوردیی بیری لە کێشەکانی ژنانی کۆمەڵگاکەی کردۆتەوەو پاڵپشتیی خۆی بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان و خەباتیان لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانیی پێشانداوە. هەروەها داوای کردووە کە توێژە نەخوێندەوارو نەفامەکانی کۆمەڵگا لەو کێشەیەو مافەکانی ژن بەئاگابهێنرێنەوە، ژنان دەبێت لەکۆمەڵگای عوسمانیی هەروەک ژنانی دنیای هاوچەرخ شوێنی شیاوی خۆیان لەتەواوی پێگەکانی ژیان بەدەستبێنن و لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە تەواوی مافەکانیان بێننەدی و پیاوی پابەندکردووە بە پشتگیریی ئەو خەباتەی ژنان. لە رووەشەوە پێی وایە کە گۆڤاری جیهانی پیاوان دەتوانێت ئەرکی هۆشیارکردنەوەی پیاوانی عوسمانیی سەبارەت بە مافەکانی ژنان و تێڕوانین لە کێشەکانیان بەشێوەیەکی ڕۆشنبیرانە ببینێت و بانگەشەی جیهانێکی نوێ بکات کە دژی هەڵاواردنی رەگەزیی و

---

[35] Mithat Kutlar, "Osmanlı Kadın Dergileri ve Erkekler Dünyası Dergisi", Ankara Üniversitesi KASAUM Fe Dergi, 2/2,(2010), S7-9.

پوازلێدان بێ لە نێوان ژن و پیاودا بەو بیانووەی لەرووی فیزیکییەو تایبەتمەندییەکانیانەوە لەیەکتری جیاوازن. ئەو بانگەشە بۆ جیهانێک دەکات جیهانی مرۆڤایەتیی بێت و یەکسانی رەگەزیی لەرووی یاسایی و ئینسانییەوە تێدا بەدیبێت و لەوەشدا ئومێدی بە لاوان و نەوەی نوێ و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی و خوێندەواریی بووە لەنێویاندا. [36]

[36] هەمان سەرچاوە، ل ٩-١٠.



à l'exception du *Sabah*, nos
...cs ne se livrent à aucun com-
...opos de la loi sur la presse,
... Conrart le silence prudent.
... par contre tous les frais de

...vention et la Russie

...e, le *Tanine* analyse longue-
...essives tentatives russes de
... après avoir affirmé que toute
...e paix comportant l'annexion
...aine à l'Italie sera repoussée
...e-Porte, ajoute :

...sera la situation des puissances?
...llectivement, violant la neutralité
...ne attitude hostile contre nous?
... d'elles, la Russie par exemple,
...lle séparément, et de quelle fa-
...visage les mobilisations russes
...le rappel de Constantinople d'un
...rcophile avec son premier drog-
...duit à croire que la Russie pré-
...ention.
...lle attitude serait de nature à
... conflit entre les deux gouverne-
...ais l'Empire ottoman ne pourrait
... devant des menaces étrangères
...on droit de souveraineté sur la

— M. Pristch, nouveau délégué des bonholders allemands au conseil de la Dette publique ottomane, est arrivé à Constantinople et est déjà entré en fonctions.

— M. Belym, inspecteur des prisons en Belgique, a été décoré de la 3me classe du *Médjidié*.

— Assim bey, directeur du service pénitentiaire au ministère de l'intérieur, a été nommé membre titulaire de la Société générale des prisons de Paris.

— Il est inexact que l'amiral Lambrey ait été désigné comme successeur de l'amiral Williams pacha.

— Mevlan Zadé Rifaat bey, ancien directeur du *Serbesti* qui s'était rendu en Europe après les événements du 13 avril arrivait hier à Constantinople par l'*Osmanié* de la Khedivial Mail Line. Aussitôt débarqué il fut mis en état d'arrestation et conduit à la préfecture de police.

— M. Pissard, directeur-général de la Dette Publique ottomane, a visité hier Naïl bey, ministre des finances et M. Crawford, conseiller financier.

— Les amis de Riza Tewfik bey lui ont offert avant-hier soir un dîner chez Tokatlian, à l'occasion de sa libération. Et ce n'est qu'un commencement des « compensations ».

— L'ambassadeur d'Angleterre a visité hier le baron Marschall von Bieberstein, représentant de

concert qu'il compte
dès remplaçait M. F...
Sabri bey, empêché
concert, a été rempl...
une jeune virtuose,
Nous avions sou...
les qualités précieu...
cette pianiste, mais n...
eu l'heur de l'entend...
cha nous a charmé ...
en interprétant avec
*concerto pour 2 piano...*
Mlle Babayan pa...
agilité et tous les pas...
ficiles dont était héri...
jeune virtuose les a...
plus grande aisance...
précis et fort bien nu...
Des applaudissem...
salué ce morceau. ...
ment Mlle Babayan
avons un regret à f...
ne se fasse que trop r...
Et après avoir not...
braves artistes Il est
celui qui sans nul co...
ce régal artistique : ...
du Mº G. Hegyei. Il
comme lui seul sait ...
charmeur, passionn...

chaîne à Paris et au congrès des Beaux Arts, qui se réunira à la fin de cette année à Munich.

— On annonce que Mevlanzadé, ancien directeur-rédacteur en chef du *Serbesti* et dont nous avons annoncé l'arrestation à son arrivée, lundi matin, par le paquebot du Khédivié, sera envoyé en exil à Brousse.

— Le sénateur Moussa Kiazim effendi, ex-chéikh-ul-islam, a eu hier une entrevue avec Talaat bey, gérant du ministère de l'intérieur.

## de Paris

marché est irrégulier. Des
ent sur la rente française
itre 93.80. Fonds interna-
exception de la rente ita-
n nouveau recul à 93.90.
. Transvaal 45. Balla 375.
lent 401 francs.
(Ag. N.)

## LITIQUE

### les Dardanelles

continue avec raison à
ernement impérial et
es intéressées. La fer
aux navires de com-
une grave atteinte aux
ies de l'Empire. Et
dit que la Sublime-
isposée à rouvrir le
e international. Mais
obstacles qui anni-
olonté. Des informa-
salant en effet la pré-
de navires ennemis
man.
Porte a reçu encore
orçant que des ba
taliens croisent aux
Tout cela empêche
ure du chenal. D'ail-
rquer que dès le dé-
gouvernement impé-
u des traités établis,
létroit pour assurer
itale. Mais pour évi-
e tant au commerce
u pays, il avait per-
commerce le passage
jour où l'ennemi est
nstration intempes-
t.
inistres a consacré
ande partie de sa
cette question. La
e par Saïd pacha,
eil a d'abord exami-
int de vue du droit
nis reconnaissent au
endre telle mesure
la défense du pays.
connaissent égale-
blime Porte de fer-
s d'une attaque ou
t contre la capitale.
traités concernant
t été étudiés à la
nistres ont été tous
leur désir de voir
a navigation com-

Husséin Hassib effendi, directeur-général des postes et télégraphes ; Sinapian effendi, adjoint au ministre des travaux publics ; le Dr Féridoun effendi, Mazhar effendi, Rushdi effendi, tous les trois anciens généraux de brigade, rayés des cadres ; Osman effendi, ancien général de division et gouverneur de Médine ; Robert Yezedjian effendi, directeur du bureau des statistiques au ministère du commerce et des travaux publics ; Saïd bey, adjoint au secrétaire-général du susdit ministère ; les journalistes Ismaïl Faïk ; Fuad Chukri beys, Husséin Hilmy, [illegible] effendi ; Mevlan zadé Rifaat bey, directeur du *Serbesti* ; la femme de Chérif effendi ; Hassan Tahsin effendi, mouhassébedji de la caisse des retraites ; Mufid, frère de Hamdi, ancien gouverneur de Scutari ; Abdulkérim Hadi effendi, membre du conseil de l'instruction publique ; Izzet bey, directeur du palais impérial de Yildiz ; le commissaire de police Bedros Sézaï effendi ; Kémal bey, directeur de la presse intérieure ; Hakki et Djémal beys, censeurs de journaux ; Fazil bey, fils de Hassan pacha, ancien ministre de la marine ; Evanghélos oghlou Panayoti, directeur de l'école grecque de Yalova ; Yani, de Nigdé ; Ghénédjiolopoulos, directeur de l'école grecque à Guevguéli ; Yorghi, fils de Vassil, de Galata. Parmi les autres se trouvent un très grand nombre de militaires rayés des cadres et des hodjas ou softas.

### La question crétoise

Le gouvernement hellène a donné l'assurance à la Sublime Porte qu'il n'acceptera pas à la Boulé les représentants de la Crète qui arriveraient à Athènes.

### La mobilisation de l'armée russe

Le gouvernement russe continue à concentrer sur la frontière de Kars ses troupes de Kazan.

L'ambassadeur ottoman à St-Pétersbourg, Turkhan pacha, eu, dans le courant de la semaine dernière, une entrevue à ce sujet avec le ministre des affaires étrangères russe, M. Sassonow. Le ministre a de nouveau affirmé que les troupes arrivées au Caucase n'étaient destinées qu'à compléter le corps d'armée de cette région. Turkhan pacha a communiqué cette affirmation à la Sublime Porte.

Il ressort des informations parvenues ici de St-Pétersbourg, disent les journaux turcs, que la Russie renforce aussi la division de Sébastopol.

nam bey, gran
etc., etc.
Depuis Do
rête de la Lib
ué par les tro
les indication
ramme que n
Le cortège
enceinte rése
erté, à 1 h. 4
On remarqu
satisfaction du
l'enthousiasme
jets sans distin
au devant de
bonheur de fê
saire impérial.
A l'apparition
troupes présent
berté présentèr
les musiques j
Après un cou
périale, c'est-à-c
est donné à Mal
commencer le d
Aussitôt la mu
périale et le cor
premier corps d
place en tête de
de marche de
Liberté, et s'ava
bey, chef d'é
Remzi bey, ains
ahman et Fua
heval.
Arrivé devant
lu premier cor
jesté et vient p
avillons impéri
lent.
Voici d'abord
imère si fécond
mpeccable, l'ent
ière attitude,
carlate, emblè
nt dans les cœ
dent si bien le
oïsme de la na
nagnifiques de
llure ces jeun
bientôt l'armée o
es horizons touj
ur les champs d
acte, et toujours
t antique réputa
eur confiée à le
Ils sont imméd
lets de Couleli,
iés.
Puis, c'est le t
'Ecole du génie
nergiques comm
'Ecole navale et
ous remarquable
itre par un ense
ui dénotent un

de Turquie à Vienne, a été nommé par l'empereur d'Allemagne grand officier de la *Couronne de Prusse*.

— Le *Proodos* apprend que Mevlanzadé Rifaat bey, qui a été amnistié, recommencera dans quelques jours la publication de son journal *Ser besti*

— L'*Indépendant* de Salonique annonce que quelques professeurs ou maîtres d'école bulgares des vilayets de Salonique et d'Andrinople, condamnés par les tribunaux, seront expulsés du territoire ottoman.

— Le gouvernement britannique aurait remis à Tevfik pacha, ambassadeur ottoman à Londres



نوریە عولوییە مەولان (١٨٩٣-١٩٦٤)



رێکخراوی بەرگریی لەمافی ژنان

"I den eviga mänsklighetens namn" börja dessa vackert textade intyg. Därefter nämnes fostermodren vid namn och hon tackas i statens namn för hvad hon gjort för nationen och för släktet. Intygen undertecknas af de officierande ministrarna och man förvarar dem som dyrbara familjedokument.

Måndagen den 23 juni besöktes Nagyvarod, en vacker och liflig liten stad. Vi mottogos af representanter för staden, och jag blef genast förestälId för ordföranden i K. P. R. och hörde till min glädje hvilken plats kvinnorna intaga i stadens lif. En klok och duktig ung kvinna, som har en rätt framskjuten ställning i ett finansiellt företag, lyckades för kort tid sedan förmå styrelsen att ändra de kvinnliga biträdenas arbetstid. Förut räckte deras kontorstid till kl. 8 på aftonen, nu få de sluta kl. 6. Hon påpekade därvid, att flickorna, om de hade någon tid för sig själfva, säkerligen skulle arbeta med mera lust och energi, mera intensivt. Hon hade rätt, som styrelsemedlemmarna medgifvit, och för mig är det en glädje, att kvinnor öfverallt i världen numera begära och ofta lyckas ernå en mänskligare tillvaro för sig själfva och sina medsystrar.

På aftonen hölls ett rösträttsmöte i Nagyvarods rådhus, och dagen därpå gjorde vi det omnämnda intressanta besöket i Nagyszalonta och därpå åtskilliga besök i barnens fosterhem.

— — — Jag vill sluta med att meddela en sak, öfver hvilken jag är viss att Ni skola glädja Er med mig.

Och det är, att i Ungern behöfver intet barn dö af hunger och ingen mor duka under af förtviflan. De som ansvara för ledningen af den präktiga, lifaktiga nationen ha upptäckt, att landet ej äger större värden än dess söner och döttrar och att sörja för dessa under uppväxttiden är att öka hela nationens hälsa och rikedom. Jag hörde också, att ehuru männen från början startade detta system på grund af omtanke om släktets tillvaro, ha de alltjämt sökt råd och hjälp af kvinnor, och detta åter har resulterat i att kvinnorörelsen alldeles påtagligt gått framåt.

---

## *Till Dagnys läsekrets i landsorten.*

***Som Dagny önskar vara ett enande band mellan Sveriges kvinnor samt har till sitt mål att tillvarataga allas intressen på skilda platser, få vi härmed uppmana våra läsarinnor i landsorten att de, för att underlätta denna vår uppgift, ville till tidningens redaktion insända sådana notiser, som utöfver lokalintresset innehålla saker af vikt för kvinnorörelsen i dess helhet.***

# Kadinlar Dünjasse och Nurieh Hanum.

**En turkisk kvinnotidning och dess redaktör.**

"Kadinlar Dünjasse". Detta är turkiska och betyder Kvinnornas värld, och det är namnet på en daglig tidning, som sedan några månader ges ut i Konstantinopel, redigeras af en kvinna och hvars program är: kvinnornas frigörelse.

Man kan förstå, att det skulle vara lockande nog för en kvinnlig journalist, tillhörande ett af de s. k. kulturländerna, att under sin vistelse i Konstantinopel uppsöka sin turkiska kollega, den kvinnliga chefredaktören för Kadinlar Dünjasse, och taga reda på efter hvilka linjer och på hvad sätt hon söker arbeta för sina instängda turkiska systrar.

Det är också detta som Odette Feldmann, medarbetare i Berliner Tageblatts veckobilaga Frauen-Rundschau, gjort, och vi taga oss friheten att här meddela hennes egen beskrifning på hennes intervju med Kadinlar Dünjasses redaktör, Nurieh Ulvieh Hanum.

Adressen visade hän till en afkrok i det vackra Stambul, ett litet torg, omgifvet af gamla förfallna hus och hvars enda prydnad var ett par stycken vanvårdade träd. Ett af husen var dock påfallande bättre byggdt än de öfriga, och en skylt med turkisk inskrift i hvita och röda bokstäfver gaf det ett visst anseende. Detta var också i själfva verket det hus, hvari tidningens tryckeri, redaktion och expedition, såväl som Madame Rifaat Beis alias Nurieh Hanum, privatvåning inrymmes.

Nurieh Hanum är själf gift med en journalist, Mewla-Na-Sade Rifaat Bei, redaktör af tidningen Serbesti. Det är från denna tidnings tryckeri Kadinlar Dünjasse utgår.

Men låt oss nu följa med Odette Feldmann på hennes besök och lämna ordet åt henne.

På höger hand i entréen för en med linoleummatta belagd trappa upp till "Haremlik", den för kvinnorna reserverade delen af huset. Det är här som Nuriem Hanum — i förbigående anmärkt sin mans enda hustru — inrättat sin redaktionsbyrå. Rummen ligga två trappor upp. Vid öfversta trappan taga tvenne damer emot oss. Den ena svartklädd, med stora, melankoliska ögon i ett påfallande blekt ansikte, den andra i blått, med frisk färg och små, intelligenta ögon. De taga oss i hand och gå därpå framför oss genom ett ofantligt långt förmak, där det endast finnes några stolar samt divaner längs väggarna, för öfrigt är rummet alldeles tomt. Man skulle kunnat tro sig vara i en danssal. Så stiga vi in i arbetsrummet, som likaledes är möbleradt med endast några stolar samt väggdivaner, plus ett amerikanskt skrifbord.

Den svartklädda damen försvinner, och vi ana nu att den blåklädda är Kadinlar Dünjasses redaktör. Vi taga plats på en divan, och så börjar samtalet. Vi hade tänkt oss att i spetsen för kvinnornas tidning finna en af dessa europeiserade turkinnor, som tala tyska, franska och engelska som sitt moderspråk, med förtjusning läsa Pierre Loti och berätta om sina resor i Europa. Men Nurieh Hanum förstår endast turkiska, något som hon nästan med stolthet omtalar. Hon har aldrig

**Arbeta för Dagny**

*genom att gynna dess annonsörer*



velat följa med sin make på hans utländska resor, och hon känner Pierre Lotis namn endast genom turkiska tidningsartiklar. Det hela tyckes mig emellertid dubbelt så intressant, då jag finner att det är en turkinna, stolt öfver sin turkiskhet, ej påverkad af västerländska emancipationsidéer, som arbetar för kvinnornas frigörelse.

Jag frågar Nurieh Hanum efter hennes tidnings tendens. Hon svarar: Att föra mina systrar ut ur okunnighet, skaffa dem utväg att förtjäna sitt uppehälle, väcka deras insikt om nödvändigheten af en förståndig uppfostran, visa dem en högre tillvaro än deras nuvarande passiva existens såsom en mans hustrur — detta är målet med min tidning. Vi ha mycket att göra, Madame.

— Och regeringen har inget att invända mot Era sträfvanden?

— Tvärtom! Regeringen uppmuntrar oss. Man är, som det tyckes, mycket belåten med vårt arbete. Emellertid syssla vi på intet sätt med partipolitik. Min make spelar censor för oss och stryker allt som äfven på det aflägsnaste sätt verkar politik.

Nurieh Hanum omtalar därefter, att det var hennes make, som väckte tanken hos henne på att ge ut en kvinnotidning. Hon har inga barn och således godt om tid, som hon gärna ville använda på något nyttigt sätt. Hon hade redan tidigare varit medarbetare i turkiska tidningar, och nu skrifver hon dagligen ledaren i sin egen. Medarbeterskor fattas ej. Hvarje dag medför en omfattande post, ur hvilken Nurieh Hanum och hennes sekreterare (damen i svart) väljer ut det bästa; på chefredaktörens skrifbord ligga omkring hundra artiklar färdiga för trycket. De ha skickats in från de mest skilda delar af Turkiet. Äfven på läsarinnor är det ingen brist. Kadinlar Dünjasse går ut i en daglig upplaga på 5,800 exemplar.

Samtalet afbrytes för ett ögonblick. En turkisk tjänstflicka i röd kamkofta, kort kjol och med utslaget hår bjuder omkring turkiskt kaffe i små persiska skålar, som man måste placera i små silfverställ. Nurieh Hanum själf tar inte något.

Samtalet fortsättes. Vi tala om de turkiska flickskolorna, och Nurieh Hanum förklarar, att en utvidgad undervisning för flickor är en af hufvudpunkterna på tidningens program. Nu lära våra flickor endast att läsa och skrifva och något handarbete, säger hon, vi begära, att man tar de europeiska skolorna som mönster. För att uppfostra till ålder komna turkiska flickor och kvinnor till nyttigt arbete, ämna vi grunda ett stort varuhus i Stambul, hvilket skall skötas uteslutande af kvinnor. Jag skall själf öfvertaga ledningen af det. Alla försäljerskor och arbeterskor skola vara turkinnor. På det sättet skola vi lära kvinnorna, att arbete ej är någon skam. De turkiska kvinnorna förstå inte det af sig själfva.

— Och på hvad sätt har Ni förvärfvat alla Era kunskaper, Hanum Effendim?

Jag har lärt mig det mesta själf. Redan som flicka läste jag mycket. Sedan har min man lärt mig en del. Jag ägnar hela min tid åt studier. Jag promenerar ogärna och går nästan aldrig utom porten. På sex månader har jag inte satt min fot på gatan.

Jag ser förvånad på Nurieh Hanums friska, rosiga ansikte. Man finner endast sällan bland turkinnorna, som nästan alla äro sjukligt bleka, så friska färger. Och det hos en, som nästan inte alls rör sig i det fria.

Tjänarinnan i den röda kamkoftan kommer tillbaka. Vi dricka en kopp te med kakes. Men Nurieh tar inte heller denna gång något. Det tyckes som om det inte vore artigt om värdinnan i Turkiet åt tillsammans med sina gäster.

Till slut börja vi tala om dräktfrågan. Man skulle trott att en turkisk feminist skulle ställa sig fientlig mot den för alla turkinnor föreskrifna dräkten. Men Nurieh Hanum vill inte höra talas om en revolution på detta område. Dock ville hon ha bort de ohygieniska svarta slöjorna. Hon hade inte heller något emot att kvinnorna äfven i staden skulle bära landtdräkten, ljusa slöjor om hufvud och hals och en lång, brokig klädnad, som höljer in figuren. Men att begagna hatt, som de otrogna, visa hår och hals — aldrig!

— Det skulle vara mig omöjligt, sade Nurieh Hanum, af detta skäl, framför allt har jag aldrig velat resa till Europa. Jag i hatt — afskyvärdt! Jag skulle dö af skam!

Min följeslagerska och jag se öfverraskade på hvarandra. Skola vi hastigt ta af oss våra hattar för att skona henne från den förhatliga synen. Men hon småler redan mot oss. Och hon ber, att jag skall komma ofta till henne och prata med henne.

Vi stiga upp och taga afsked. Nurieh Hanum skyndar hastigt framför oss genom det långa förmaket till trappan, där den svartklädda damen åter uppträder. Nytt afskedstagande, denna gång med handtryckningar. Därvid öfverlämnade Nurieh Hamun en packe tidningar, alla de nummer af Kadinlar Dünjasse, som hittills kommit ut.

Jag vill ta ett nummer på måfå ur packen och här redogöra för dess innehåll. Det är n:r 5. Som ledare den femte i en serie artiklar af Nurieh Hanum öfver kvinnornas ställning genom historien, denna handlande om kvinnornas rättigheter i det gamla Grekland. Vidare en artikel benämnd "Mot framåtskridandet", hvari utvecklas att endast genom kvinnornas framåtskridande kan staten räddas. Härpå följa en liten skiss med illustrationer, "Den lilla Bediahs frestelse", två dikter, "Det röda baneret", ett förhärligande af den osmanska halfmåneflaggan, och "Till de olyckliga männen", en uppmaning till männen att gifva kvinnorna de rättigheter, som religionen förkunnar dem. I öfrigt fylldes innehållet af notiser, upplysningar, råd, m. m.


Odette Feldmann slutar sin beskrifning af Kadinlar Dünjasse och dess redaktör med att uttala som sin åsikt, att denna måttfulla kvinnorörelse, som hållit sig fri från öfverdrift och dum efterhärmning af utlandet, otvifvelaktigt är det riktiga för Turkiet och att man måste önska framgång åt sträfvanden, som gå ut på att väcka upp turkinnan ur hennes halfslummer och uppfostra henne till allvarligt arbete. Och, tillägger hon, lyckas Nurieh Hanum att realisera sina drömmar, skall en gång Kadinlar Dünjasse nämnas med ära i Turkiets historia.

På förekommen anledning får redaktionen meddela, att det är referat af fröken Anna Sörensens föredrag vid Fredrika-Bremer-Förbundets årsmöte, som återges i nr 32 af Dagny.

*Annonsera i DAGNY!*



ئەحمەد سورەیا بەدرخان ١٨٨٣-١٩٣٨





پنجشنبه — نومرو: ۱۰۰-۱۸ جمعه ایرتسی ۱٦ تشرین ثانی ۱۳۲۹ — ۲۹ ذی الحجه ۱۳۳۱

صاحب امتیاز: ن. علویه مولان

قادینلر دنیاسی

KADINLAR DUNYASSI "MONDE FÉMININ" "Constantinople"

بلقیس شوکت خانم افندی — عثمانلی کنج قادینلرینك ایلك قهرمانی

وێنەی بەڵقیس شەوکەت خانم بەبەرگی گۆڤاری جیهانی ئافرەتان

برنجی سنه — نومرو: ١٠٠ ١٦ جمعه ایرتسی ٢ تشرین ثانی ١٣٣٠ — ١٥ ذی الحجه ٣٣١

نسخه‌سی
٦٠ پاره‌در

آدرس
نور عثمانیه جوارنده
مروی مسجد
نومرو ١١
مطبعه
گوندریلان مقالات
درج ایدلسون ایدلمسون
اعاده ایدلمز

صاحب امتیاز: ن. علویه مولان

# قادینلر دنیاسی

نسخه‌سی
٦٠ پاره‌در

آبونه بدلی
سنه‌لکی پوسته اجرتیله
١٠٠ آلتی آیلغی ٦٠
غروشدر
ممالک اجنبیه ایچون
سنه‌لکی ٣٨ آلتی آیلغی
٢٠ غروشدر


KADINLAR DUNYASSI "MONDE FÉMININ" "Constantinople"

قادینلق حقوق ومنافعنی مدافعه ایدر، جمعیتی گوزلری عمرانه اوزرینه مصور غزته‌در
محافظه‌ جنس ومذهب تفریق ایتمکسزین محترم عثمانلی خانملری آثاریه کشاده‌در




حیات عائله‌دن بر صحیفه موسیقی

Kadın Eserleri Kütüphanesi
ve Bilgi Merkezi Vakfı
1990




وێنەی قەرەفاتمە لەسەر بەرگی گۆڤاری دنیای ژنان



٦ كانون ثانی ١٣٢٩ – ٢٢ صفر ١٣٣٢

نسخه‌سی ٦٠ پاره‌در

# ارككلر دنياسی

احمد شوقی دیش متخصصی

بەرگی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "جیهانی پیاوان

## دەرکەوتنەوەی مەولان زادە ریفعەت لە پاش جەنگ و بەشێک لە چالاکییە سیاسیی و ڕۆژنامەوانییەکانی

پاش کودەتای ئیتحادییەکان لە یەنایەری ١٩١٣و سەپاندنی دەسەڵاتی رەها و تاکرەوی خۆیان بەسەر ئیمپراتۆرییەکەو وابەستەکردنی باڵادەستی تۆرانیزم وەک ئایۆلۆژییاکی رەگەزپەرستیی و فراوانخوازیی فەرمیی حوکمی دکتاتۆریی سێکوچکەی ئەنوەر-تەڵعەت-جەمال پاشا و وابەستەکردنی دەوڵەتی عوسمانیی بە ئەڵمانیای فراوانخوازو گلاندنیان بە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، کە کارەساتێکی گەورەی بەسەر جیهان و گەلانی ئیمپراتۆرییەکەدا هێنا، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بەتەواوەتی لەم قۆناغەدا کپکراو رێگە بەهیچ بیرو چالاکییەکی دژبە دەسەڵات و بڕوای فەرمیی ئیتحادییەکان لە دەوڵەتی عوسمانییدا نەدرا. بەڵام پاش شکستی عوسمانییەکان لەجەنگدا دۆخەکە گۆڕانێکی خێرای بەسەرداهات.

مەولان زادە، کە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە ژیانی لەو قۆناغەی سەرەوەدا بەرچاو ناکەوێ وادیارە وەک هەر ئازادییخوازێکی دیکەی کورد و عوسمانیی، چالاکی و کاری سیاسی لێ قەدەغەکراوە. بەڵام دوای شکستی ئیمپراتۆرییەکە لەجەنگ و هەڵاتنی سەرانی ئیتحادییەکان، راستەوخۆ مەولان زادە لەسەر شانۆی سیاسی و چالاکی بەرهەڵستکاریی و ئازادییخوازیەکانی دەردەکەوێتەوە. ئەو کە هەمیشە نەیارێکی سەختی ئیتحادییەکان بوو، هەموو ئەو کارەساتانەی کە لەماوەی دە ساڵی پێشوودا بەسەر وڵاتدا هاتبوو، بە ئۆباڵی ئەوانیدا دەداو پێی وابوو کە ئەوان راستە لەجەنگەکە دۆڕاون بەڵام لەنێوخۆدا، خواست و ماتەوزەیەکی گەورەیان هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخەکەو بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات لەقاوغێکی تردا. هەروەها مەولان زادە کە بۆ خۆی لە فیرقەی حوریەت و ئیئتیلافەوە نزیکبوو، پێی وابوو ئەوانیش لەدۆخێکی وادا نین کە بتوانن درکی ئەو کارەسات و نەهامەتیی و لەمپەرە قورسانەی

داهاتوو لەبەردەم وەرچەرخانێکی نوێی ئیمپراتۆرییەکە و گۆڕانی ریشەیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییدا بکەن. لەبەرئەمە، هەر زوو دوای جەنگ بڕیاریدا کە خۆی و ژمارەیەک لە هاوبیرەکانی وەک : ئەمین عالی بەدرخان، عەزیر بابان، راجیب بەگ و محەمەد فایەق بەگ، کە دوژمنێکی سەرسەختی ئیتحادییەکان بوو، هەفتەیەک پێش راگەیاندنی فەرمی ئاگربەستی مۆدۆرۆس، لەرۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا، دامەزراندن پارتێکی سیاسی رادیکاڵ بەناوی (رادیقال عوام فرقەسی / پارتی رادیکاڵی خەڵک) رابگەیەنن[37] و رۆژنامەیەکی رۆژانەش بەناوی "انقلاب بشر / شۆڕشی مرۆڤ" وەک زمانحاڵی پارتەکە لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٨هوە، چاپ و بڵاوبکەنەوە، کە خودی مەولان زادە خاوەن و بەڕێوەبەری بوو.

لەپاش سەرکوتی تەواوی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵات لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، دامەزراندنی پارتی رادیکاڵی خەڵک بەسەرۆکایەتیی مەولان زادە ریفعەت بەگ، یەکەمین رێکخراوی سیاسی ئۆپۆزسیۆنە کە لەدەرەوەی پارلەمان دامەزراوەو جەخت لەسەر گۆڕانکاریی ریشەیی بکاتەوە. ئەم پارتە پێی لەسەر یەکسانی تەواویی رەگەزەکانی عوسمانیی و هاوڵاتییبون و ناناوەندگەرایی سیاسی و پێداگرتن لەسەر بەها نیشتیمانییەکان و دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازادو ناچینایەتیی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی ستراکتۆرێکی نوێ بۆ حکومەت دادەگرت.

---

[37] بۆ زیاتر بڕوانە :

Bünyamin KOCAOGLU: MÜTAREKE İSTANBULU’NDA ADEM-İ MERKEZİYETÇİ BİR OLUŞUM: RADİKAL AVAM FIRKASI, Muhafazakar Düşünce Dergisi yil 2006, Cit 2, S181-180.

رۆژنامەی "انقلاب بشر"یش کە لەرۆژی ٢٧ی یەنایەری ١٩١٩ەوە، ناوەکەی گۆڕاوە بۆ "حقوق بشر / مافی مرۆڤ" وەک زمانحاڵی پارتی رادیکاڵ، کۆمەڵێک هەواڵ و باسی زۆر گرنگ و تایبەتی لەخۆگرتووە، ئەم رۆژنامەیە کە لەدوو لاپەڕە پێکهاتووە، جگە ناساندنی بەرنامەو ئامانجەکانی پارتی رادیکاڵ و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی رۆژ و ئەو وتارانەی سەبارەت بە مەجلیس و حکومەت و گۆڕانکارییەکانی، سەبارەت بە هەواڵەکانی دەرەوەو کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلان و قسەکردن لە ئاگربەستەکەو هەواڵی شاری ئەستەمبوڵ و ویلایەتەکانیش، زانیاریی لەخۆگرتووە. لەوەش زیاتر هەواڵی شکست و هەڵاتنی سەرانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی و پەردە هەڵدانەوە لەسەر تاوانەکانیان دژی گەل و وڵات و پێداگریی لەسەر دامەزراندنی دادگا بۆ سزادانیان و هەواڵەکانی بابەتی جیاواز بڵاوکراوەتەوە. هەروەها چەندین وتار بۆ دەرخستنی مێنتەڵیتە و زهنیەتی ئیتحادو تەرەقی و روونکردنەوەی پایە نوێکانی لیبراڵی حوکمی هاوچەرخ و باسکردنی عەدالەت و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و پێداگریی لەسەر فرەرەگەزیی ئیمپراتۆرییەکە، بەتایبەتی شاری ئەستەمبوڵ کە بەشاری یۆنانیی و ئەرمەنیی و مۆزائیکێکی رەگەزیی وێناکراوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

شایەنی باسە، ئەم رۆژنامەیە چەند بابەتێکی زۆر گرنگی لەو قۆناغەدا بڵاوکردۆتەوە، کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە. بۆنموونە، لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی ٢١ ی خۆیدا، کە لەرۆژی هەینی رێکەوتی ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا، چاپ و بڵاکراوەتەوە، بابەتیکی لەژێر ناونیشانی "اوراق وارده. ژین کرد مجموعەسی محررلرینە / کاغەزە هاتووەکان. کۆمەڵەی دەرهێنەرانی ژینی کورد "بڵاوکردۆتەوە باسی گرنگی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژین دەکات بۆ گەلێکی وەک کورد کە هەرچەندە خاوەنی فەزیلەتن بەڵام لەکاروانی خوێندەواریی وشارستانیی بەجێماون و تەشکیلاتی سیاسییان تاقی نەکردۆتەوەو لەمەحرومییەتدا ژیاون. هەربۆیە لەگەڵ ئەو

پێشکەوتنەی ئێستاکە لە جیهان و هەروەها وڵاتی عوسمانیشدا هاتۆتەئارا ئەم جۆرە کارانە بایەخێکی گەورە بۆ کورد هەیە و دەبێت مەودای هۆشیاریی فراوان بێت. چونکە هەر هۆشیارییە میلەت بەهێزدەکات و هەستی دادپەروەریی و خۆشەویستی ئازادیی تێدا بەهێز دەکات. وڵاتانی وەک فەرەنسا و هەروەها ئەمریکاش بەهۆی ئازادیی وسەربەستییەوە جیهانیان گرتۆتەباوەش، جا چ کورد و چ تورک و هەموو رەگەزەکانی عوسمانیی دەبی بۆ ئەمە ئامادەبن...

هەروەها لەلاپەڕەی یەکەمی ژمارەی دوای ئەو واتە ژمارە ٢٢، کە رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩١١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کامەران بەدرخانی کوڕی ئەمین عالی، بابەتێکی بەناونیشانی " کردستان مسئلەسی / پرسی کوردستان "نووسیوە، لەوبابەتەدا سەرەتا داخ و کەسەری خۆی سەبارەت بە دۆخی وڵات و شێوەی دەوڵەتداریی و سیاسەتی حوکمدارانی پێشوو دەردەبڕێت و باس لەدەرکەوتی جوڵانەوە رەگەزییەکان دەکات لەبەلقان و ئەوروپا، پاشان ئەو دۆخە نالەبارە دەخاتە روو کە لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانی لە وڵاتەکەدا بەسەر عەرەب و کورد و ئەرمنیاندا هێناوە. هەروەها ئێستاکە دۆخێک هاتۆتەپێش کە حکومەتە کۆنەکان ناتوانن سەبارەت بەهەلومەرجە نوێیەکە کە لەئەروپاو هەموو شوێنێکی دیکە دەرکەوتەوە، وەڵامدەر بن. دواتر دێتە سەرباسی رەوشی کوردستان و دەڵێت کە رۆژنامەکان باس لە مەغدوریەتی عەرەب و ئەرمەنیی و یۆنانیی و تورک دەکەن و هەموو میلەتەکان مافی میللی خۆیان دەخوازن. بەڵام ئەوەی سەیرە کە بۆچی باسێک لە کوردستان ناکرێ. لەگەڵ ئەو هەموو غەدەری کە دەرحەق بەکورد کراوەو لەو لایەنەوە بڕوایەکی پوچ هەیە کە لەکلاورۆژنەی تورکانەوە سەیر کورد دەکرێ، لەکاتێکدا کورد لە هیچ کاتێکدا تورک نەبووە. لەکاتێکدا کوردو تورک پەیوەستەگیی مێژوویی و ئاینییان پێکەوە هەیە، توانای ژیانی هەر میلەتێک پەیوەستە بەتوانای بیرمەندەکانی بۆ ژیانەوەو بەشارسانییکردنی میلەتەکە. رەگەزە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانیی

که دەستوور هەموو مافەکانیانی لەبەرچاوگرتووە، رێز لەمافەکانی تورک و یۆنانیی و عەرەب و ئەرمەنیی و جولەکە دەگرێت و بابەتی باسن. سەبارەت بە کوردان و حکومەتی عوسمانی لەکوردستانیش، هەروەها لەلایەن نوێنەرانی کوردیش لە مەجلیس و زانایان و شاعیران و پیاوانی ژێر ئەم دۆخە لەبەر چاوبگرن.



کامەران بەدرخان ١٨٩٥-١٩٧٨

دیسانەوە، کامەران بەدرخان، لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٢٣ی رۆژنامەی "انقلاب بشر" دا، کە لەرۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٨دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی بەناونیشانی "کوردلر . تاریخی و اجتماعی تدقیقات / کوردەکان . وردبوونەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی "بڵاوکردۆتەوە، ئاماژەی بەبایەخی نووسینی رۆژهەڵاتناسان بە کوردو کوردستان داوەو لەو رووەوە ناوی چەند نووسەرو سەرچاوەی جیاوازی هێناوە کەلەبارەی میلەتی کوردو وڵاتی کوردستان و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد لە لەکۆن و نوێدا نووسویانە. ئەوانەش وەک ئەکسزەینەفۆن، ئیسترابۆن، اورسکارمان، سیر جۆن مالکۆلم، دکتۆر فریچ و ..هتد. هەروەها لەم بابەتەدا ئاماژە بەزمانی کوردیی و مەم وزینی ئەحمەدی خانی وەک شاکارێکی شیعر و ئەدەبی و هەروەها ئەو کتێبەی کە دکتور فریچ سەبارەت بە بنەماڵەی بەدرخان بەگی بۆتان نووسیویەتی،کراوە.

هەروەها لە لاپەڕەی دووەمی ژمارە ٢٧ی ئەم رۆژنامەیە، کە لەرۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کامەران بەدرخان، لەژێر ناونیشانی "کورد ارمنی مودتی / هاوسۆزیی کوردو ئەرمەن"دا، باسی لەپەیوەندی دۆستانەی لەدێرینەی هەر دوو گەلی کورد و ئەرمەنیی کردووە بەدرێژایی مێژوو کە دووربوون لەناکۆکیی بەڵام بەودواییە ئەو پەیوەندییانە بە چەندین هۆکار، کە گرنگترینیان کاریگەریی هۆکاری دەرەکیی و پیلانگێڕیی پیاوانی حکومەتی عوسمانیی بووە، ئەو پەیوەندییانە تووشی ئاڵۆزیی نەخوازراو بۆتەوە کە بەزیانی هەردوو لایان شکاوەتەوە. پاشان نووسەر دێتە سەرباسی تایبەتمەندییە میللییەکانی کوردە چەندین نموونە لەکتێبە بیانییەکان سەبارەت بەکورد دەهێنێتەوە، کە یەکێکیان ئەوەکەی "میستەر هۆبەردە" بەناونیشانی ""گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیاو کوردستان" کە ساڵی ١٩١٧ لە لەندەن چاپکراوە. هەروەها باسی لە ئاکارو ململانێی روسەکان و ئینگلیزەکان کردووە لە

ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و پێی وایە کە پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەنیی بەرەو هاوسۆزیی زیاترو ئایندەیەکی باشتر هەنگاودەنێت.

دیارە، مەولان زادەو ڕۆژنامەکەی، هەروەها عولوویيە مەولانی هاوسەریشی کە بابەتی لەم ڕۆژنامانەدا هەبووە، تووشی لێپرسینەوەی یاسایی بوون و لەلایەن دادگاوە دۆسییەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە. هەر لەلاپەرەی دووەمی ژمارە ٢٧ی انقلاب بشر، بابەتێک بەناویشانی "باب عالی و انقلاب غزەتسی" باسێک لەم بارەیەوە هاتووە کە حکومەت و بابی عالی دەیانەوێت بە پاساوی چەمکێکی کۆنی وەک "تخدیش اذهان" و بەدەر لە یاسا بنەڕەتییەکانی تایبەت بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامە ئازادەکاندا بکات. هەربۆیە داوادەکات کە بیری کۆن فڕێ بدرێت و بە دەستوورو یاساکانی پاراستنی ئازادیی مامەڵەبکرێت و کۆتایی وتارەکەی بە دروشمی : بژی یاساکانی ئازادیی چاپەمەنیی و تێکبشکێت مێنتەڵیتەی کۆن" دەهێنێت.

شایەنی باسە، لەپاش ئەوەی کە "کورد قادینلری تعالی جمعیت / کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد "یش لە ٢٢ی مایۆی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا، نیزامنامەکەی لە چاپخانەکەی گۆڤاری قادینلر دنیاس لە "دیوان یۆڵۆ" چاپکرا کە عولوویە مەولان بەڕێوەی دەبرد. بەگوێرەی "باربارا هێنینگ" ئەم هاوسەرەی مەولان زادە هاوکاریی ئەو کۆمەڵەیەی کردووەو کاری لەگەڵ کردوون.[38]

وادیارە مەولان زادە هەر بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی زمانحاڵی حیزبەکەیەوە نەوەستاوە، بەڵکو ڕۆژنامەیەکی بە ناوی"عقل /ئاوەز" لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨دا، چاپ و بڵاوکردۆتەوە، هەروەها خولی پێنجەمی سەربەستیشی بڵاوکردۆتەوە کە خۆی خاوەن و بەڕێوەبەری بووەو هەوڵدان بۆ دەستخستنی ژمارەکانی کارێکی زۆر گرنگە

---

[38] Barbara Henning: Narratives of the History of the OttomanKurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts, University of Bamberg Press Bamberg, 2018, p400.

چونکە پێدەچێت چەندین هەواڵ و زانیاریی و بابەتی گرنگی سەبارەت بەو قۆناغەی دەوڵەتی عوسمانیی و کوردستان لە خۆگرتبێت. ئێمە تەنیا ژمارەیەکیمان کەوتۆتە بەردەست کە لێی نووسراوە " اون ایکنجی سنە نمرو: ٦٥٨ چهار شنبە ٢٣ حزیران ١٩٢٠" واتە ساڵی دوازدەهەم. لەم ژمارەیەدا، جگە لە چەندین هەواڵ و بابەت سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی و فیرقەی حورییەت و ئیئتیلاف و هێرشی توند بۆ سەر ئیتحادو تەرەقی، لە ژێر ناونیشانی "سوء قصدچی ابراهیم افندی"باسی دەستگیرکردنی ئیبراهیم ئەفەندی دەکات کە لەلایەن ئیتحادو تەرەقییەوە پێشتر نێردراوە کە اسماعیل کەمال بەگ لەگەڵ مەولانزادە ریفعەت لە ئەوروپا بکوژێت.

هەروەها، مەولان زادە لەم قۆناغەدا چ لە ڕێگەی رۆژنامەکانییەوە یان بە کردار هەوڵیداوە هانی خەباتی سەندیکایی بدات و بەشداریی تێدا بکات. هەروەک لەو هەواڵەدا دەیخوێنینەوە کە رۆژنامەی "STAMBOUL" دا لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ١٩ی ئۆگۆستی ١٩٢٠دا، بڵاویکردۆتەوەو نووسیویەتی کە ناوبراو وەک خاوەنی سەربەستی، لەگەڵ ژمارەیەک نوێنەری رۆژنامەو رێکخراوە نێوخۆییەکانی ئەستەمبوڵ، لە رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ١٧ی ئۆگۆستی ١٩٢٠، بۆ کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی "کۆمەڵەی نیشتەجێ کرێگرتەکان" ئامادە بوون و داوایان لە تەواوی نوێنەری کۆمەڵەو رێکخراوەکانیش کردووە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامادە بن، ئەوەی کە لە رۆژنامەکانەوە رادەگەیەنرێت.



inkılap

٢ تشرين ثانى ١٩١٨ ... نومرو : ٨

صاحب ومديرى : مولان زاده رفعت

# انقلاب

حكومتك يڭى شكلى

يهودى بانقه‌لرى

آه وطن! آه وطن!

كوروكلى زاده فؤاد بك

صوقیورلر .

اوراق وارده :

زین کرد مجموعه‌سی محررلرینه

محرربکلر! . زین نامیله برمجموعه، برمجموعهٔ فریده ساحهٔ انتشاره وضع ایتمشسکز . الک اول بونی بیان ایده‌یمکه مجموعه‌کزه فریده تسمیه ایتدیکمك مندرجاتی متین یاخود مندرجاتنك مفید ومفیض اولمق اعتباریله دکلدر . عموماً کردلك حقنده بسله‌دیکمز صداقتنه استناداً سویلیورم، زینك مندرجاتی نه‌مفید ونه‌ده‌قدرت قلمیه‌سنده متانت واردر . بوکا هیچ شبهه‌مز یوقدر. مجموعه‌نه ثناخوان اولدیغمه برسبب یالکز برسبب وارسه اوده کرد، کردیوقلغنك کرد دریاسنك جوهر فضیلتدن وکرد کاشنك ورد معرفتدن محروم اولمسیدر . ایشته مجموعه‌کزی اویوقلغه نسبت ایدوب شاده بولنیورم . محرربکلر ژینك های هوی سیاستدن بی‌خبر وولوله سیاستدن تماماً آزاده وصرف علمی اساسلر تعقیب ایده‌جکنی یازیورسکز. اکر بو مجموعه اوروپاده یعنی علمی برمحیطده انتشار ایتسه‌یدی وبنده انتشارینی خبر آلسه‌یدم شبهه‌مز سوزیکزه اینانیر وبناءً علیه هرنسخه‌سنی اوقور وصحائف

حکومت شکلی قبول ایدیلیدر .

تأسیس وتحصیل نفسیات تشویق ایسه تشکیلات سیاسیه‌دن محروم برملت اززمان ظرفنده جهالت خرابه‌لری اوزرینه علم کاشانه‌سنی قورمق هیچ برملته نصیب اولادیغی کبی کردلره‌ده نصیب اولمیه‌جقدر . چونکه بونشبث وبونشبثك موفقیتله نتیجه‌لنمسی اوزون زمانه و اوزمانده برملتك فدا کارانه قبولنه متوقفدر . سزاویله برعصره صوقیه بیلیرز اویله سنه‌یه تصادف ایتمشسکزکه ملتکزی ازمدنده قورتارمه‌یه مجبورسکز . ایتمدیککز واتیمه‌موفق اولمدیغکز تقدیرده سزده، ملتکزده الی‌الابد محکوم، فضله اوله‌رق سزه‌ای منورلر، سز الله حضورنده تاریخ حضورنده محجوب قاله‌جقسکز . محجوبیت مستقبله‌دن کندیکزی وقایه ایچون فقط فداکارلقده آغیر فداکارلقلرده بولونکز مشفق آناکز اولان ترك ، مرحمتلی پدرمز ، خاقان اعظمز ، خلیفه‌مزدن رابطهٔ سیاسیه‌مزی قطع ایتمیوب بالعکس اورابطه‌یی دها تأییدوتأیید ایتمکله برابر ملی تأسیساته خلاصه ملی مخازینه نائل اولمق ایچون بوتون قدرتکزی کوستریکز. خزینهٔ معرفتنه حس عدالتی، عدالت حقیقیه‌نی

# کردستان مسئله‌سی

بو مملکتك باشنه کچوب ؛ اداره ماکنه‌سنی آله آلانلر مع التأسف خارجی تشویقاتك تأثیراتنه معروض قالنجه‌یه قدر چوروتمجی واولدوریجی سقیم اداره سیستمنی ترك ایتمه‌دیلر .

طبیعی وضروری مطالبی ، اك حقیقی واك مشروع تمایلاتی عارضی هوس ودوشونجه‌لره فدا ایتدیلر .

عارضی دیبیورم . زیرا طبیعی اولمایان ، غداسنی ، قوتنی بوساحه‌دن آلمایان؛ طبیعی قانونلره مستند بولنمیان مؤسسه‌لر جانسزدر ؛ ناپایداردر ؛ کوکسزدر . اك اوفق بر صدمه‌نك تأثیریله دوریلیر ، ییقار ویقیلیرلر .

مستقر وپایدار اوله‌بیله‌جك مؤسسه‌لر ، پرنسیپلر ، قانونلر احکام طبیعتی نقض ایتمه‌ینلردر.

شمدی‌یه قدر خارجی وداخلی سیاستنی — بعض مستثنی زمانلری اولمقله برابر — معین بر هدفه طوغری توجیه ایتمه‌ین ویا زیر زبری برتوحانجی ذهنیتنه مالك اولان عثمانلی دولتی رجالنك نه قدر موجب شرمدر — داخلی سیاسته اعمار وتمدن اساسلری یرینه اك زیاده رعایت ایتدکلری پرنسیب عثمانلی حوضه‌سنه ادخال ایدیلن اقوامك کریده‌لرینی بر صورتله محو واقا ویونی متعاقب معنوی زنبیرکدن محروم قالان مفتوح ملك کندیلرینه ودولته بلا ایتمکدی. بونك اوزاقده یاقینده بك چوق ؛ پك آجی وپك فجیع نمونه‌لرینی کوره‌بیلورز .

عثمانلی دولتنك بالقان موازنه‌سنده وحتی آوروپا موازنه عمومیه‌سی حرکاتنده عرقی سجایا وقابلیتلرندن پك عالی خدمتلر وهمتلر بکله‌دیکی آرناوودلق ؛ حکومت ایتمك صلاحیتنی چالان ایکی اوچ سرکرده‌نك جاهلانه یوزندن ضایع ایدلدی . بو ضیاع ضروری وطبیعی ایدی. زیرا عثمانلی دولتی اوراده [illegible] ایدلش قلبلری

عجبا نه‌دن ، نه ایچون تاریخی وسیاسی موجودیتی ییناتلال بر معلومیت ده کسب ایتمش اولان کردستان موضوع بحث اولمایور .

اوراده‌ده معصوماً قتل ایدلمش دلی قانلیلر اولدوردولمش نجیب قادینلر ، باباسز واکثریا آناسز ، باباسز یتیملر ؛ یاوروجقلر ، اوسیاهی تونه‌یین اوله آرتق قاپیسی آچیله‌مه‌جق اولان بیکلر ویوز بیکلرجه‌در .

آره صیره قولاغمه ایلیشیور... کردلرکدن آیری دکلدره دیبیورلر . حتی ره‌بموث تذدی کچن کون نه ایچون کوردلرك حقوقی؛ کردلرك معروض قالدقلری ناحدود مظالمی مجلس مبعوثانده موضوع بحث ایتمیورسکز؟ — دیه سؤالنه مقابل ، اونلر تورك دیمکدرده اونك ایچون ، کردلرك زوالی [illegible]

بوسقیم قناعتی ترك ایتملیز . بوقدر ترك ایده‌جکلر . تورك ، کورد اولامادیغی کبی کوردده هیچ بر زمان تورك اولاماز . بونلر بوش وبیهوده قناعتلردر . بالخاصه هنوز بتلی باشلی بر حرکت ملیه اولمایان ملتلرك ایکنجی بر ماتی تمثیل ایتمك ایسته‌مسی پك گوچ اولور .

تورك و کوردك تاریخی ، دینی رابطه‌لرینه برینه باغلیه‌ن ویوباشلك قوناسی ایچون کوردلر توركك ملیتلرینی او تونه‌لری دکل بالعکس اك [illegible]لی وحرارتلی بر صورتده ملیتلرینه ، ملی مقدسات ونوتلره صادقانه‌لری ایجاب ایدر .

بو حقیقتی ؛ پك ساده وچیلاق اولان بو حقیقتی هر کس کوردملی ودیلیله اقرار ، قلبیله تصدیق ایتمه‌لیدر. قناعتلری ، اجتهادلری کبی؛ هوسلرینك ده اصل و اساسی مجهول بر طاقم مرشد [illegible] لرك مغفل فکرلری آلتیله برده‌ها التفات ایدلمه‌یك [illegible]

# كوردلر .

## تاريخى واجتماعى تدقيقات

عشائر ومهاجرين مديريت عموميه‌سى صوڭ هفته‌لر ظرفنده «دوقتور «فريج» طرفندن تأليف ايديلوب؛ برلين شرق آقاده‌ميسنجه طبع ايديلان «كردلر» عنوانلى وتاريخى، اجتماعى تدقيقات محصولى اولان مهم برأثرك - ٣٨٤ - صحيفه‌يه بالغ اولان بر نجى جلدينى ترجمه [illegible] ايديردى .

واقعا اوروپاده - كردلر وكردستان - حقنده انتشار ايدن أثرلر متعدددر .

استطراداً شونى عرض ايده‌م كه: روسلر كردملتنه وكردستانه عائد كتابلرك مهم برقسمنى تأليف ايتمشلردر. پترسبورغ اقاده‌ميسى طرفندن نشر ايديلان و(٨٣٠٧) كلمه‌يى احتوا ايدن، كردجه - روسجه - آلمانجه لغت بتون نواقصيله برابر بو مختلف آثارك مهملرندن بريدر .

«كه‌مبريج» دارالفنون معلملرندن آثور يازيسى متخصصى دوقتور «سه‌يج» ك متابعه‌لى تدقيقات علميه‌سى ؛ انكليزجه ايران تاريخى محررى «سيرجون مالقولم» ك مدعياتى آوستريا مورخ مشهورى «هاممر» ك بو خصوصده‌كى نشرياتى شايان مطالعه‌در . حتى يونان مورخلرندن «استرابون» و «اكسه‌نه‌فون» ده كردلر و كردستانله اشتغال ايتمشلردر .

آلمانياده بوكونك مشهور كردولوغ پروفسور «اوسقارمان» در .

«اوسارمان» فارس وسائر ايران كردلرى حقنده، اخيراً موكرى كردلرينه دائر جسيم لسانى وادبيات مجموعه‌لرينى نشره باشلامشدى .

شمدى‌يه قدر موقع اعتباره چيقمش اولان دورت قسم (١١٥٠) بيك يوز اللى بيوك صحيفه‌يه بالغ اولويور .

كردادبياتى تدقيقاته «كه‌مبريج» دارالفنونى تاريخ قديم معلملرندن «سه‌يج» ده اشتراك ايتمشدر . مطالعه‌سى شوبى كزده‌در: «بو ادبيات پك ابتدائى بر حالده اولمايوب برطاقم شعرلر ، شرقيلر ومثللردن

---

[illegible] ناس واختلاطلرده بولنمقده‌در .

مويللمادى ساحل دريادە وياقره‌نك اورته‌سنده اقليم بحرى ويابرى اولديغى ؛ اقليمجه صيجاق ويا صغوق ، اووا ويا طاغلق ؛ اهاليسى چوق ياخود آز زراعتيه فيض وبركتى حائز وياخود بو خصوصده فقير اولوب معدنياتى محتوى اولمسنه كوره اوراده ساكن اولانلر اوزرنده مختلف تأثيرلر اجرا ايدر .

محيط معنويك [illegible] ويا فقير ؛ تربيه ويا معارفجه مترقى ويامتدنى ؛ بدايع ومعالى ايله الفتلى ويا الفتسز ، سفاهات اسرافانه ميال ياخود بونلردن مجتنب ، متشبث وفعال ياخود عطالته معروض اولمسنه كوره‌ده ، اوراده امرار حيات ايدن انسانلر اوزرينه تأثيراتى تخالف ايدر .

[illegible] علوم طبيعيه ورياضيه ، تاريخ ، حقوق ، اقتصاد اخلاق ، علم اجتماع كبى علوم بزه معاونت ايدر .

بو سطرلردن صوكره فتح ايدلدكلرى زماندن اعتباراً تەقاعنى تهمتوجى مسعود ايده‌مه‌ين سقيم طرز اداره‌سنك حزين وطنى وورطنداشلرى دائما مكدر و بدبخت ايدن امور اداره‌نك هرشيدن اول ذكر ايتديكمز واداره خصوصنده رهبرلكلرندن استفاده ايده‌ميه‌جكمز علمى تدقيق اصوللرينه قارشى اولان بيكانه‌لكمزدن . جهل كشيفمزدن نشئت اولديغى قدامينله تظاهر ايدر ،

اوت شونى اعتراف ايتمك ايجاب ايدركه بوكون بيله اداره آدمى اولەرق طانيديغمز ذواتك مهم بر اكثريتى حوزه‌ٔ مأموريتلرينه هيچ بر زمان بو علمى اصوللر كوزلكيله باقمامشلردر .

ايشته مهاجرين مديريت عموميه‌سنك كردلر حقنده تاريخى اجتماعى تدقيقات عنوانلى ترجمه‌سنى بو اعتبار ايله بيوك برحس ممنونيتله قارشيلايورز .

هيچ اونوتمايز ؛ برمستقليتوسنى مذاكراتى اثناسنده معروف بركورد وسياسه‌ت اشغالك برقطعه‌سنك مهام امورينى اوموزلرينه يوكلنمش سابق ناظرلرمزدن برينه مراجعتله ؛ برمستقليتووسنده جريان ايده‌جك مذاكرات اثناسنده كوردستانك حقوقى محافظه ايتمك مقام خلافته وحكومت عثمانيه‌يه اولان سن بوطينى اظهار ايلك اوزره كوردلرك [illegible]

# کورد ارمنی مودتی

بوکسك و مقدس حقیقی کوزدن طام
آلارك نیرلی؛ قوهٔ حکومتك عاقل ودوراندیش
الله ره انتقالی سعادتی؛ مشتاق و متحسری
اولدیغمز مشروطه وجدانمز طوغری‌یه؛
بوك بویوك غایه‌یه بزی نائل ایتمکه باشلایور.

عثمانلی تاریخنك وبوتندن اول تاریخ عمومی
عالمك هیچ براختلاف ونزاعنی قید ایتمه‌دیکی ارمنی
و کورد ملتی صوك یارم عصرلق حیات ظرفنده
مع التأسف بربرینه قارشی، هیچ اهلی وطبیعی
اولمایان سائقه‌لرك تأثیریله هر ایکی طرفی شدتلی
صورتده متأثر ومتضرر ایدن غیر مساعد بر
وضعیت آلمشدی.

عصرلردنبری عینی نقطه اوستنده، عینی صاف
وتمیز محیط ایچنده بك آرتق مشترك حیات؛ مشترك
سجیه؛ مشترك منافع جنبری داخلنده اك حار وصمیمی
بر قارداش محبتیله بربرینه صیق وقونلی بر صورتده
باغلی اوله‌رق یاشایان بو ایکی بویوك قابلیتلی
ملتك بدبخت سرنوشتی اون طقوزنجی عصرك
نصفندن صوکره باشلامشدر.

بوصوك نصف عصر چهرهٔ کائناتی طانینماز
برحاله کتیرن انقلابلرك؛ ملل مختلفه اوزرنده اجرا
ایتدیکی تأثیرات ایله مدنی، اجتماعی، سیاسی،
صنایع، اداری حیات وپرنسیپلرده وقوعبولان
عظیم تحولات وتکملاته قارشی عثمانلی دولتنك
کوستردیکی لاقیدیلر؛ مدهش لاقیدیلر احتوا
ایتمکله فلاکت انکیزدر.

ایشته بومظلم دورده مساعد محیطدن استفاده
ایدن روس نفوذ و تلقیناتی ودور ایله متناسب
مظلم براصول سیاست شرق ولایتلری داغلرینك
اقلیمی کبی روح وجدانی معصوم ایکی آسوده
ملتی ارمنی و کوردی؛ بو مظلم برطاقم قاعده‌لرك
سوقیله بربرینه قارشی تحریك ایدیور و ایکی
حق قائل بر دوولك مشئوم قاپیسی بوصورتله
آچیلیوردی.

شونی قید و ایضاح ایتمك ایجاب ایدرکه
ارمنی و کورد ملتلرینك دینی، اجتهادی عقیده‌لر
تأثیریله یعنی مسلمانلق، خرستیانلق سوقیله
بربرلرینك اوزرلرینه آتیلمه‌لری احتمالی مفقود
ایتمه‌یلره حقیم اولمقدن ورا قدر؛ بنلکی محافظه
وادامه ایدییور؛ وماضی حیاتی بمیزدر. ارمنی،
کورد اختلافاتنك آرتق طوغریدن طوغری‌یه
ایکی ملت آره‌سنده احداث ایدیلن برطاقم موقت
غیر مشروع جریانلردن استعمال ایتمش اولدیغی
تظاهر ایدر.

— ارمنی، کورد اختلافنده ذی مدخل بولنان
بعض خارجی تأثیرات وعثمانلی حکومتك اسبق
بر حال دولتی — معقول وغیر معقول هرحالده معین
براداره سیستمنه مالك اولان وانجه‌دساس ذکالریله
اجرای حرکت ایدن بوذوات — حیاتی قدرتلرندن
مملکت ایچون نافع برمنبع قوت، دینامو اوله‌رق
استفاده ایده‌مدکلری ارمنی کورد ملتلرینك
کرده عناصرینی اقنا ایتدرمکله برابر غریب
بر ائتلاف ضدی نتیجه‌سنده مستثنای جهان
مدنیه بر کورد، ارمنی قتالی، ایکی ملت
آره‌سنده دوغریدن دوغری‌یه تحدث ایدن بعض
محلی وقعه‌لر شکلنده کوسترمرك نتیجه‌سی هر
حالده مفقود اولمقله برابر اجنبی مؤثرلرك وعثمانلی
حکومتك بین‌الملل مصونیتی موقتاً تأمین ایده‌
جك برسیستم تعقیب ایدییورلردی.

بو سیستمك کیزنه؛ شو حقیقتلرك لذه‌واقف
اولمایانلر؛ کورد ایله ارمنینك مودت، محبت، وداد
وصمیمیت دولو ادوار تاریخیه‌سنه بیکانه اولانلر
ایسه شرق ولایتلرنده قانه صوصامش ظالم بر کورد
ملتنك موجودیتی قناعتنی پرورده ایدییورلردی.

حق بوباطل قناعت رجال عالی پایه‌تخت
نفوذینه آلتره آلیه‌رمالیه‌ده کوردلرزمانیزك
آتوریلریدر. ارمنی اختلافاتی کورد ملتنك نه قدر
خشین برقاراته‌ره مالك اولدیغنی و آتوری سجایاسنك
بتون شدتیله بومانده محافظهٔ موجودیت ایتدیکنی
ازاله ایدره کبی حقه وحقیقته صیغمایان مطالعه‌لر
[illegible]

بوکون روسلر طرفندن شرق ولایتلرنده
یاپیلان تحریکاتك تحقق ایتمسی دربسر محررمزك
ذکر ایتدیکی اوزره ولایات شرقیه‌یی اصلاح
ایله‌مك اوزره انکلیز مفتشلر جلب ایتمك خصو-
صنده‌کی آرزوی دولت روسیه‌نك ممانعت ایله‌سی؛

## باب عالی وانقلاب غزته‌سی

استانبول رفیقمزك دون نشر ایلدیکی خبر
صحیح ایسه تخدیش اذهانی موجب مقالات
نشر ایلمسی بهانه‌سیله غزته‌مز حقنده تعقیبات
قانونیه اجراسی خصوصی باب عالیدن عدلیه
نظارتنه یازلمش.

— بزبو حوادثی اوقودیغمز کبی قانون اساسینك
اون ایکنجی ماده‌سنی‌ده برکره کوزدن کچیردك.
اصول محاکمات وجزا قانونیله مطبوعات قانوننی‌ده
تدقیق ایتدك. باب عالینك بویله برأمره صلاحیتدار
اولامایه‌جغنی کوردك وآندن دولایی بو خبرك
قید احتیاطله تلقی ایدلمسی لازم کله‌جکنه حکم
ایتدك. بونکله برابر غزته‌مزك برنجی نومروسندن
بوکونه قدر اولان بوتون یازیلریمزی ده تکرار
حده‌دن کچیردك.

بوخبر صحیح ایسه هم قانون اساسی‌یی
هم اصول مشروطه‌یه باب عالینك متجاوزانه
بر کلفتده بولونمش اولدیغنه قائل اوله‌رق
تخدیش اذهان: باب عالینك بوکهنه تعبیرلی
بره اسناد ایتمك ایسته‌دیکی جرم ایچیا شیمدی‌یه
قادار بی خبر یاشایلان مه آکلامق ایسته‌دیکمز
آچی حقیقتلری‌در؟ بوقه علمی بر صورتده
تشریح ایتمك ایسته‌دیکمز اداری اصوللری‌در؟
هر کس اجتهادنده حرده کلی‌در؟ قانونك هانکی
ماده‌سی بزی بوندن منع ایده‌بیلیر؟ شیمدی‌یه
قدر ملتك یاشادیغی (بی خبر یاشامق) دوری
کافی کلمدیمی؟ اکمزده قالا یاشامسنه چالیشمق ایسته.
دیکمز برقسم وطنك ده تخدیش اذهانی موجب اولور
قورقوسیله اوندن چیقماسنی راضی اولالم.
آنك محافظه‌سی یولنده هیچ بر تدبیر دوشونمه.
یه‌لم‌می؟ باب عالی، بوکهنه ذهنیتی چوقدن ترك
ایتمسی ایجاب ایدردی. توفیق پاشا حضرتلری
کبی آوروپانك مراکز مدنیه‌سنده بولونمش
اولان بربرسیاستده ظن ایدرزکه بوکهنه ذهنیتی
چوقدن آتمشدر. بناءعلیه شیمدی‌یه قدر
برکونا تبلیغات رسمیه واقع اولمادیغندن استانبول
رفیقمزك بوخبرینی قید احتیاطله تلقی ایدییورز
وآندن دولایی شدیدك زیاده برشی سویله‌میورز.

یاشاسین حریت مطبوعات — قهر اولسون
اسکی ذهنیت.

### تهدیدات قانونیه

۹ شباط ۱۳۳۵ : برنجی سنه نومرو ۱۲

صاحب و مدیری : مولان زاده رفعت

قیأتی ۲ غروشدر

## لازمهٔ عدالت

تاریخی محاکمه

۲

## خصوصی دیوان حرب عرفیده

## تلغرافلر

دول معظمه تلغرافلری


حقوق بشر

٤ شباط ١٩١٩

فیاتی ٢ غروشدر

تلغرافلر

اتحاد و ترقی ذهنیتی

حوادث

صاحب ومدیری : مولان زاده رفعت

حقوق بشر

## حق حکومت، حقوق بشر

## وکلای فخام حضراتنه اچیق استدعا

مولان زاده
رفعت

## حوادث داخلیه


عقل
ولیعهد حضرتلرینك تلطفکارانه امرلری
هیئت محترمه وکلامزك اجراآت مستحسنه‌لری
خطاب



سربستی ١٣٢٦

اون ایکنجی سنه نومرو ٦٥٨ چهارشنبه ٢٣ حزیران ١٩٢٠

صاحب ومدیری : مولان زاده رفعت

نسخه‌سی ١٠٠ پاره

برتدبیر مصیب

پاره ایسته‌یورلر

استانبولك آسایشی

رشید بك افندی ایله جمیل پاشانك عزیمتی

مسالمت اتفاق جمعیتی

سوء قصدجی ابراهیم افندی

مولان‌زاده رفعت بكله مرحوم اسماعیل کمال بك اوروپاده بولوندقلری صیره‌ده اتحاد وترقی جمعیتی طرفندن قتله مأمور ایدیلن و بردفعه‌لر استانبوله‌ کلیجی قپانیه کن جواری جرا باشی ابراهیم افندی توقیف ایدلشدر .

ارمنی مانداسی

آزاوور احمد پاشا

علمدارجی قدری بك

سالم پاشا و حریت وائتلاف

قاسم پاشا شعبه‌سی

یکرمی آلتی کشی دها

ئیدارەخانەی سەربەستی لە ئەستەمبوڵ




ئیدارەخانەی سەربەستی لە ئەستەمبوڵ

Celui-ci, persistant dans sa manière de voir en ce qui concerne les logements, c'est-à-dire dans la majoration de 400 o|o, laisse toute liberté pour les immeubles de rapport.

Les habitations construites après la promulgation de la nouvelle loi pourraient également être cédées en location au prix désiré.

Par rapport aux logements, le Conseil d'Etat n'a introduit dans la loi que cette seule modification et a décidé de transmettre le projet au conseil des ministres.

Les personnes dont les noms suivent ont assisté le mardi 17 août, soit en leur propre nom, soit comme représentants ou directeurs de journaux ou d'associations, à une réunion préparatoire de la Ligue des ocataires.

A l'unanimité ils ont décidé de prier tous les journaux représentés ou non à la réunion, toutes les sociétés, tous les syndicats, associations ou groupements professionnels, industriels ou commerciaux de vouloir bien se faire représenter par des mandataires dûment accrédités à la prochaine Assemblée constitutive de la Ligue, qui sera annoncée par la voie de la presse.

MM. Anaghnostidès, du *Proodos*.
MM. A. Bayba, président du Cercle des Ouvriers Catholiques de Constantinople.
J. Bert, de la Ligue de Solidarité Française.
Calothéos, directeur du *Proïa*.
J. Fua,
D. Kanakari, président de la Fédération des employés des banques et de la Ligue des professionnels de la Mécanique.
Kiazim et Nihad beys, de l'*Ikdam*,
P. Le Goff, directeur du *Stamboul*,
J. Loria, du journal la *Nation* et de la Fédération Sioniste.
Loutfi bey, directeur-administrateur de l'*Illéri*,
Margaritis, directeur du *Chronos*,
Nardea, avocat,
T. Naoum, du *Patris*,
H. G. Nersessian, directeur du *Vertchin-Lour*,
Pailharès, directeur du *Bosphore*,
Rifaat bey Mevlanzadé, du *Serbesti*,
Sedad bey Simavy, directeur du *Der-Saadet*,
Selim bey, du *Vakit*,
Thomas, de la *Presse du Soir*,
Voutyras, directeur du *Néologos*.
Une délégation de 5 membres a été désignée.
Constantinople, le 18 août 1920.

LA LIGUE

## Les Soviets et Broussiloff

Répondant à des bolcheviks qui dénonçaient le danger que représente le général Broussiloff pour les Soviets, vu sa popularité dans l'armée, Trotzki déclare que le général est soumis à un contrôle excessivement sévère et que, par conséquent, il

## مەولان زادە ریفعەت و خەبات لەپێناو نەتەوایەتیی کوردیی

ئەوە راستییەکی روونە کە مەولان زادە، نزیک بە بیست ساڵێکی تەمەنی وەک لیبرالێکی ڕەخنەگرو بەرهەڵستکارێکی عوسمانیی دژ بە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدو دواتر ئیتحادییەکان بەڕێکرد، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە پاش جەنگ بەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانییدا هات، ئەو بە خێرایی بەئاراستەی نەتەوایەتیی کوردیی و کارکردن لەو پێناوەدا رۆیشت.

شایەنی باسە، مەولان زادە، وێڕای ئەوەی لە دەرەوەی کوردستان ژیابوو، هەروەها پەروەدەیەکی ئەستەمبوڵییانەی هەبوو، بەڵام زۆر پێش ئەم قۆناغەش و وەک کوردزادەیەکی ئەستەمبوڵیی، لە سەرەتای کارو چالاکیی و ژیانی سیاسییدا، پەیوەندیی بە رێبەرو کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی وەک : سەید عەبدلقادری نەهریی، سەید تەها، حوسێن پاشا بەدرخان، بابانزادەکانی ئەستەمبوڵ وەک ئیسماعیل بابان و عەزیز بابان، شەریف پاشا، عەبدولڕەحمان و ئەمین عالی و جەلادەت و سورەیا بەدرخان و باقی دیکەی دەستەبژێری کوردی چالاکی ناوەوەو دەرەوەی ئەستەمبوڵەوە هەبوو. هەروەها وەک پێشتر بینرا، مەولان زادە، بڕوایەکی قووڵ و پتەوی بە فرەڕەنگیی و یەکسانیی مافی رەگەزو ئاینە جیاوازەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانییدا هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئازادو دیموکرات و ناناوەندگەرادا. دواتر وەک سەرەتا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ئەندامێکی رێکخراوی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد بوو کە لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزرا، هەروەها بەشداریشی هەیە لەو گەنگەشە هزریی و سیاسییەی کە پێشتر لە کایەی رۆژنامەوانیی کوردییدا بینراوە، بەشێوەیەک دەتوانرێت بێ دوودڵی بڵێین کە مەولان زادە ریفعەت بەگ خاوەنی بیرێکی نەتەوایەتییانەی کوردیی روون و رەوان بووە .

بۆ نموونە، لەوتارێکیدا بەناونیشانی " محترم هتاڤە کورد غزتەسی موئسسلرینە / بۆ دامەزرێنە بەڕێزەکانی رۆژنامەی هەتاوی کورد " کە لە ژمارەی ٢ی گۆڤاری (هتاو کرد) لە بەرواری ٢١ی تشرینی دووەمی ١٣٢٩ بەرامبەر بە ٤ی کانونی یەکەمی ١٩١٣دا، بە تورکیی بڵاوکراوەتەوە، پێ لەسەر گرنگی خەباتی نەتەوەیی و تێکۆشان لەپێناو ئایندەی نەتەوەی کوردو پێشکەوتن و گەشەندنی کۆمەڵگای کوردیی دادەگرێ و هەوڵەکانی نەتەوەخوازانی کورد و رێگای کوردایەتیی لەو بوارە بەرزدەنرخێنێ. پاشان سەرنجی خۆی لەسەر دۆخی هەنوکەیی خەباتی کوردو پێویستیی رۆڵ و خۆرێکخستنەوەی دەستەبژێری کوردان لەتاراوگە بەچاولێکەری بزاڤی شۆڕشگێڕیی ئەرمەنییە هاونەژادەکانی کورد دەربڕیوەو داوای هاوکاریی کوردو ئەرمەن و چاکسازیی لەبواری زمان و فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردیی کردووەو مەترسی خۆی لەئایندەی کوردستان پێشانداوەو داوای کردووە کورد خۆی بیر لەحاڵی خۆی بکاتەوە. هەروەها وەک وڵامێکیش بە وتارەکەی پێشووی هاوڕێی "دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت" کە لە یەکەمین ژمارەی ئەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، پێی وابووە ناکرێ بێ هیچ رێکخستن و بەرنامەو چاکسازیی و ئامادەکارییەک لەلایەن دەستەبژێری کوردان لە ئەستەمبوڵ و تاراوگە، لاوانی کورد رەوانەی کوردستان و ئەنەدۆڵ بکرێنەوە. مەولان زادە، لەو وتارەکەیدا دەنووسێت:

"کارو چالاکییەکانی هەتاوی کورد سەبارەت بە پێشخستنی کوردو گەشەپێدانی کۆمەڵگاکەی و بەهێزکردنی بنەماکانی مانەوەی کۆمەڵایەتی کورد شایستەی رێزلینانن. بێگومان کاتێک کە ئەم گۆڤارە پڕ بەهایە کارەکانی خۆی رێکخست و بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئەو کاتە نەتەوەی کورد" زیندوو دەکرێتەوە" و دەگاتە ئامانجی دوارۆژی خۆی.

بەچاوی خۆمان هەموو گەلان دەبینین کە چۆن بازنەیەکی نەتەوەییان بۆ خۆیان دروست کردووەو رێگای پێشکەوتن و

گەشەکردنیان گرتۆتەبەر. ئەو گەلانەی کە ئاگایان لە نەتەوەکەی خۆیان نییە و خاوەنی ئایدیالێکی نەتەوەیی نین، دواکەوتوون و لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەجێماون و رۆحیان تیدا نەماوە. بێ رۆح بوون و زیندوونەبوونی گەلێک شتێکی ئازاردەرە. لەراستیشدا زۆر سەخت و پڕ ئازارە کە خەڵک مەحکوم کرابێت بە مردن و نەمان لەنێو دنیای شارستانییدا.

هەتاوی کورد هەوڵی جێبەجێکردنی ئەرک و ئامانجێکی دوارۆژی زۆر بەرزو پیرۆز دەدات. هەوڵی رێگرتن لەفەرامۆشکردن و نەمانی کوردەکان دەدات کە ژمارەیان شەش بۆ حەوت ملیۆن دەبێ و پشتیان یەکەو لەیەک بنەچەوە هاتوون. هەر لەبەر ئەمەش بەئەرکی خۆمی دەزانم کە بەناوی کوردایەتییەوە پیرۆزبایتان لێ بکەم.

هەست بەوە دەکرێ کە کارو چالاکییەکان سەبارەت بە دەستپێشخەری بۆ باشترکردنی بارودۆخی پارێزگاکانی خۆرهەڵات روویان لە زیادبوون کردووە، ئەرمەنەکان کە هاونەژادی ئێمەن بەدوای هەبوون و کەسایەتی خۆیاندا دەگەڕێن، پێیوستە ئاگاداری ئەو هاونەژادانەمان بین و چاومان لە کارو چالاکییەکانیان بێت.

وەک دەزانرێت کوردو ئەرمەنەکان هاونەژادن و لەگەلی "ئۆردۆ"وە سەرچاوەیان گرتووە، مێژووی کۆنی ئۆردوکانیش لەشاخەکانی فەلستینەوە هەتاکو شاخەکانی رەواندوز تێپەڕ بووە. پیتەکان و ئەدەبیات و زمان و نەژاد و نەرتیمان لەگەڵ ئەرمەنەکاندا یەک بووە، بەڵام دواتر ئەوان ئاینی مەسیحییان هەڵبژاردو خۆیان لەئێمە جیاکردەوە. بەم دواییانەش ئەوان پێشکەوتن و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی نادیار هەنگاویان هەڵگرت. هەر ئەم جموجۆڵانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەی کورد و ئەرمەن لەیەکتری جیاببینەوە.

من حەزدەکەم کە ئەم دوو هاونەژادە یانی کوردو ئەرمەن دەست بدەنە دەست یەک و پێکەوە بنەمای ژیانێکی باش دابنێن. بەڵی کورد

دواکەوتوون و ئەرمەنەکان تۆزێک پێشکەوتوون، بەڵام با کەس تەسەوری ئەوە نەکان کە هیچ کات ئەو داخوازییەی ئێمە نایەتە دی، با ئێمەی کورد تۆزێک خۆمان دەرخەین و جووڵەیەک بکەین، دوای ئەوەش گومانتان نەبێت کە کات ئێمە یەک دەخات.

ئەرکی ئێستای ئێمەی کورد ئەوەیە کە خۆمان بیر لەحاڵی خۆمان بکەینەوەو چارەی خۆمان بدۆزینەوە. دیارە هیچ کوردێک نایەوێ لەلایەن هاونەژادەکەیەوە بتوێنرێتەوەو قووت بدرێت، هیچ کوردێک نایەوێت نەژادەکەی کۆتایی پی بێت و لەنێو دنیای مرۆڤایەتییدا دیار نەمێنێ. لەبەر ئەوەش پێویستە هەر کوردێک لەگەڵ ئەوەدا بێ کە دەبێ " کورد بۆ خۆی بیرێک لە حاڵی خۆی بکاتەوەو چارەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە"

باشە وشیارکردنەوەی کوردەکان و پێناساندنی مافەکانی ژیان بەوان و دیاریکردنی رێگای گەشەکردنی کۆمەڵگاکەو پێشکەوتنی خۆیان پەیوەندی بە چ شتێکەوە هەیە؟ من لەم بارەیەوە وەکو بەرێز د. عەبدوللا جەودت بیرناکەمەوە. بە بێ ئەوەی کە ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت بۆچی گەنجی کورد رەوانەی ئەنەدۆل بکرێن؟ هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی وەها بکرێت. چونکە هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە. بەر لەهەموو شتێک بۆ وشیارکردنەوەی کوردو پێناساندنی مافەکانی ژیان بەوان و پێشاندانی رێگای پێشکەوتن و گەشەسەندن، پێویستمان بە زمان هەیە. پێشخستنی زمانیش لە رێگای گۆڕانکاریی و ریفۆرمی زمان و هەمەگیرکردنی زمانەوە مومکین دەبێ شێوەیەک کە خزمەتی ئامانجی دوارۆژ بکات. بۆ سادەکردنی نووسین بەزمانی کوردی و ئاسانکاری لەبەردەم دەربڕینی کوردیدا، پێویستمان بە زیندووکردنەوەو باشترکردنی پیتەکانی ئۆردو هەیە کە پیتی کۆنی ئێمەن. نووسینی زمانی کوردی بەو پیتانەی کە ئەمڕۆ بەکاریان دەهێنن، کارێکی مومکین نییە و بەهۆی ئەوەشەوە ناتوانین بەدوای بەدیهاتنی ئامانجەکەماندا بکەوین، چونکە بێ سوودەو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، ئەگەر بتوانین پیتە کۆنەکانمان


زیندوو بکەینەوە و بەپێی میتۆدە تازەکان بەکاریان بهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزمان و فەرهەنگێکی کوردی پێشکەش بە خەڵکی کورد بکەین کە دواکەوتوو ماوەتەوە، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجمان گرتۆتەبەر. بڕواناکەم ئەنجامدانی ئەو شتانەش کارێکی سەخت و زەحمەت بێت. چونکە [سوپاس بۆ خودا] کە ئەمڕۆ ژمارەی زاناو کەسانی رەوشت بەرزو شارەزای زمان روویان لە زیادبوون کردووە و زۆرن. پێویستە ئەمانە کۆبکرێنەوەو دەزگایەکی زانستیان بۆ دابمەزرێت. گومانیش لەوەدا نییە کە هەموو جۆرە کارێک لە قسەکردن بەهێزترە. هیوادارم کاربەدەستانی هێڤی جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە نەتەوەییەش بکەنە ئامانجی خۆیان. ئەگەر ئەو دەزگا زانستییە لە ئەستەمبوڵ دابمەزرێت سوودی زیاتری لێدەکەوێتەوە. لەو بارەیەشەوە دەتوانم ئاماژە بە ئەزموونی ئەرمەنە هاونەژادەکانم بکەم.

ئەوان کاتێک هەستیان لە پێویستی شۆڕشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کرد، یەکسەر گەنجەکانی خۆیان رەوانەی گوندەکان و ئەنەدۆڵ نەکرد، بەر لەهەموو شتێک لەشارێکی ئەوروپاییدا زاناکانی خۆیان کۆکردەوەو بیریان لە ئامانجەکەی خۆیان کردو سەبارەت بەوەش بڕیاریان وەرگرت، دواتریش بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیارەکان و جێبەجێکردنیان، بەرەو دەوروبەری ئیمە هاتن. با ئێمەش وەها بکەین، بەر لەهەموو شتێک پێویستە ئامانجەکانمان یەک بخەین و دوای ئەوەش بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

مەولان زادە ریفعەت "[39]

---

[39] مالمیسانژ : جڤاتا هێڤی تەلەبەیا کوردان، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: زریان رۆژهەڵاتی، پێشەکی و پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨، ل ٣٣٨-٣٤٢.



صاحب امتياز
ومدير مسئول :
بابانه عبدالعزيز

آثار نه‌نوسری نادریشوه
عدد : ٢

# هتاوكرد

تاريخ تأسيسى :
غرۀ ذى القعده
١٣٣١

درج اولنميان آثار اعاده اولنمز
نمار : ٢

٤ محرم الحرام سنه ١٣٣٢    شيمديلك آيده بر نشر اولونور    ٢١ تشرين ثانى سنه ١٣٢٩

Une famille Kurde

شامده مليتنى محافظه ايدن كردلردن بر عائله

استانبول
رسملى كتاب مطبعه‌سى
١٣٢٩



دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩ـ١٩٣٢

هەروەها شوکران واحیدە، ساڵی ٢٠٠٥ کتێبێکی بەئینگلیزیی لەسەر ئیسلام لەتورکیای هاوچەرخدا نووسیوەو لەبەشی حەوتەمیدا، کاتێک باسی لە هەڵوێستی نەرێنیی "سەعید نورسی" کردووە سەبارەت بە مەسەلەی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی کوردستان لە پاش جەنگدا، خولیای مەولان زادە ریفعەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێک هاوشێوەی دەوڵەتی ئەرمەنیی راگەیاندووەو لەوبارەیەوە نووسیویەتی:

" نورسی بە ئاشکرا لە رۆژنامەکاندا بەرهەڵستی بریتانییەکانی دەکرد، لەسەروو ئەوانەشەوە وریایی دەدا سەبارەت بە پیلانەکانیان لەبواری سیاسەت و هەوڵەکانیان بۆ بینینی ناکۆکیی لەنێو عولەمادا. هەرچەندە، پێش ئەوەی زیاتر بە وردیی ئەمە بکەین، بابەتێکی دیکەی بایەخدار کە بە بەریتانییەکانەوە پەیوەست بوو، جێگەی نیگەرانی نورسیش بووە، دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەش مەسەلەی کوردستان بوو.

ئەگەر ئەوە وەبیربهێنرێتەوە کە لەکاتی دابەشکردنی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانیی، بریتانییەکان، هەروەها فەرەنساش، چاویان خستبووە سەر هەرێمی کوردستان و کێڵگە نەوتییەکانی میسۆپۆتامیا. پلانی بریتانییەکان بۆ بەدیهێنانی زیاتری بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکە، دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمی گرتبووە خۆ و بۆ ئەمەش ریکەوتننامەی سیڤەر چەندین بەندی لەخۆگرتبوو. بەوەش لەپاش جەنگ، بەڵێنی پێدانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن بریتانییەکانەوە بەکارهێنرا- لەرێگەی هەندێک لەپیاوەکانی خۆیانەوە وەک سەعید مەولا و هاورێیانی لە جەمعیەتی دۆستانی ئینگلیز و داماد فەرید پاشا، وەک ئامرازێک بۆ هاندانی دانیشتووانی ناوچەکە بۆ یاخیبوون لەدژی دەسەڵاتدارانی عوسمانیی. هەروەها بۆ لەمپەر دروستکردن لەبەردەم هێزە نەتەوەییەکان. ژمارەیەک رێکخراوی دیکە لەم بوارەدا دامەزرێنران کە یەک لەوانە "جەمعیەتی تەعالی کوردستان" بوو، کە

سەعید مەولا لەوەشەوە تێوەگلابوو و دەستنێژی بریتانییەکان بوو. ئەو هەروەها لەنورسیش نزیکبووە بۆئەوەی پشتگیریی بەدەسەتبهێنن.

بەڵام هەروەک لەپێشدا و هەروەها دواتریش، ئەو بە رەهایی رەتیکردەوەو هەر کارێکی ریسواکرد کە زیان بە یەکێتی لەگەل تورکان بگەیەنێت. یەک لەو کەسانی لێی نزیکبووەوە سەید عەبدولقادر بوو، سەرۆکی ئەو جەمعیەتەی سەرەوە، دەوترێ کە نوورسی ئەم وەڵامەی داوەتەوە: " خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز فەرموویەتی : خودا کەسانێک دەهێنێت کە خۆشیان دەوێت و ئەویش ئەوانی خۆش دەوێت. من هیوا لەسەر ئەم ئیلهامە خوداییە هەڵدەچنم و وا تێدەگەم کە ئاماژەیەکە بۆ نەتەوەی تورک کە بۆ هەزاران ساڵ وەک هەڵگری ئاڵای ئیسلام لەجیهاندا هەڵسوڕاون. ناتوانم دوای چەند کەسێکی کەم لە هەڵگری بیری رەگەزپەرەستی بکەوم. من دەبیت خزمەتی ئەم نەتەوە پاڵەوانەو هەروەها چوارسەد و پەنجا ملیۆن موسولمانی برای راستەقینەمان بکەم." وەرگرتنی چیرۆکێکی سەرنجڕاکیش لەهەمان سەرچاوەوە زیاتر ئەمە روون دەکاتەوە، ئەوەی لەلایەن کۆنسولدیجی عەساف بەگەوە، کە نووسەرێکی بەناوبانگە، گێڕدراوەتەوەو دەڵێت:

رۆژێک لەکاتێکدا لە ئۆفیسی چاپخانەکە دانیشتبووین، پیاوێک خۆی بە ژوورێدا کردو پۆشاکێکی سەیری لەبەردابوو، کڵاوێکی جۆری درێژیشی لەسەردابوو. مەولان زادە، هەر ئەوەندەی بینی هەستایە سەرپێ و ئاوڕی لێدامەوەو وتی :

کۆنسولدیجی عەساف، ئەمە پێشەنگی نووسەرەکانمانە.

ئەمە بەدیعوززەمان سەعید ئەفەندیە. یەکێکە لە زانا پێشەنگەکانمان.

لەو کاتەوە بەدوا، لەسەر ئەوە راهاتم ناوبەناو چاوم بە نوورسی بکەوێت، هەروەها بەراستی، زۆر سوودم لە گفتوگۆ پڕ زانیارییەکانی دەبینی. ئەو جاروبار سەردانی دەزگای چاپەمەنییەکەمانی دەکردو

پێکەوە قسەمان دەکرد، تەنانەت هەندێک جاریش دەچووینە دەرەوەو سەردانی دەوربەری شارەکەمان دەکرد.

نازانم چەندە پاش ئەمە درێژەی کێشا، سەعید نوورسی ئەستەمبوڵی جێهێشت. ناتوانم ئێستاکە بیرم بکەوێتەوە کە ئەو گەڕایەوە زێدی خۆی یان بۆ شوێنیکی دیکە چوو. بەهەرحاڵ، ئەڵمانەکان و هاوپەیمانەکانیان تووشی شکست و بەزین هاتن، وڵاتەکە دابەشکرا، و دەستیانکرد بەوەی لەهەر گۆشەیەکی وڵاتەکە دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن. ئەرمینیا، یەکێک بوو لەوانە. رۆژێک مەولان زادە ریفعەت بەگ پێی وتم : ئەوان دەوڵەتێکی ئەرمەنیی دادەمەزرێنن، لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆرییەتەکە دادەڕمێت، ئێمەش دەبێت دەوڵەتێکی کوردیی دابمەزرێنین.

کاتێک من بەسەرسوڕمانەوە تەماشام کرد، ئەو پێی وتم: من ناپاک و خیانەتکار نیم، ئەوە من نەبووم کە ئیمپراتۆریی عەلیەی عوسمانییم هەڵوەشاند، نەفرەتی خودا لەوەی ئەوەی کرد، ئەوان کە هەموویان وەک جەردە هەڵاتن. بەدڵنیاییەوە هێزە نیشتیمانییەکان هەن، بەڵام ئەوان هیوایەکی زۆر پێشکەش ناکەن. ئێمە لەسەردەمی مۆجیزەکاندا ناژین. من بۆ بەدیعوززەمان سەبارەت بەم مەسەلەیە دەنووسم، چونکە ئەو خاوەن نفوزێکی زۆرەو داوای لێدەکەم پێمانەوە پەیوەست بێت.

مەولان زادە، نامەکەی نووسی و رەوانەی کرد، پاشان دوای دە رۆژ یان دوو هەفتە دواتر، ئێمە لە ئۆفیسی چاپخانەکە لەگەڵ هەندێک میوان دانیشتبووین، ئەوان جەکاڵی حەمید پاشا کە وەزیری بەحریە بوو لەو کاتەدا، هەروەها لەگەڵ سەرۆکی دادگای سەربازییش. ئێمە سەبارەت بەمەو بەوە قسەمان دەکرد، کاتێک پۆستەچییەک خۆی بەژووردا کردو نامەیەکی دانا. ریفعەت بەگ، کاتێک نامەکەی دەخوێندەوە رەش داگەڕا! دیاربوو کە ئەو تووڕەبوو، کاتێک نامەکەی خوێندەوە، فڕێیدایە بەردەمی من و وتی :

ئەمە بخوێنەوەو ببینە! بەدیعوززەمان پێشنیازەکەی منی ڕەتکردۆتەوەو وتویەتی کە پشتگیریی لە بیرۆکەکەم ناکات.

پێم جوان نەبوو نامەکە بۆخۆم بخوێنمەوە، هەربۆیە بەدەنگێکی بەرز دەستم بەخوێندنەوەی کرد. جەکاڵی حەمید بەگ و مستەفا پاشای سەرۆکی دادگای سەربازیی، گوێیان گرتبوو. بە دەقیقی بیرم نایەتەوە نامەکە چی وتبوو، نوورسی پێشنیاری مەولان زادەی بۆ دامەزراندنی [دەوڵەتی سەربەخۆ]ی کوردستان ڕەتکردبۆوە. هەروەها وتبووی : ریفعەت بەگ، با دەوڵەتی کوردستان دانەمەزرێنن، با ئیمپراتۆریی عوسمانیی ببوژێننەوە. ئەگەر تۆ پەسەندت کرد ئەم کارە بکەی، من خوازیارم تەنانەت گیانی خۆشم بۆ ئەمە بەختکەم."

پاش بیستنی ئەمە، مستەفا پاشا ئاوڕی لە ریفعەت بەگ دایەوەو وتی : ریفعەت بەگ تۆ هەڵەی ، بەدیعوززەمان ڕاستە. ئەوە کوردستان نییە کە دەبێت دابمەزرێت، بەڵکو ئەوە ئیمپراتۆریی عوسمانییە کە دەبێ چاکبکرێت و ببوژێنرێتەوە."[40]

---

[40] Shukran Vahida: Islam in Modern Turkey: An Intellectual Biography of Bediuzzaman Said Nursi, Albany: State University of New York press, 2005, p 146-147.



سەعید مولا کوڕی شێخولئیسلام نەجمەدین ئەفەندی ١٨٨٠ـ١٩٣٠



بەدیعولزەمان سەعید ئەفەندی ١٨٧٨ـ١٩٦٠

مستەفا پاشا یامولکی ١٨٦٦-١٩٣٢



مستەفا پاشا یامولکی ١٨٦٦-١٩٣٢

شایەنی باسە. ئەو سەرچاوە کوردییانەی کە لەقۆناغی پاش جەنگ باسی چالاکییە نەتەوایەتییەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییەکانیان لە ئەستەمبوڵ کردووە، کاتێک ئاماژەیان بە دامەزرێنەرانی جەمعییەتی تەعالی کوردستان لە ١٧ی دیسەمبەری ١٩١٨دا، بە ڕێبەریی سەید عەبدولقادر کردووە، ناوی مەولان زادەیان نەبردووە، کەچی کاتێک باس لە ناکۆکییەکانی ئەو ڕێکخراوەو پەرتبوونی دەکەن، ئاماژە بە مەولان زادە دەکەن وەک جیابۆوەیەک لە جەمعییەتی تەعالی کوردستان و دامەزرێنەرێکی جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کوردیی کە لایەنگریی سەربەخۆیی کوردستان بووە[41] بەدژی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عوسمانییدا. بەگوێرەی بەڵگەیەکی بریتانیی کە "باربارا هێنینگ" پشتی پێ بەستووە، هەروەها لە بەدواداچوونی ڕووداوەکانی پاشتردا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مەولان زادە نەک هەر ئەندامێکی ئاسایی ئەو جەمعییەتە بووە بەڵکو لە دانیشتنەکانیشدا قسەکەری سەرەکیی بووە. باربارا دەڵێت کە ڕۆژنامەی سەربەستی مەولان زادە لەم قۆناغەدا بۆتە زمانحاڵی جەمعییەتی تەعالی کوردستان.[42]

سەبارەت بە هەلومەرجی ئەو کاتە، ڕەفیق حیلمی، لەژێر ناونیشانی "مەسەلەی کورد لە ئەستەمووڵ" دەنووسێت :" کوردەکانی

---

[41] "حەقان ئۆزگیلو" مەولان زادە بە سەر بە باڵی جیاخوازی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردیی و ئەندامێکی کارای جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کوردیی دەزانێت. بڕوانە:
Hakan Özoglu: Kurdish Notables and the Ottoman State. Evolving Identities, Competing Loyalties, and Shifting Boundaries, State University of New York Press, Albany, 2004, p156.

[42] Barbara Henning: Narratives of the History of the OttomanKurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts, p 396-397.
شایەنی باسە، پرۆفیسۆر دکتۆر تیمۆجین فایق ئەرتان لەو کتێبە دۆکیومێنتارییەی بەو دواییە سەبارەت مێژووی تورکیا نووسیویەتی، کاتێک باسی جەمعییەتی تەعالی کوردی کردووە، لەدوای سەید عەبدولقادرو ئەمین عالی، ناوی مەولان زادە ریفعەتی هێناوە.
Prof. Dr. Temuçin Faik Ertan: Başlangıcından Günümüze Türkiye Cumhuriyeti Tarihi, Ankara, 2011, S 88.

(تورکیا) و بەتایبەتی کۆمەڵەکانی سیاسی کورد لە (ئەستەموڵ) کەوتوبوونە تێ کۆشانێکی بێ ووچان و تەقەلایەکی بەتین. لەگەڵ بررانەوەی شەرر (موتارەکە) وە دەرچوونی گەورەکانی کۆمەڵەی (یەکیەتی و سەرکەوتن) لە (ئەستەموڵ) و راکردنیان بۆ دەرەوەی خاکی (عثمانی) ئەم کۆمەڵانە بە ئاشکراو بە بێ ترس هاتنە مەیدان و بە (رەسمی) دوای حقوقی کوردیان خستە پێشەوە. (ویلسن)ی سەرەک جمهوری ئەمەریکا لەو رۆژانەدا (١٤) بەندەکەی خۆی بڵاوکردەوە کە بەپێ ی ئەم (دەستوور) و بەڵگەیە ...هەموو قەومێک مافی داواکردنی سەربەخۆیی پێ درابوو. لەبەر ئەمە (سیاسی) یە گەورەکانی کوردیش یاڵیان دابوو بە (دەستوور)ەکەی (ویلسن)ەوەو داوای سەربەخۆیی کوردستان و ازادی قەومی کوردیان ئەکرد. بۆ ئەم داوایە زۆر تێ کۆشان و لەلای گەورەکانی سوێند خۆرەکان گەلێ تەقەلایان دا. حکومەتی ئەو رۆژەی (ئەستەموڵ) کەوتبوە ویستاویکی گرنگەوە و ئەنجامێکی سامناکی لە پێشەوە بوو. لەوە ئەترسا کە (کوردستان) و (ئەرمەنستان) ی لی جیابێتەوە و وا بەجارێ پوچ بێتەوەو هیچی بەدەستەوە نەمێنێ. ئاگاداری ئەوە بوو کە کۆمەڵەکانی سیاسی کورد پەرەی سەندوە و لە زۆربەی (ویلایەتەکانی خۆرئاوا/خۆرهەڵات سەردەشتی) و شارە گەورەکانی کورددا بڵاو بۆتەوە. بۆیەکە ویستی بە سیاسەت و بە هێمنی لەگەل کوردەکاندا بجووڵێتەوە و یا بیانخڵافێنێ! هەر لەم سەرودەمەدا "کلیمانسۆ"ی سەرەک جمهوری فرەنسە (بەیانێک = ووتار) ی بڵاوکردەوە. ئەمە بەتەواوی تورکەکانی پەشۆکاند و بناغەی دەولەتی بەچەشنی (بوومە لەرزە) هێنایە لەرینەوە. لەم ووتارەدا (کلیمانسۆ) بەناوی دەوڵەتە سوێندخۆرەکانی ئەوروپاوە ئەیوت : " حکومەتی تورک (دەوڵەتی عوسمانی) ئەوەی لەبارانیە کە بتوانێت میللەتێک بەڕێوە بەرێت. لەبەر ئەوە متمانەی پی ناکرێت و نابێ قەومێک کە تورک نەبێ و تا ئیمڕۆ لەژێر جەوری تورک و ستەمی تورکا ژیاوە دووبارە بخرێتەوە ژێر حوکمی". لەبەر ئەمە حکومەتی ئەستەموڵ کەوتە ترسێکی گەورەو ویستی لە کوردەکان نزیک بکەوێتەوە و ماوەیان نەدا کە

دووی ئەم واتانەو یا (دەستوور)ەکەی ویلسن بکەون. و بۆئەوەی لەگەورەکانی سوێندخۆرەکان دووریان بخاتەوەو هەلیان لەکیس بدا بە پەلە (لێژنەیێکی وزاری) دامەزراند کە لەگەڵ کوردەکان بکەوێتە باسی مەسەلەی کوردەوە. ئەم لێژنەیە کۆڵینەوەی مەسەلەی کوردی پێ سپێررا. ئەبوو لەو شتانە بگەرێت کە بووە بەهۆی نارەزایی قەومی کورد. بیر لەوە بکاتەوە – کە بەو شەرتە لەناو یەکیەتی عثمانیدا بمێنێتەوە – چەشنە ئیدارەییک بخاتە بەرچاوی حکومەت کە ئەبێتە هۆی رەزامەندی کورد. لەگەل نوێنەرەکانی کۆمەلەکانی سیاسی کورد باسی ئەوە بکەن کە بۆ کوردو کوردستان چی بە باش و بەکەڵکە بکرێت. بۆ ئەوە تێکۆشن کە کوردو تورک یەک خەنەوەو بۆ ئەو هۆیانە بگەررێن کە بناغەی ئەم یەکیەتی یە دامەزرێننەوەو بەهێزی بکەن. لەلایەکی تریشەوە چە حکومەتی تورک و چە غەزەتەکانی ئەو رۆژەی (ئەستەموڵ) بە پێ ی سورشتی رۆژی رەش کەوتبوونە باسی یەکیەتی ئەم دوو قەومە. یەکیەتی تورک لەگەڵ (برا!) کوردەکانیان. لە چاکی و قازانجی یەکیەتی ئەم دوو برا (موسڵمان) ە . باسی شەریکایەتی کوردو تورکیان ئەکرد و خاکی عثمانیان بە هی ئەم دوو برایە دائەنا. دوژمنی ئەم وولاتەیان بە دوژمنی هەردوولا ئەژمارد. لە پاراستنی ئەم خاکە پیرۆزەدا کوردیش وەکو تورک بەشداربوو. دینی ئیسلام و شەرەفی ناوی خۆشەویستی عثمانی – کە لەم دوو قەومە واتە لەکوردو تورک هاتوەتە ناو- وەکو تورک ئەکەوتە سەر شانی کوردیش!.."

شکی تیا نیە کە ئەم پرۆپاگەندەیە و ئەم هەول و تەقەلایە لەلایەن حکومەت و غەزەتەکانەوە گەلی کەڵکی بۆ تورک بوو و کارێکی باشی ئەکردە سەر زۆربەی کوردەکان. بەڵام نیشتیمان پەروەرەکانی کورد و کۆمەڵەکانی سیاسی لەوانە نەبوون کە بەم واتانە تەفرەبخۆن و لەرێ ی ئازادی کورددا لە تەقەلاکەیان دووا بکەون. ئەمانە

چاوەروانی ئەنجامی کۆبوونەوەو گفت و گۆکانی (لیژنە وزاری) یەکەیان ئەکرد." [43]

بلەچ شیرکوە، لەکتێبەکەی خۆیدا، دەقی ئەو بانگێشتەی بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەریزادەو بە نوێنەری سەدری ئەعزەم لەرۆژی ١ی حوزەیرانی ١٣٣٥ بەرامبەر بە ١٤ی حوزەیرانی ١٩١٩، بۆ یەکێک لە ئەندامانی لێژنە کوردییەکەی ناردووە کە ئەمین عالی بەدرخان بووەو تێدا هاتووە کە بەرژەوەندیی دەخوازێت جەنابیان لەو لیژنە وزارییە ئامادەبن کە بڕیارە رۆژی سێ شەممەی داهاتوو کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لە بابی عالی کۆبێتەوە. شایەنی باسە، ئەم نووسەرە کە بۆخۆی ئەحمەد سورەیا بەدرخانە، ناوی ئەندامە کوردەکانی نوێنەری جەمعیەتی تەعالی کوردستانی نووسیوەو جگە لە ئەمین عالی، ناوی سەید عەبدولقادر ئەفەندی و موراد بەدرخانیشی داناوەو دەڵێت کە هەر دوولا لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی نێوخۆیی بدرێتە کوردان بەو مەرجەی کورد لەنێو یەکێتی عوسمانیی بمێنێتەوەو هەروەها ئەم ئۆتۆنۆمییەش دەستبەجێ رابگەیەندرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی بکرێت.[44]

وەدیع جوەیدە، لەنامەی دکتۆراکەیدا لەوبارەیەوە نوسیوویەتی : "بڵاوکراوەیەکی بەریتانیی سەرنجێکی جیاواز سەبارەت بەم رووداوانە پێشکەش دەکات، ئەو دەڵێت تورکان هیچ داوایەکیان لە کۆمەڵەی تەعالی نەکردووە نوێنەری خۆی بۆ وتووێژکردن سەبارەت بە کێشەی کورد بنێرێت، بەڵکو زیاتر بانگکردنێک بووە بۆئەوەی روونیبکەنەوە کە لەسەر بنەمای چ دەسەڵاتێک لەگەڵ بەریتانییەکان لە ئەستەمبوڵ دانوساندنیان سەبارەت بە چەند بابەتێکی تایبەت بە کورد کردووە. بە گوێرەی ئەم راپۆرتە، کارمەندانی عوسمانیی ئاماژەیان

---

[43] رفیق حلمی : یادداشت ، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم ، بەغدا، ١٩٥٦، ل ٢٠٢-٢٠٥.
[44] الدکتور بلەچ شیرکوە، القضیة الکردیة. ماضی الکرد و حاَضرهم، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٣٠، ص ٦٦-٦٧.

بەوە داوە کە بابەتگەلێکی لەم شێوەیە پێشبڕکێیەکە لەگەڵ دەروازەی باڵادا/ بابی عالی، ئەوەی وەک ئەوان جەختیان لەسەر دەکردەوە لەئاستیکی وادایە کە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان بۆ کوردان دەستەبەربکات.

دەگوترێت ریفعەت بەگ، قسەکەری شێخ عەبدولقادر، کە بۆخۆی لەگفتوگۆو دیدەنییەکەدا نەبووە، وەڵامی ئەوە بووە کە کورد بەپێی بنەماکانی (ویدرۆ ویلسن) کاری کردووە، ئەو بنامایانەی مافی داوە بەهەموو نەتەوەکان لەپێناو رزگارکردنی خۆیاندا تێبکۆشن. ئەو گوتی، کوردان لەو باوەڕەدان کە تەنیا بەریتانیا دەتوانێت ئازادیی و ئاسایش بۆ کوردستان مسۆگەر بکات، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوان دەستیان بە گفتوگۆ و دانوساندن لەگەڵ بەریتانییەکاندا کردووە. رەفعەت بەگ گومانی خۆی لەوە دەبڕی کە تورکان بتوانن ئۆتۆنۆمی بە کورد بدەن و لەو دیدوە کە ئایندەی خۆیان بەتەواویی روون نیە. سەبارەت بەم خاڵە دەگوترێت کە عەبوک پاشا بە توڕەییەوە لە قسەکەرەکەی کوردان هەستاوەتەوە سەرپێ و و پێیگوتووە کە حکومەتی عوسمانیی لە هەموو کاتێکی دیکە بەهێزترەو بڕیاریداوە دەست لە بستە زەمینێک لەخاکی خۆی بۆ کەس هەڵنەگرێت. هەروەها فەمانیداوە بە سوپای قەفقاسی تورکیی کە دژی هەموو سوپایەکی بێگانە راوەستێت هەروەها رێگەنەدرێت پەنابەرە ئەرمەنییەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانییدا. لەم کاتەدا دەگوترێت عەونی پاشا توڕەبوون و هەڵچوونەکەی عەبوک پاشای هێورکردۆتەوە."[45]

---

[45] پرۆفیسۆر. دکتۆر وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد. بنەماو پەرەسەندنی، لە ئینگلیزییەوە : ی. پرۆفیسۆر. د. یاسین سەردەشتیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٨٩-٢٩٠. هەروەها " د. احمد عثمان ابوبکر" یش بەپشتبەستن بە نووسەری ئینگلیزی (ج درایڤەر) و بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان لەژێر ناونیشانی "کێشە کوردییەکان و وەزارەت" ئەم باسەی تۆمارکردووە. بڕوانە: کردستان فی عهد السلام، رابطة کاوا للثقافة الکردیة، اربیل، ٢٠٠٢، ص ٥٢-٥٣.

مەسعود یەگان، لە کتێبەکەیدا کە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بریتانیی سەبارەت بەکوردستان وەرگێڕاوە، یەکێک لەو بەڵگانەی داناوە کە باسی لەم کۆبوونەوەیەی نوێنەرانی کوردو بەرپرسانی حکومەتی عوسمانییە. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، کۆمیساری باڵای ئینگلیزیی لە ئەستەمبوڵ لەرۆژی ٢٣ی جوڵای ١٩١٩دا، پوختەی وەرگێڕانی راپۆرتێکی نافەرمی سەبارەت بەگفتوگۆی نێوان ئەندامانی لێژنە کوردییەکەی جەمعیەتی تەعالی کوردستان و حکومەتی تورکیی لەئەستەمبول لە ١٠ی جوڵایدا، بەرزکردۆتەوە، ئەو گفتوگۆیەی لەسەر بانگێشتی "حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی، شێخولئیسلامی پێشوو و ئەندامی ئەنجومەنی ئەو کاتی کابینەکەی داماد فەرید پاشای سەدری ئەعزەم، بوو. ئەوانەشی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون بریتیبوون لە : سەید عەبدولقادری گەیلانیزادە، ئەمین عالی بەدرخان، مەولان زادە ریفعەت، موقەدەم ئەمین بەگ، رائد عەونی بەگ، کۆبوونەوەکە کاژمیر ٤ی بەیانی بەکاتی ئەستەمبوڵ لەرۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ١٠ی جوڵای لە وەزارەت بەڕێوەچوو، وەزیر عەبوک پاشاو عەونی پاشای وەزیری بەحریەش پێوەی پەیوەست بوون.

سەرەتای گفتوگۆکە لەلایەن حەیدەری زادە دەستپێکردو وتی کە گوایە لەلایەن والییەکانی کوردستانەوە، تەلەگرافی ئەوتۆ سەبارەت بە لقەکانی جەمعیەتە کوردییەکە هاتووە کە بانگەشە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەو رووی کردە سەید عەبدولقادرو وتی : " پیمان باشە لەم رووەوە روونکردنەوە بزانین و ئەگەر بتوانی داواکارییەکانی خۆت بە نووسین پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەیت." لێرەدا ئەمین بەگ دەڵێت : " هیچ فەرمانێکی فەرمییمان بە لقەکانمان نەداوەو ئەو تەلەگرافانەی کە لەوالی ویلایەتەکانەوە گەیشتوون بەتەواویی راست نین. ئەگەر کۆپییەکانت پێیە پێشانی بدەن با وەڵامی پێویستی بدەمەوە."

حەیدەریزادە : پێویستە بڕوام پێبکەیت، هەروەک دەزانم کوردان نایانەوێت دەوڵەتی عوسمانیی جێبهێلن، بەڵام لەوانەیە هەڵخەڵەتابن. ئینگلتەرا کە سلێمانی داگیرکردووە، هەوڵدەدات کوردستانی مەزن دروست بکات و پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی (مەبەستی پارێزگا کوردییەکانی باکووری کوردستانە/ سەردەشتی) بخاتەسەر. ئەمە ئەو رێگایەیە کە دەیبینین.

مەولان زادە ریفعەت: ئەگەر کارەکە بەم جۆرە بێت، ئەوا ئینگلتەرا بوونی کوردستان و دەوڵەتی عوسمانیی باشتر لە فەرید پاشا دەپارێزێت! چونکە کوردستانی مەزن زیاتر لە ئەرمینیای مەزن زیاتر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی دەپارێزێت و لانیکەم دەوڵەتەکە بەتەواویی وەک دەوڵەتێکی موسوڵمان دەمێنێتەوە.

حەیدەریزادە: بەتەواویی تێناگەم مەبەستت چییە؟

مەولان زادە ریفعەت: وەک دەزانی، سەدری ئەعزەم لەوتارەکەیدا لەکۆنگرەی پاریس بەوە رازی بووە کە ئۆتۆنۆمییەکەی فراوان بداتە ئەرمەن، ئەوەش بەسروشتی حاڵ وایکردووە نەتەوەی کورد موتەئەسیربێت.

عەونی پاشا: ئەم ئۆتۆنۆمییە فراوانە بە زەوییەکانی ئێمەوە پەیوەست نییە و بەکۆماری ئەرمینیاوە لە قەفقاس، پەیوەستە.

مەولان زادە ریفعەت: تێناگەم چۆن سەدری ئەعزەم دەتوانێت بە زەوییەکەوە پابەندبێت کە هی ئێمە نییە!!

عەبوک پاشا: (بە بێزارییەوە) کەواتە فەرمانمان دەرکردووە و تەواوی رێوشوێنە پێویستەکانمان گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی سنورەکانمان، نیگەران مەبە.

رائید عەونی بەگ: کەواتە فەرمانی تەواومان بدەنێ بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لە کوردستان.

ئەمین بەدرخان : کەواتە بۆ گلەیی و شکایەت دەکەن و پەلامارمان دەدەی؟!

حەیدەریزادە : ئێمە شکایەت ناکەین، ئێمە لە لایەنگری کوردان دڵنیاین، بەلام دەمانەوێت داواکاری جەمعیەتەکە بزانین.

سەید عەبدولقادر : راگەیەندراوەکەی سەدری ئەعزەم زۆر روونە، ئەو دەیەوێت قوربانی بە کوردستان بدات لەپێناوی ئەرمەندا.

حەیدەریزادە: قسەکانی فەردید پاشامان لەرووی پرەنسیپەوە پی خراپ بوو، تەنانەت بڕیارماندا راستیشی بکەینەوە.

مەولان زادە : ئەگەر شتەکە بەم شێوەیەیە، بۆچی تا ئێستا بۆ خەڵکتان رانەگەیاندووە؟!

حەیدەریزادە: چاوەڕیی لێبوونەوەی سەدری ئەعزەمەکەمان دەکەین.

عەونی پاشا : با راشکاوانە قسە بکەین، ئەمڕۆ چارەنووسیمان تاڕادەیەک چەسپاو نییە، پێویستە بۆ ئامانجێکی هاوبەش کاربکەین. لە حاڵی ئێستادا، ئێمە چاوەڕیی هاوکاریی و گویڕایەڵی ئێوەین. کەی گەیشتە کاتێک بەو چەشنە بیرتان لێدەکەینەوەو ئەوساکە پێتان رادەگەیەنین. تا ئەو کاتە بڕۆن بایەخ بە کاروباری خۆتان بدەن.!

مەولان زادە: بەڵام لە پاش ئەوە ئایا کات بەتەواوەتی تێناپەرێت بۆئەوەی بایەخ بە کاری خۆمان بدەین؟! ئێستاکە خەریکە چارەنووسی هەمووان لە کۆنگرەی پاریسدا دیاری دەکرێت. لەسەر هەموو حکومەت و نەتەوەیەک پێویستە رێز لەو بڕیارانە بگرێت کە لەوێ دەردەچێت. هەربۆیە کۆمەڵگاکەمان هەوڵدەدات کە ئاشتی و ئارامیی لەکوردستان بپارێزێت لە پێناو نەتەوەی کورددا.

ئەمین عالی بەدرخان : ئایا حکومەتی عوسمانی دەتوانێت لێرەبەدوا گرێنتی بوونی کوردستان بکات؟! ئایا بە بوونی حکومەتێکی سەربەخۆ رازی دەبێت؟!

عەونی پاشا : ئەگەر ئەو کارە بەدەستی من بێت، بەڵی پەسەندی دەکەم. حکومەت لێرە بەدواوە ناتوانێت ئەم شێوازو نموونەیە بپارێزێت (مەبەستی ناوەندگەراییە/سەردەشتی) من لەگەڵ ئەو هێزانەدا بووم کە لەکاتی راپەڕینی ئیمام یەحیا رەوانەی یەمەن کران، تەنانەت ئەو کاتەش لەگەڵ ئیمام یەحیا گەیشتینە رێکەوتنێکی مام ناوەندی. من ئەو کاتە ئاماژەم بە پێویستی پێدانی ئەو دەسەڵاتە دا، بەڵام هاوڕێکانم گوێیان لی نەگرتم و وتیان تۆ هەڵەیت، بەڵام دواتر هەر کارەکەیان بەو شێوەیە بەڕێکرد کە من پێم وتبوون. بەوەش کارێکی باشیان کرد، چونکە بەگرتنەبەری ئەم رێوشوێنانە، لەکاتی جەنگەکە ئیمام یەحیا بەرهەڵستی نەکردین.

ئەمین بەدرخان : ئەگەر دەتەوێت جیاوگ بدەیتە کوردستان، باشتر نییە لە واقیعدا فەرمانڕەوایەکی کوردو بەرپرسانی کورد رەوانەی کوردستان بکرێت؟!

عەونی پاشا : بۆچی نا ؟! پێمان بڵی کێ بە شایستە دەزانی؟

سەید عەبدولقادر : تۆ دەزانی کە لەسەر پێداگریی من، لەماوەی پێشوودا دوو والی کوردم بۆ دیاربەکرو مەعمورەتولعەزیز (ئیلازیک) دەستنیشانکرد، لەگەڵ ئەوەش، بۆ رۆژی دواتر، فەرید پاشا دانی بەم بڕیارەدا نەناو ئەو هەمیشە دژی کوردانە.

عەونی پاشا : دڵنیات دەکەمەوە ئەوە فەرید پاشا نەبوو کە دانی بە بڕیارەکەدا نەنا!

سەید عەبدولقادر : ئەی کێ بوو؟!

عەونی پاشا : ناتوانم ئێستاکە ئەوە بڵێم!

گفتوگۆو گەنگەشەکە سەبارەت بەم بابەتە بۆ ماوەیەک درێژەی کێشاو بەڵێنی دامەزراندنی والییەکی کوردو چەند بەرپرسێکی کورد بۆ کوردستان درا."[46]

هەر بە پشتبەستن بە نامەیەکی میستەر هۆهلەر لە ئەستەمبوڵەوە بۆ میستەر تیلەر لە لەندەن، حەقان ئۆزگیلو، نوسیویەتی کە مەولان زادە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی جەمعیەتی تەعالی کورد بێ مۆڵەتی حکومەت دیداری لەگەڵ بریتانییەکان ئەنجامداوە، وتویەتی:

" بەگوێرەی بنەماکانی ویلسۆن، هەموو نەتەوەیەک مافی یەوەی هەیە کە بۆ خۆشگوزەرانیی و سەرپێکەوتنی خۆی تێبکۆشێت...کورد هاتۆتەسەر ئەو باوەڕەی تەنیا هێزێک کە ئازادیی و ئاسایشیان مسۆگەر بکات، بەریتانیای مەزنە. هەربۆیە بە شیاویان زانیوە کە لە دەسەڵاتدارانی بریتانی نزیک بنەوە. مەولان زادە ریفعەت، پرسیاری کرد کە چۆن حکومەتی تورکیی دەتوانێت هەر مافێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد مسۆگەر بکات لەکاتێکدا ئایندەی خۆی نادیارە" [47]

خوێندنەوەیەکی سەرپێی ئەم گفتوگۆیە بەسە بۆئەوەی درک بەو راستییە بکرێت کە دەسەڵاتدارانی تورکی خۆ بەلیبراڵزانی عوسمانیی لەئەستەمبوڵ، ئەوانەی خۆیان لە لایەنگرانی حیزبی حوریەت و ئیئتلافدا بەرێبەری داماد فەرید پاشای زاوای سوڵتان وەحیدەدیندا دەبینیەوە، هەروەک ئیتحادییە کۆنەکان و نەتەوەییخوازەکانی شوێنکەوتووی مستەفا کەمال، داوای هاوکاریی و گوێڕایەڵییان لەکوردان و رێبەرانیان و پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی کوردستان دەکرد، بۆئەوەی رەوشی ناجێگیریی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لەقۆناغی پاش شکستی جەنگەکە تێپەڕێنن و مەسەلەی مافی کوردو ئایندەی کوردستانیان بە داهاتوویەکی نادیار سپاردبوو. ئەم گفتوگۆیە

---

46 Mesut Yegen : İngiliz belgelerinde .Kürdistan 1918-1958 , Ankara, 2012, p 85-88.

47 Hakan Özoglu: Kurdish Notables and the Ottoman State. Evolving Identities, Competing Loyalties, and Shifting Boundaries,s 83.

دەرخەری ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ و شەخسی فەرید پاشای سەدری ئەعزەم بەراستیی نە دۆستی کورد بوون و نە خواستوشیانە، وەک هەندێک بەهەڵە پێیان وایە[48]، مافی کورد بسەلمێنن، بەڵکو ئامادەبوون لەپێناو مانەوەی خۆیاندا فشاری رۆژئاوا سەبارەت بە مافەکانی ئەرمەن لەسەر حیسابی کورد، بسەلمێنن و کورد بکەنە پارسەنگ و مەترسیی خۆشیان سەبارەت بە خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی و ئەگەری دەستێوەردانی ئینگلیزەکان لەو مەسەلەیە نەشاردۆتەوەو ویستوویانە بەتوندیش رووبەڕووی ببنەوەو ئەمەش بە ئاشکرا لەقسەکانی حەیدەریبیزادەوە دەردەکەوێ، بەڵکو ویستویانە گەر زۆر ناچاربکرێن بە پێدانی بەڵێنی دانانی والییەکی کوردو چەند بەرپرسێک کێشەی پەرەسەندووی دیارییکردنی چارەنووسی نەتەوەیی کورد لەپاش جەنگەکەو لەگەرمەی کۆنفرانسی پاریسدا لەکۆ خۆیان بکەنەوەو تەنانەت هەوڵیانداوە ئەو بەڵێنەش پشتگوێبخەن و جێبەجێی نەکەن. ئەوەی دواتریش لە رێکەوتننامەی سیڤەر بۆ کورد چەسپێنرا زادەی هەوڵەکانی شەریف پاشا و پشتگیریی دەستەبژێریی کورد بوو لەو داوایانەو بەشێکی چەسپاویش بوو لە تاکتیکی ئینگلیزەکان بۆئەوەی لەئاییندەدا سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان بیکەنە فاکتەری فشار بۆ سەر دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ و هەڵقوڵاوی خواست و ئیرادەو باوەڕی فەرید پاشا و سوڵتان نەبوو، کە نوێنەرانیان لەسەرەتادا ئامادە نەبوون رێکەوتننامەکە واژۆ بکەن ودواتر بەسەریاندا سەپاندن.

قسەکانی مەولان زادە کە بۆخۆی لەم کۆبوونەوەیەدا بووەو ئەندامێکی نوێنەرایەتییە کوردییەکە بووە، زۆر جێگەی بایەخن و دەردەکەوێت کە ئەو بەردەوام پرسیار لەو دووڕوویی و سیاسەتی خافڵاندن و دژبەکوردەی حکومەتەکەی داماد فەرید پاشا دەکات و رەخنەی دەکات. هەر وەها پێی وایە چاوەڕێکردن و متمانەکردنی بێبنەما بە بەڵێنە بێوادەکانی دەسەڵاتدارانی ئەستەمبوڵ دەبێتە هۆی

48 بڕوانە : مەسعود عەبدولخالق : نەوەی یەکەمی عەلمانییەتی کورد. ریشەی ئیلحاد لە کوردستان، وەرگێڕانی : سەرهەنگ عەبدولواحید، کتێبی خاڵ [٣٠]، ٢٠١٨، ل ١٥٨

لەدەستچوونی دەرفەتێکی گەورە لەدەست کوردو لەدۆخێکی هەستیاری بەو شێوەیەدا کە تیایدا چارەنووسی ئیمپراتۆرییەکەو نەتەوەکانی دیارییدەکرێت، ناکرێت مەسەلەی کوردستان و مافەکانی کورد بە قەزاوقەدەر و خانەی چاوەڕوانیی بسپێردرێت و داو دەکات ئەگەر حکومەتی ئەستەمبوڵ بەراستیی خەمخۆریی مانەوەی ئیمپراتۆرییەکەیە بە یەککگرتوویی دیدی ڕاشکاوانەی خۆی سەبارەت بەمافی کوردو کوردستان ڕابگەیەنێت و سیاسەتی دووڕوویی بنێتەلاوەو قومار بە چارەنووسی کوردەوە نەکات.

لەراستییدا، کەسانی وەک مەولان زادە ریفعەت و ئەندامانی هۆشیاری ڕێکخراویی جەمعیەتی تەعالی کوردستان لەم قۆناغەدا ناحەقیان نەبوو لە ئایندەی کوردستان نیگەران بن، چونکە نە حکومەتەکەی فەرید پاشا و سوڵتان لەئەستەمبوڵ لەسەر ئەرزی واقیع هیچیان دیار بوو، وەک بلەچ شیرکویش دەڵێت :" هەفتە لەپاش هەفتە و مانگ لەدوای مانگ تێپەڕی فەرید پاشای سەدری ئەعزەم هیچ یەک لەبڕیارەکانی ئەو لێژنەیەی جێبەجێنەدەکردو وادەی بێ جێو ڕێی دادەنا، ئەوەی نیشتمانپەروەرە کوردەکانی بێزارکردو وای لێکردن هەوڵی نوێ بۆ دواکانیانی لەنێو بازنە سیاسییەکانی ئەورووپاو وڵاتانی دیکە بدەن."[49] لەولاشەوە مستەفا کەمال کە حکومەت خۆی وەک پشکنەر ڕەوانەی ئەنەدۆڵی کردبوو، لەکوردستان خەریکی خۆکۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزەکان بوو تاوەکو لەئایندەیەکی نزیکدا بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی تورک بەکاریان بهێنێت و هەر ١٣ ڕۆژ پاش ئەم کۆبوونەوەیەش لە ئەرزڕۆم یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست. لەلایەکی تریشەوە، ئەمریکییەکان هاوشێوەی کۆمسیۆنی "کینگ کراین" کۆمسیۆنێکیان بەناوی " هاربۆرد" ڕەوانەی ئەنەدۆڵ کردو پێشنیاری ماندێتییەکی ئەمریکییان لەناوچەکە دەکرد بەقازانجی ئەرمەنییەکان.[50] هەموو ئەمانە نیگەرانیی و دڵەراوکێی کوردانی

---

[49] دکتور بلەچ شیرکوە، هەمان سەرچاوە، ل ٦٧.

[50] ئێریک جەی زوچەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

ئەستەمبوڵی توندتر دەکردو دەترسان لەئاینده هەروەک رووویدا سەریان بێ کڵاو بمێنێتەوە.



سەید عەبدولقادری نەهری ١٨٥١-١٩٢٥

## İngiliz Yüksek Komiserliği, İstanbul

23 Temmuz 1919

Lordum,

10 Temmuz'da Kürt Komitesi üyeleriyle Türk hükümeti arasında gerçekleşen görüşmelere ilişkin olarak gayri-resmi yollardan elime geçen bir raporun tercümesini Lordlarının bilgisine sunmaktan şeref duyarım.

Lordlarının sadık hizmetkarları
olmaktan şeref duyarım, efendim.
**Yüksek Komiser**

Eski Şeyhülislam ve şimdiki kabine üyesi Haydari Zade'nin daveti üzerine, Seyid Abdülkadir, Emin Ali Bedirhan, Mevlanzade Rıfat, Yarbay Emin Bey ve Binbaşı Avni, 10 Temmuz Perşembe günü saat 4'te Haydari Zade tarafından -kısa bir süre sonra eski Savaş Bakanı Abuk Paşa ve Denizcilik Bakanı Avni Paşa'nın da kendilerine katıldığı- Sadarette kabul edildiler. Toplantıda aşağıdaki görüşme gerçekleşmiştir:

**Haydari Zade**: Kürt Yüksek Komitesi'nin şubelerine ilişkin olarak valilerden alınan telgraflardan, Kürdistan'da bağımsızlık

yanlısı ve hükümeti tanımayı reddeden çok sayıda örgüt kurduğunuz anlaşılmaktadır. Sizi davet etmek ve taleplerinizin tam olarak ne olduğunu anlamak üzere hükümet tarafından görevlendirilmiş bulunmaktayız. Dolayısıyla, isteklerinizi yazılı olarak kabineye iletir misiniz?

**Yarbay Emin Bey**: Şubelerimize yasal olmayan hiçbir emir vermedik. Valilerden aldığınız telgraflardaki iddialar tümüyle gerçek dışıdır. Eğer lütfedip telgrafların bir kopyasını bize gösterirseniz, o zaman size gerekli yanıtları veririz.

**Haydari Zade**: Bana inanmalısınız. Kürtlerin Osmanlı devletinden ayrılmayı istemediklerini ben de biliyorum; ancak aldatılmış olmaları mümkündür. Süleymaniye'yi işgal eden İngiltere büyük bir Kürdistan kurmaya çalışmakta ve doğu illerini de bu Kürdistan'a ilhak etmek istemektedir. Biz böyle görüyoruz.

**Mevlanzade Rıfat:** Eğer böyleyse, demek ki İngiltere Kürdistan'ın ve dolayısıyla Osmanlı devletinin varlığını Sadrazam Ferit Paşa'dan daha iyi korumaktadır. Çünkü, büyük bir Ermenistan'dansa büyük bir Kürdistan, Osmanlı çıkarları açısından daha yeğdir; böylece hiç olmazsa tümüyle Müslüman olan bir ülke kalır.

**Haydarı Zade:** Tam olarak ne demek istediğinizi anlamadım.

**Mevlanzade Rıfat:** Bildiğiniz üzere Sadrazam, yayımlamış bulunan Paris Konferansı'ndaki konuşmalarında, Hükümet'in Ermenilere geniş bir özerklik vereceğini kabul etmiş olduğunu belirtti; bu doğal olarak Kürt ulusunu oldukça müteessir etti.

**Avni Paşa:** Bu geniş özerklik bizim topraklarımıza ilişkin değildir. Kafkaslardaki Ermeni Cumhuriyeti'yle alakalıdır.

Mevlanzade: Sadrazamın bize ait olmayan topraklara ilişkin olarak nasıl taahhütte bulunabileceğini anlayamıyorum.

**Abuk Paşa:** (Sinirlenerek) Biz karış karış tüm sınırlarımızı korumaları için kumandanlarımıza emir vermiş ve gerekli tüm önlemleri almış bulunmaktayız. Hiç endişelenmeyin.



حەیدەریزادە ئیبراهیم ئەفەندی ١٨٦٦-١٨٣١



داماد فەرید پاشای سەدری ئەعزەم ١٨٥٣-١٩٢٣

دیارە بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، هەر لە یەنایەری ١٩١٩ەوە، سەید عەبدولقادر دەستەیەکی لە ئەندامانی جەمعییەتەکەی پێکهێنا بە ناوی "دەستەی کوردە دیموکراتەکان" بۆ چاوپێکەوتنی نوێنەرانی هاوپەیمانان بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان و ئەو دەستەیە چاویان بە دیپلۆماتی ئینگلیزو شارەزای کاروباری تورکیی (ئەندرۆ ریان) کەوت، ئەوان نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە پشتگوێخستنی داواکارییە نەتەوایەتییەکان پێشانداو داوای پشتگیریی بریتانییان کرد بۆ سەربەخۆیی کوردستان.[51] پێدەچێت مەولان زادە ئەندامێکی ئەو دەستەیە بووبێت چونکە پاشان ئەندرۆ ریان تانەی لە هەڵوێستی پێداگرانەی سەربەخۆییخوازیی و نەتەوایەتیی ناوبراو داوەو دەڵێت کە ئەو هەلپەرستێکی سیاسییەو بادانەوەی توندی بەرەو ناسیونالیزمی کوردیی، بەشێکی بچووکی بۆ ئەو هاندەرە دەگەڕێتەوە کە دەست بەسەر زەوی بنەماڵەکەیدا لە باکووری میسۆپۆتامیا بگرێتەوە!![52]

مەولان زادە، وەک ئەندامێکی چالاکی جەمعییەتی تەعالی کوردستان و جێمتمانەی سەید عەبدولقادر، لە هاوینی ١٩١٩دا، چاویان بە ئەفسەری بریتانی مێجۆر ئێدوارد نۆێل کەوت. نۆێل بەو پێیەی دەبوو بچێتە کوردستان، بڕیار بوو سەرەتا لەگەڵ مەولان زادەو سەید عەبدولقادر بڕوات، بەڵام ئەمە سەری نەگرت و دواتر مەولان زادە پێی وابوو کە نابێت نۆئێل بە تەنیا بڕواتە کوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەلادەت و کامەران بەدرخان کرد کە لە رۆژنامەی سەربەستییدا بەرپرسیار بوون، لەگەڵی بچن. دەوترێت خودی مەولان زادە لەگەڵ ئەم گروپەدا هەتاوەکو مەڵاتییە رۆیشتووە. شایەنی باسە، خودی مستەفا کەمال و بەگوێرەی بەڵگەکانی ژمارە ٦٣و ٦٥ کە

---

[51] قادر سليم شمو : موقف الكورد من حرب الاستقلال التركية ١٩١٩-١٩٢٢، دهوک، ٢٠٠٨ ، ص ١٤٩-١٥٠.

[52] Andrew Ryan, The Last of the Dragomans (London: Geoffrey Bles, 1951), pp. 155-156.

جفرەن و بۆ فەرماندەکانی لەشکری ١٥و ٢٠و ١٢ی ناردووە لە ئەرزڕۆم و ئەنکەرەو ماڵاتیە، دانی بە هاوەڵیی مەولان زادەدا لەگەڵ مێجۆر نۆئیل ناوەو ئامانجی ئەم سەردانە، پەیوەندییکردن بوو بە عەلی غالب بەگی والی ئاڵازیز و خەلیل بەگی موتەسەریفی ماڵاتیەو پرۆپاگەندە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆو ڕێگریی لە بەهێزبوونی تورکە نەتەوەییەکان.[53]

---

[53] Mustafa COŞKUN: MEVLANZADE RIFAT BEY'İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ , S 125; Mustafa, Kemal, Atatürk: Nutuk, TORK DEVRiM TARIHi ENSTITUSU, Cilt : III, Istanbul, 1969S 61-62.



سێر ئەندرۆ ریان ١٨٧٦-١٩٤٩



Major Edward William Charles Noel

مێجۆر ئێدوارد ولییەم چارلس نۆئێل ١٨٨٦-١٩٧٤

Kemal Bey daha mutemet bulunduğu ve bu vasıta ile muhabere buyurulması maruzdur. Şifre kalemi numara 365.

K. O. 13 Kumandan Vekili

*Cevdet*

*Vesika, 62.*

*Şifre*
Adet
23

Sıvas, 9.9.1919

Erzurumda On Beşinci Kolordu Kumandanlığına
Ankara Yirminci Kolordu Kumandanlığına

Müstakil Kürdistan teşkili propagandası yapmakta olan İngiliz Binbaşısı Mister Nowil, yanında Mevlanzâde Rifat Bedirhanilerden Kâmran, Celadet ve Cemil Paşazade Ekrem Beyler namındaki zevat ile Malatyaya gelerek Elâziz Valisi Ali Galip Bey de kendilerine iltihak ile Bedirhanilerden olan mutasarrıfı liva Halil Beyle müştereken millet ve vatan aleyhinde icraata tevessül eyledikleri ve gûya postayı vuranları takip eylemek maksadiyle etraftan Ekrat celbine kalkıştıkları istihbar edildiğinden Harputtan 15 inci Alay Kumandanı makinelitüfekle mücehhez bir müfrezei askeriye, Aziziyeden iki süvari bölüğü, Siverekten Malatyadaki Süvari On İkinci Alaya mensup bölük Malatya üzerine tahrik edilerek mumaileyhimin tevkifleri esbabına tevessül edilmiştir. Netice ayrıca arzolunacaktır.

*Mustafa Kemal*

*Vesika, 63.*

*Şifre*
Adet
21

Sıvas, 9.9.1919

Diyarbekir On Üçüncü Kolordu
Erkânıharbiye Riyasetine

Malatyada içtima eden millet hainlerinin bu defa da gûya postayı vuranları takip maksadiyle etraftan Ekrat celbine tevessül eyledikleri mesmu oldu. Aziziyeden hareket eden Üçüncü Kolordu süvari bölüklerine en kısa yoldan

Malatyaya hareket emredildi. Binaenaleyh posta hırsızlarını takip etmek için uzaklaştırılmış olan On İkinci Süvari Alay bölüğünün de hemen Malatyaya tahriki pek lâzımdır. Müstaceliyeti maslahata binaen alay Kumandanına bu husus tavsiye edilmiştir. Kolordudan da doğruca emir verilmesi rica olunur. Bugün ayrıca otomobil ile Malatyaya zabitan da gönderilmiştir.

*Mustafa Kemal*

***Vesika, 64.***

*Şifre*
Adet
18

Sıvas, 9.9.1919

Malatayda On İkinci Süvari Alay Kumandanlığına

Harput valisi ile Malatya mutasarrıfının İngilizlerin âleti olarak vatan ve millet aleyhinde icraata tevessül eyledikleri ve elyevm Malatyada müstakil Kürdistan teşkili propagandası yapmak üzere gelmiş olan İngiliz Binbaşısı Mister **Nowill** ve hempaları Kâmran, Celâdet ve Ekrem ve Mevlânzade Rifat Beylerle birleşerek, gûya postayı vuranları takip eylemek üzere mutasarrıfın civardan müsellâh Ekrat talep eylediği anlaşıldı bu hususta tarafı âlinizden de malûmata intizar ediyorduk. Doğrudan doğruya millet ve ordu aleyhinde bir hareketi hainane teşkil eden bu teşebbüse karşı alayınız ne tertibat almıştır. Sürati iş'arına muntazırım. Hısnımansurdaki bölüğünüzün takipten sarfınazar ettirilirek hemen Malatyaya celbi lâzımdır.

*Mustafa Kemal*

***Vesika, 65.***

Kemahta Meb'usu Sabık Sağırzadelerden
Halet Beyefendiye

İngiliz himayesinde müstakil bir Kürdistan teşkili maksadiyle propoganda yapmakta olan İngiliz Binbaşılarından Mister **Nowill**'in din ve milletlerini satmış Kürt Beylerinden Ekrem, Kâmran Âli, Celâdetle Malatyaya geldiği ve hükûmeti merkeziyenin mürevvici efkârı yani millet ve vatan haini olan Harput valisinin de bunlara iltihak eylediği ve

لە سەروبەندی توندبوونەوەی ململانێی تورکە کەمالییەکان لەگەڵ یۆنانییەکان و بایەخپێدانی بریتانییەکان بە مەسەلەی کوردستان، ئەفسەرێکی ئاسایشی یۆنانیی، لە مایۆی ١٩٢١دا، گەیشتە باڵیۆزخانەی یۆنانی لە ئەستەمبوڵ و خوازیار بوو چاوی بە مەولان زادە بکەوێت. لە چاوپێکەوتنەکەدا،[54] ئەو روونیکردەوە کە دەوڵەتی یۆنانیی دەیەوێت لەدژی کەمالیستەکان پشتگیریی کورد بکات. ئەو وتی کە یۆنان ئامادەیە هاوکاریی مادیی و چەکداریی کورد بکات و لە بەغداوە چەکیان رادەست بکات گەر بیانەوێت پێکەوە کار بکەن و بریتانییەکانیش لەم بارەیەوە ئاگادارن. مەولان زادە، پاش شەنوکەوکردنی بابەتەکە لەگەڵ هاوڕێکانی لە جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعی لە ئەستەمبوڵ، لەسەر بەستنی ئەو پەیوەندییە رێکەوتن بە مەرجێک لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە باڵاکانی دەوڵەتی یۆنانییدا رێکەوتن بکەن. هەر بۆیە لە ١٣ی جوڵای ١٩٢١دا، شەش نوێنەری کورد کە یەکێکیان مەولان زادە بوو، ئەوانی تر: مستەفا پاشا، خەلیل بەدرخان، حەمزە ئەفەندی، فەوزی ئەفەندی و حەمدی پاشا بووک، لە ئەستەمبوڵەوە بەرێکەوتن بەرەو ئەزمیرو لەوێ چاویان بە سەرۆک وەزیران وەزیری دادی یۆنانیی "دیمیترۆیس گۆناریس" کەوت و لەم کۆبوونەوەیەدا رێکەوتن لەبەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستاندا کە پایتەختەکەی شاری موسڵ بێت و پاڵپشتیی مادیی و چەکداریی یۆنان، دژی کەمالیستەکان بجەنگن.[55]

---

[54] وا دیارە ئەمین عالی بەدرخان و جەلادەتی کوڕی لەگەڵ مەولان زادەدا بوون و دیدارەکە لە ٢٥ی مایۆدا بووە، چونکە لەکاتی چاوپێکەوتنێکی ئەمین عالی و سێر ئەندرۆ رایان، ئەمین عالی هەواڵی ئەم چاوپێکەوتنەی خۆیان و ئەو نوێنەرە یۆنانییەی پێ راگەیاندووە سەبارەت بە پێشنیاری هاوکاریی و هاوپەیمانیی یۆنان و نەتەوەییخوازانی کورد لە دژی تورکە کەمالیستەکان. بڕوانە:
Dr. SALAH- R. SONYEL: THE ATTITUDE OF BRITISH HIGH COMMISSIONER SIR HORACE RUMBOL TOWARDS THE TURKISH NATIONAL MOVEMENT, 1 920- I 923 , Belltin C LVIII, 14, s 191-192.

[55] Mustafa COŞKUN: MEVLANZADE RIFAT BEY’İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ , S 125-126.

هەرچەندە، ئەو شەش نوێنەرە کوردە بەسواری کەشتی هەوڵیاندا بچنە یۆنان، بەڵام لەراستییدا بریتانییەکان بڕیاری خۆیان دابوو سەبارەت بە بەستنەوەی باشوری کوردستان بە ولایەتی بەغداو بەسرەوەو لەمپەریان خستە بەردەم رێکەوتنەکە. یۆنانییەکایش، پاش ئەوەی لە ئەیلولی ١٩٢١دا، لەسەر دەستی کەمالییەکان توشی شکستی سەربازیی گەورە بوونەوە، جگە لە پاشەکشە هیچ بژارەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نەمایەوە، هەر بۆیە مەسەلەی کوردو کوردستان و رێکەوتنیان پشتگوێخست.[56]

نوێنەرانی کورد پاش ماوەیەک دەچنە بەغدا بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئنگلیزەکان و لەوێوە دەچنە باشووری کوردستان. وەک "موراد ئیسی" بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە فەرەنسییەکان نووسیویەتی، نوێنەران لە سلێمانی چاویان بە سمکۆی شکاک دەکەوێت، بڕیار دەدەن کە مەولان زادە بنێرنەوە بۆ ئەستەمبوڵ بۆ ئەوەی بە گشتیی دۆخەکە بۆ هاوڕێیان روون بکاتەوە. مەولان زادە لە رێگەی بەیروتەوە دەچێتەوە بۆ ئەسیناو لەوێوە بۆ ئەستەمبوڵ، لەبەیروت بەهۆی "قەشە مارتن"وە چاوی بە کۆمیساری باڵای فرەنسیی دەکەوێت[57] و بۆی روون دەکاتەوە کە بریتانییەکان بایەخی جیددیی بە مەسەلەی کوردستان نادەن و ئەگەر فرەنسییەکان پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکەن، ئەوا مەولان زادە بە ناوی هەموو رێکخراوە کوردییەکانی ئەستەمبوڵ و تەواوی خانەوادەکانی باکوورو باشووری کوردستان بە بەدرخانییەکان و بابانییەکانیشەوە،

[56] Murat Issı, “Mevlanzade Rıf’at Bey ve Kürdistan”, Kürt Tarihi Dergisi, Ağustos- Eylül 2013, s.58.

[57] لەوە دەچێت هەر لەم چاوپێکەوتنەدا بێت کە مەولان زادە بە فرنسییەکانی وتبێت کە پێشتر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە راسپێردراوە کە بچێتە ئەنەدۆڵ و راپەڕینێکی کوردیی سەرتاسەریی هەڵبگیرسێنێت لەپێناو کەمکردنەوەی فشار لەسەر یۆنانییەکان لە بەرەکانی جەنگدا لەبەرامبەر کەمالییەکان. بڕوانە:

Barbara Henning: Narratives of the History of the OttomanKurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts, p 433.

بەڵێن دەدات کاربکەن بۆ دژایەتیی هەر هەوڵێکی کەمالیستەکان بۆ پەلامارو دەستبەسەرداگرتنەوەی خاکی سوریا. لێرەشەوە فرەنسییەکان کۆمەڵەی گەلانیان لەوە ئاگادارکردەوە کە دەبێت کوردستان لەژێر ماندێتی فرەنسییەکاندا بێت و نفوزی بریتانییەکان لە ناوچە عەرەبنشینەکانی میسۆپۆتامیا تێنەپەڕێت. شارەکانی : ئەرزڕۆم ، وان، بدلیس، دیاربەکر، سێواس و خارپوت لە باکوورەوە هەتا سلێمانی لە باشوور لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بێت بە مەرجی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە (ئەرمەن و ئاسووری و کلدانەکان). مەولان زادە، پێی وابوو کە ئەگەر ئەم بۆچوونە سەربگرێت، کورد ئیشی بە ئینگلیزەکان نابێت و بوونی کەمالیستەکانیش لە ئەنەدۆڵ نابێتە ڕێگر، چونکە دەتوانرێت باکوورو باشووری کوردستان لەرێگەی رۆژئاواو سوریاوە بە دەریاو دەرەوە ببەسترێتەوە. مەولان زادە، پاش ئەمە بەیروتی بەرەو یۆنان جێهێشت و لەوێ چاوی بە وەزیری دەرەوەو وەزیری جەنگی یۆنان کەوتووە.[58]

سەرکەوتنی یەکجارەکی جوڵانەوەی کەمالیستەکان لەئۆگۆستۆس و سێپتەمبەری ١٩٢٢دا، بەسەر یۆنانییەکاندا، زەمینەی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی مستەفا کەمال و شکستی حکومەتەکەی داماد فەرید پاشا لە ئەستەمبوڵ و هەڵاتنی ئەندامەکانی رەخساند.[59] بەوەش هیچ ئومێدێک بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی سیڤەرو بەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بە ئاشتیی نەمایەوە.

ئەم گۆڕانکارییانەی لە دۆخە سیاسی و چەکدارییەکەدا هاتەپێش، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و چالاکیی کوردە نەتەوەییەکانی ئەستەمبوڵیش هەبوو. یەک لەوانەش مەولان زادە بوو، کە بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی تورکە کەمالیستەکان و شەخسی مستەفا کەمال دادەنرێت. وەک مستەفا جۆشکون دەڵێت، مەولان زادە ریفعەت جوڵانەوەکەی ئەنەدۆڵی بە سێبەری کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی دەزانی

[58] هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

[59] بڕوانە: ئێریک جەی زوچەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧-٢٣٨.

و بە هەراکەی یان ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنەدۆڵی ناودەبرد. تەنانەت پێش ئەوەش کە مستەفا کەمال لە ئەستەمبوڵەوە بڕواتە ئەنەدۆڵ، مەولان زادە لە رۆژنامەنەکەی "حقوق بشر" سەرکردەکانی سوپای بە دزیی و گەندەڵیی تۆمەتبارکردبوو، مستەفا کەمالیش لە ٢٥ی مارتی ١٩١٩دا، لە رۆژنامەی "ینی گون / رۆژی نویٚ"وە، هێرشێکی توندی کردبووە سەر مەولان زادەو دواتر ناوبراو ئەم بابەتەی لە دادگا کردە دۆسییەک لەدژی مستەفا کەمال. مستەفا کەمال پێش ئەوەی لە دادگا رووبەرووی مەولان زادە بێتەوە ئەستەمبوڵی بەجێهێشت.[60] هەروەها دواتر لە ساڵی ١٩٢٠دا، حکومەتەکەی ئەنکەرە، بەپێی مادەی ٢ لە یاسای "خیانت وطنیا قانونو / یاسای ناپاکیی لە نیشتیمان " مەولان زادەی بەغیابی بە تاوانی خیانەت سزادابوو، کە دەبوو بگیرێت و ئیعدام بکرێت. دواتریش کە حکومەتی کەمالیستەکان بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ نەیاران و پیاوانی رژێمەکەی پێشوو راگەیاندبوو، ناوی مەولان زادە ریفعەت ژمارە ٩٧ بوو لە لیستی ئەو ١٥٠ ناوەی کە لێخۆشبوون نەیدەگرتنەوەو قەدەغەبوو پێ بخەنە نێو خاکی تورکیاوە.

هەربۆیە مەولان زادە ناچاربوو لە نۆڤەمبەری ١٩٢٢دا، ئەستەمبوڵ جێبهێڵێت و سێیەمین و کۆتا قۆناغی دەربەدەریی تەی بکات. ئەو لەرێگەی دەریاوە خۆی گەیاندە باشووری رۆژهەڵاتی رۆمانیاو لە "هۆتێل بولیڤارد"ی شاری "کۆستانتا" جێگیر بوو. وێڕای ئەوەی مەولان زادە لەم قۆناغەدا لە دۆخێکی مادیی و گوزەرانێکی خراپدا بوو، بەڵام وەک کوردێکی نەتەوەیی ئازادیخوازو دوژمنێکی سەرسەختی کەمالیزم و مستەفا کەمال، لە هەموو جوڵانەوەو چالاکەییەک بەشدار بووە کە هەتاوەکو ساڵی ١٩٣٠ کە ساڵی


---

[60] Mustafa COŞKUN: MEVLANZADE RIFAT BEY'İN GAZETECİLİK HAYATI VE SİYASİ FAALİYETLERİ , S 122-123.


هەروەها "زەکەریا تورکومان"یش لەو کتێبەیدا کە لەسەر مستەفا کەمال نووسیویەتی، ئاماژەی بەم پەلامارەی مەولان زادە بۆ سەر مستەفا کەمال و سوپا داوەو باسی وەڵامدانەوە مستەفا کەمالیشی کردووەو دەڵێت دەبوو کە مستەفا کەمال بێتە وەڵام و ئەم سوکایەتییە قبوڵ نەکات. بڕوانە:

Zekeriya Türkmen : Mütarekeden Milli Mücadeleye - Mustafa Kemal Paşa 1918-1919, 2010, S136.

مردنەکەیەتی، لە دەرەوەو ناو تورکیا دژی دەوڵەتی تورکیای کەمالیست، ئەنجامدراوە.



هۆتێل بۆلیڤارد لە کۆنستانتا



| مسلکی | | لاتین حروفاتیله اسمی | اسم و پدرینك اسمی | |
|---|---|---|---|---|
| | | Mevlan zade Rifaat | مولانزاده رفعت | ٩٧ |
| Serbestî gazetesi sahibi Hürriyet ve İtilâf âzâsından | | 97. Mevlânzade Rıfat | | * |
| | | Saide Molla | سعید ملا | ٩٨ |
| Türkçe İstanbul gazetesi sahibi | | 98. Said Molla | | * |
| | | Hafize Ismaile | حافظ اسماعیل ازمیرلی | ٩٩ |
| İzmir'de Müsavat gazetesi sahibi sabık Darülhikmet âzâsından | | 99. Hafız İsmail İzmirli | | |

بەگوێرەی راپۆرتێکی کۆنسولی سۆفیا لە رۆژی ٢٦ی ئۆگۆستۆسی ١٩٢٣دا، مەولان زادە لەگەڵ کەسانێکی وەک : داماد سالّح پاشا، محەمەد عەلی وەزیری ناوخۆی پێشوو، سەمسۆن ئەریزۆنی، سەلیم و سەعید مەولادا، لە سۆفیا کۆمەڵەیەکیان بەناوی "کۆمەڵەی هاونیشتیمانان" پێکهێناوە و لە رێگەی لقەکانیانەوە لە روسە و ڤارناو بوخارست و کەناری دانوبەوە، ناوی فیدائیانی ئەرمەنیی تۆمار دەکەن و خەریکی کارو چالاکیین دژی تورکیا.[61]

رۆژنامەی "STAMBOUL" کە لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٩ی یەنایەری ١٩٢٤دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "رژێمە کۆنەکە" نووسیویەتی:

"حیکمەت بەگی کەشتیوان کە بەو زووانە لە سەمیرنای کۆستانتنا گەڕاوەتەوە، هەندێک زانیاریی بۆ رۆژنامە خۆماڵییەکان سەبارەت بە بوونی چەرکەس ئیدهەم و هاوبەشەکانی لە رۆمانیا پێشکەش کردووە.

چەرکەس ئیدهەمیش مانگێکە گەیشتووەتە رۆمانیا، پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە یۆنان نیشتەجێبوو. پاشان ئەو لەگەڵ هاورێکانی لە کۆستانتنا پەیوەندیی گرت. لەم شارەدا بەرهەڵستکارانی ئەم رژێمە نوێیە کۆبوونەوەکانی خۆیان دەبەستن.

کیرزا حەمدی پاشا، کە یارمەتیدەری دەستەڕاستی سوڵتان وەحیدەدینە، هەروەها عەونی پاشای وەزیری بەحرییە لە حکومەتەکەی داماد فەرید پاشا، ریفعەت بەگ مەولان زادە، موقەدەم ئیسام بەگ، خواجە حەلی بەگ سەرکردەی ئیمامی،خواجە سەفوەت، خواجە یوسف قازیی پێشوو،هەموو لەوێ دەبن.

دەوترێت کە مەولان زادە کتێبێکی بە ناوی " زایۆنیستانی تورکیا" بڵاوکردۆتەوە، باسی جولەکەی تێدا کردووەو بەرگریی لە ئەرمەن و

[61] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

یۆنانییەکان دەکات و هێرش دەکاتە سەر تورکیا. حکومەتی رۆمانیا ئەم کتێبەی قەدەغە کردووەو کۆپییەکانی دەست بەسەرداگرتووە. ئیسماعیل بەگیش کە ئێستا لە بوخارستە، لە رۆژنامەکانی رۆمانیاوە دژایەتی بیروراکانی مەولان زادە دەکات بە قازانجی جولەکە."

شایەنی باسە، مەولان زادە کتێبەکەی بە ناونیشانی "دولت عثمانیە و سیونستلر ترکیایە یقان یهودیلر / دەوڵەتی عوسمانی و زایۆنییەکان وێرانکردنی تورکیا لەلایەن جولەکەکانەوە" لە شاری کۆستانتنا بە تورکیی بڵاوکردەوەو بەزوویش کرا بە فەرەنسیی. ئەم کتێبە لەنێو عەرەبیشدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. وەک پێشتر لە ساڵی ١٩١٠و لە گۆڤاری "الجامعة" لە میسر بینیمان، رۆشنبیرانی عەرەب ئامادە نەبوون گوێ لە مەولان زادە بگرن و پەلاماریان دەدا، بەڵام پاش ئەو نەهامەتییانەی لەژێر دەستی ئیتحادو تەرەقی بەسەریان هات، لەم قۆناغەدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی و پیاهەڵدانی.

ئەوەتا رۆژنامەی "الفلاح"کە لە مەکەوە چاپ و بڵاودەکرایەوە، لە ژمارە ١١ی خۆیدا لە رۆژی ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٢٣دا، لاپەڕەی سێیەم و چوارەمی بۆ وەرگێڕانی بۆچوون و کتێبەکەی مەولان زادە تەرخان کردووە. ئەو لەژێر ناونیشانی " نداء من عاصمة العثمانیین /بانگەوازێک لە پایتەختی عوسمانییەکانەوە"باسی ئەوە دەکات کە چۆن "یەکێک لە پیاوە شکۆمەندەکانی تورک مەولان زادە ریفعەت بەگ" نهێنی دەسەڵاتدارێتی وێرانکەری ئیتحادو تەرەقی لە کتێبەکەیدا هەڵماڵیوە، کە چۆن بە پاڵپشتیی مادیی و مەعنەویی زایۆنیزم و ماسۆنییەتی جیهانیی و لە رێگەی جولەکەکانی دۆنمەوە زەمینەی دەسەڵات گرتنەدەست و حوکمی رەهایان بۆ رەخساو بە پیلان و هاوکاریی ئەوان ئیمپراتۆرییەکەیان لەبەریەکهەڵوەشاندو بە دروشمبازیی درۆیینە و چەواشەکاریی و کۆنترۆڵکردنی بواری چاپەمنیی و رۆژنامەکان و خۆدەوڵەمەندکردن و گرتنەبەری سیاسەتی تۆرانیزمەوە وڵاتیان وێرانکردو بەو رەشەکوژییانەی لە سوریاو ناوچەکانی دیکە کردوویانە، ستەمێکی گەورەیان دژی گەلانی

ئیمپراتۆرییەکەو جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی عەرەب کردو ئێستاکەش هەر ئەوانەی پێشوو لە ئەنکەرەوە بە درۆو بە هاوکاریی زایۆنیزم و لەپێناو ئامانجەکانی ئەواندا کە چنگخستنی فەلەستینەو دەیانەوێت وەک ئامرازێک گەورەترین گورز لە جیهانی ئیسلآمی بدەن و سەڵتەنەت هەڵوەشێننەوەو بنەماڵەی ئالی عوسمان ریشەکێش بکەن و سیستمێکی کۆماریی لادینیی رابگەیەنن. بەمەش مەولان زادە، لە یەکەمینی ئەو نووسەرە سیاسییانەیە کە کودەتای ١٩٠٨و دەسەڵاتدارێتیی ئیتحادییەکانی بەگوێرەی بیردۆزی پیلانگێڕیی و هاوکاریی زایۆنیزم شرۆڤە کردبێت و پێشبینی هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت و خەلافەت و دامەزاندنی سیستمێکی کۆماریی لە تورکیا کردبێت. هەر لێرەشەوەیە مەولان زادە بۆتە جێبایەخی عەرەب.[62]

بەگوێرەی سەرچاوەکان، مەولان زادە لەم ماوەیەدا بەلقانی جێهێشتووەو چۆتە یۆنان، هەروەها دوو جاریش سەردانی شاری سان ریمۆی کردووە لە ئیتالیا بە مەبەستی بینینی "وەحیدەددین"سوڵتانی دەرکراوی عوسمانیی و لەوێ خۆی وەک "شۆڕشگێڕێکی کورد" پێ ناساندووە،[63] بابەتی کێشەی کوردو پێشنیاری هاوکاریی هەردوولای پێشکەش کردووە، هەروەها لەپێناوی گەڵاڵەکردن و ئامادەکاریی بۆ جوڵانەوەیەکی سەرتاسەریی لە کوردستان و تورکیا، چۆتە بەیروت و حەلەب و بەغداو بە پاسپۆرتی ساختە بە تورکیاشدا تێپەڕیوە.[64]

---

[62] کریستۆف هێرزۆگ لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا بەناونیشانی "مەولان زادەو جیهانی جولەکە" سەبارەت بەم دیدو نووسینانەی مەولان زادە، ناوبراو بە" دژە سامییبوون " تۆمەتباردەکات بەوەی کە جیاوازیی لەنێوان جوڵانەوەی زایۆنیزم و گەلی جولەکەدا نەکردووە. بڕوانە:
Christoph Herzog: Mevlānzāde Rıfʿat und die jüdische Weltverschwörung, Bamberg : opus.

[63] Yakup KAYA: Siyasi ve İdeolojik Kimliğiyle Mevlanzade Rıfat Bey, İNSAN VE TOPLUM BİLİMLERİ ARAŞTIRMALARI DERGİSİ, Cilt / Vol: 6, Sayı/Issue: 3, 2017, s1991.

[64] Murat Issı, „Hürriyet Âşığı Bir Osmanlı-Kürt Aydını. Mevlanzâde Rıfʿat Bey“, in: Toplumsal Tarih 196 (Nisan 2010),S 76-77; Murat Issı, “Mevlanzade Rıf’at Bey ve Kürdistan”, Kürt Tarihi Dergisi, Ağustos- Eylül 2013, s.60.



سوڵتان وەحیدەدین (محەمەدی شەشەم) ١٨٦١-١٩٢٦

priétaire, l'autre celui du véhicule.

Des plaques ont été préparées et distribuées aux différents cercles municipaux.

Les numéros de 1 à 300, chiffres rouges sur fond blanc, sont destinés aux automobiles de maître ; les numéros de 300 à 800, chiffres blancs et fond rouge, sont pour les véhicules de place ; et les numéros de 800 à 999, chiffres blancs sur fond café, sont affectés aux camions.

L'opération a déjà commencé. Elle durerait un mois, après quoi on pourrait être fixé sur le nombre des autos circulant en notre ville.

### Les « ancien régime »

Un commandant de navire Hikmet bey rentré récemment à Smyrne de Constantza, a fourni aux journaux locaux quelques renseignements sur l'existence qui mènent en Roumanie Tcheskess Edhem et ses comparses.

Tcherkess Edhem a débarqué en Roumanie il y a un mois, après avoir séjourné en Grèce. Il est entré en contact avec ses compères à Constantza. C'est dans cette ville que les adversaires du régime actuel tiendraient leurs réunions.

Kiraz Hamdi pacha, premier aide-de-camp de Vahdeddine, Avni pacha, ministre de la marine sous le cabinet Damad Férid, Rifaat Mevlanzadé le lieutenant-colonel Edhem bey, Hodja Halim, chef-imam, Hodja Safvet, Hodja Vasfi, ancien ministre de la justice seraient tous là.

Mevlanzadé aurait publié un ouvrage intitulé les « Sionistes de Turquie » où il parle des Juifs et défend les Arméniens et les Grecs, s'attaquant à la Turquie. Le gouvernement roumain a interdit la vente de cette brochure dont les exemplaires ont été saisis.

Ismaïl bey de Gumuldjina qui se trouve à Bucarest, combat dans les journaux roumains les idées de Mevlanzadé favorablement aux Juifs.

### Messageries Maritimes

Le paquebot *Lamartine*, des Messageries Maritimes, arrivé dans notre port le jeudi, 17 courant, inaugure un nouvel itinéraire appelé à donner pleine satisfaction à la clientèle de Constantinople.

Les paquebots des Messageries Maritimes ne toucheront plus Smyrne, avant Constantinople, en venant de France, ni après Constinople, au voyage de retour ; cette escale se trouve désormais intercalée entre Constantinople et Beyrouth et vice versa.

Smyrne offre d'ailleurs actuellement moins d'intérêt pour les touristes à cause des difficultés qu'ils rencontrent à obtenir l'autorisation de descendre à terre pour visiter la ville.

L'itinéraire direct adopté permet d'accomplir le voyage Marseille-Constantinople et vice-versa en *moins* de *7 Jours*, tout en procurant aux passagers l'agrément de visiter les curiosités du Pirée, de Malte et de Naples.

Les passagers quittant Constantinople le *Jeudi matin*, arriveront à Marseille le *Jeudi suivant*, à l'aube.

### Société française des membres de l'enseignement

En vue de resserrer les liens de solidarité entre ses membres et pour leur permettre de s'entretenir des questions qui les intéressent, le Comité a décidé de convier à un thé amical, tous les troisièmes dimanches du mois, les membres de la Société et leurs familles. La première de ces réunions aura lieu di-

هەروەها مورات ئیسی، لە ژێر ناونیشانی "یاخیبوونەکەی شێخ سەعیدو مەولان زادە"داو بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەیەکی هێزی ئاسمانیی بریتانی، جەخت لەوە دەکات کە مەولان زادە ریفعەت و چەرکەس ئیدهەم لە حەڵەبەوە پەیوەندییان بە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدەوە هەبووەو لەکاتی راپەڕینەکەشدا چوونەتە کوردستان و پلانیان هەبووە بۆ ئەوەی بەنهێنیی چاویان بە شێخ سەعید بکەوێت و لەو کۆبوونەوەیەدا نامیلکەیەکی پرۆپاگەندەیی پێبدەن کە لەسەر بەرگەکە نووسراوە "لیژنەی یەکێتی موسوڵمانان لە دیمەشق" کە مستەفا بەگ ئەترەش لە ساڵی ١٩٢٤ لە بەغدا چاپیکردووە. هەروەها پاش شکستی راپەڕینەکەو لەسێدارەدانی شێخ سەعید، مەولان زادە ریفعەت و چەرکەس ئیدهەم لە سەر سنووری تورکیا-عێراقەوە، پەیوەندییان بەو راپەڕینانەوە هەبووە کە لە ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستانەوە وەک هەکاریی لەدژی تورکیای کەمالیست بەردەوام بوون.[65]

لەم بارەیەوە، رۆژنامەی "STAMBOUL" کە لەرۆژی سێشەممەی رێکەوتی ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٢٥ دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕەی دووەم و لەژێر ناونیشانی "جوڵانەوە گومانلێکراوەکان" نووسیویەتی :

"مەولان زادە ریفعەت کە ناوی لەنێو لیستی ئەو ١٥٠ کەسەدایە کە لێخۆشبوون نایانگرێتەوە، لە بەغداوە بۆ ئەسینا سەفەری کردووەو لەویشەوە بۆ بوخارست. ئەو لەگەڵ رەشیدی براکەی ئیدهەم چەرکەسی لەپەیوەندییدایە. ئێمە گومانی ئەوە دەکەین کە ئەم کەسانە خەریکن لەپێناو هەندێک جوڵانەوەی ورووژێنەرانە لەم وڵاتە تێدەکۆشن"

دکتۆر وەلید حەمدی، لە کتێبە بەڵگەنامەییەکەیدا، دەڵێت کە لەماوەی پێشوودا، کاتێک ریفعەت بەگ مەولان زادە لە ساڵی ١٩٢٥

---

[65] هەما سەرچاوە ل ٦٠.

له بەغدا گەڕاوەتەوە، سەردانی ئیسماعیل حەقی نوێنەری لیژنەی پاشایەتیی تورکیی کردووەو هەوڵیداوە ئەو لێژنەیە هانبدات بەوە رازیبین لە تورکیادا راپەڕین ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی سوپای تورکیی پەرتەوازە بێت و فشار لەسەر ناوچە کوردییە راپەڕیوەکان کەمبێتەوە.[66]

هەروەها ئەم نووسەرە کاتێک باس لەو کەسایەتییانە کوردیی و ئەرمەنییانە دەکات کە لەماوەی ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٨ لە یانەو کۆمەڵە سیاسییەکاندا هەڵسوڕاون، ناوی ریفعەت بەگ مەولان زادە دەهێنێت و لە پەنایدا نووسیویەتی : 'رۆژنامەنوسێکی پێشوو لە کوردانی سلێمانی و ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەکە کە پەیوەندیەکی پتەوی بە لێژنەی پاشایەتیی تورکییەوە هەبوو."[67] سەبارەت بە ئیدهەم چەرکەس بەگیش نووسیویەتی : "لە ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ ریفعەت بەگ مەولان زادە سەردانی بەغدایان کردووە، رێگەی پێنەدرا سەردانی رەواندوز بکات، بەبێ رەزامەندیی لە بەغدا رۆیشت و لە نزیک رەواندزەوە کاتێک دەیویست لە رێگەی نایاساییەوە بڕوات، دەستگیر کرا" [68]

لەراستییدا، ئیدهەم چەرکەسی پێشتر لە جوڵانەوەی نەتەوەییەکان لە ئەنەدۆڵ و لەشەڕی یۆنانییەکاندا رۆڵی گرنگی هەبوو، بەڵام دواتر بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ عیسمەت ئینەنۆو هەروەها مستەفا کەمال، لێیان هەڵگەڕایەوەو بووە دوژمنێکی هەرە سەختی مستەفا کەمال و حکومەتی تورکیا. "چنار ئیلباشی" لەو کتێبەیدا کە سەبارەت بە چەرکەسەکانی تورکیا نووسویەتی، باس لە ئیدهەم چەرکەس دەکات و دەڵێت کە هەرچەندە رێکەوتننامەی لۆزان لە ١٩٢٤دا واژۆکرا، بەڵام جەنگی ساردی نێوان یۆنان و حکومەتی کەمالیی، هەتاوەکو ساڵی ١٩٢٨بەردەوامبوو. هەربۆیە یۆنان پشتگیریی ئەو دژەکەمالیستانەی

[66] د. وليد حمدي : الكرد و كردستان في الوثائق البريطانية. دراسة تاريخية وثائقية ، ١٩٩٢ ، ص ٢١٣.

[67] هەما سەرچاوە ل ٢١٦.

[68] هەما سەرچاوە ل ٢١٧.

دەکرد کە لە کاتی جەنگەکەو دواتریش ئەو ١٥٠ کەسەشی بە دژەکەمالیست ناسرابوون. یۆنا سەنتەری چالاکیی ئەوانە بوو. لە یۆنان چوار گروپی دژەکەمالیست هەبوون...یەک لەو گروپانە گروپی ئیدهەم چەرکەس بوو کە لە : رەشید، تۆفیق، ماژۆر کورد عەبدوڵڵا، نەقیب کەمال، کازم چەرکەس و کاپتن ئیدهەم پێکدەهاتن. چەرکەس ئیدهەم لە یۆنان بێدەنگ و دەست لەسەر ئەژنۆ نەمایەوە چاوەڕێی لێخۆشبوونی کەمالیستەکان بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵێکیدا تاوەکو تۆڵە لە مستەفا کەمال بکاتەوە. ئەو لە ٤ی ئەبریلی ١٩٢٥دا، لەگەڵ مەولان زادە، بە پاسپۆرتی یۆنانیی چوونە بەغدا تاوەکو چاویان بە شێخ تاهیر بکەوێت کە لەوێ شێخێکی لۆکاڵی بوو. بەگوێرەی راپۆرتەکانی پۆلیس، چەرکەس ئیدهەم لە مانگەکانی جون و جولای ١٩٢٥دا، لە بەیروت و سوریا، لەگەڵ مەولان زادە بووە. [69]


وادیارە ئەوە هەر تورکە کەمالیستەکان نەبوون کە ناوی مەولان زادەیان خستبووە لیستی قەدەغەکراوانەوەو رێگەی چوونە تورکیاو باکووری کوردستانیان لێگرتبێت، بەڵکو بریتانییەکانییش، کە کەمالیستەکان مەولان زادەیان بە سیخوڕی ئەوان ناوزەد دەکرد، ناوی مەولان زادەیان خستبووە ناو ئەو لیستەوە کە دواتر لە فێبرایەری ١٩٢٩دا، رەوانەی لایەنە پەیوەندییدارەکانی خۆیان لە عێراق کردبوو، ئەوەی ناوی ٣٢ کەس لە سەرکردە سیاسی و چالاکوانە نەتەوەییە شۆڕشگێڕەکانی کوردو ئەرمەنی لە سوریا تێدایە، ئەوانەی خەریکبوون لە رێگەی پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەشەوە ئامادەکارییان دەکرد بۆ دامەزراندنی حیزبێکی یەکگرتووی کوردستانیی کە زەمینەی راپەڕینێکی سەرتاسەریی بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆشبکات. بەگوێرەی ئەم لیستە، ئەو ٣٢ کەسە رێگەیان پێ نەدرێت لە سوریاوە پێ بنێنە خاکی عێراقەوە. شایەنی باسە، ناوەکان بە جەلادەت و مەمدوح سەلیم و سورەیاو کامیل و کامەران بەدرخان و

[69] Caner Yelbasi: the circassians of turkey war violence and nationalism from the ottomans to atatürk, I.B. Tauris , 2021, S2001.


خەلیل رامی دەستپێدەکات و بە حاجۆ ئاغاو جاسم ئاغاو بەدرەدین ئاغاو ئەمین پەری خان و محەمەد تۆفیق موڵکی و شەفیق عەلی و ئیحسان نوری بەگ و دکتۆر کراچیم موورادیان و دکتۆر ئەحمەد سەبری و ئیدهەم چەرکەسی کۆتایی دێت. ناوی ریفعەت بەگ مەولان زادە لە لیستەکەدا ژمارە ١٠ یە.

لە راستییدا، بریتانییەکان بەو هۆیەی کە لەم قۆناغەدا خەریکبوون کێشەی ولایەتی موسڵ و باشووری کوردستانیان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بەقازانجی خۆیان یەکلا دەکردەوەو پاش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر راپەڕینەکانی کوردیان لە سلێمانی سەرکوت کردبوو، کاریان بۆ بەستنەوەی باشووری کوردستان دەکرد بە حکومەتەکەی فەیسڵەوە لە بەغداو دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی بۆ وڵاتی تازەداتاشراوی عێراق دەکرد، لەبەر ئەوە حەزیان نەدەکرد هیچ جموجۆڵێکی کوردیی بۆ وروژان و راپەڕینی نوێ، بەتایبەت لە کوردستاندا، ببینن.

دانانی ناوی مەولان زادە لەم لیستەدا، بێگومان بۆ ئەو چالاکییە نەتەوەییانە دەگەڕێتەوە کە ناوبراو لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لەپێناوی کێشەی نەتەوایەتیی کورددا، لە ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنجامیدەدا. ئەو جگە لەوەی دەیویست کوردانی بەشەکانی کوردستان پێکەوە گرێبدات، لە هەوڵی بەردەوامیشدا بوو هەتاوەکو پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن و تورکە نەیارەکانی کەمالییزم، هەروەها پشتگیریی دەرەکیی یۆنانییەکان و فرەنسییەکان و پێشتریش ئینگلیزەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بێنێت.



جەلادەت بەدرخان ١٨٩٣ـ١٩٥١



ئیدهەم چەرکەس ١٨٨٦ـ١٩٤٨



شێخ سەعیدی پیران ١٨٥٦ـ١٩٢٥

été vaccinées 370 personnes contre la petite vérole et 252 contre le typhus.

**Déplacements suspects**

ANGORA, 21.—Mévlanzadé Rifaat, dont le nom figure sur la liste des 150 non-amnistiables, s'est rendu de Bagdad à Athènes et de là à Bucareste après s'être mis en rapport avec Réchid, frère de Tcherkess Edhem. On suppose que ces individus se démènent pour provoquer quelque mouvement dans le pays. A.A.

**Jours fériés**

Les jeudis 24 et 31 déembre, ne seront ouverts que jusqu'à 1 heure de l'après-midi les bureaux à Galata, Péra et Stam-

Passport Control Department,
*Foreign Office,*
*February 6, 1929.*

*For official use only.*

## Visas for Iraq.

The following is a list of names of Kurdo-Armenian Nationalists whose presence in Iraq is undesirable and applications for visas for Iraq, which you may receive from any of the individuals mentioned, should be refused:—

| Serial No. | Name. | Nationality. | Whereabouts in October 1928. | Remarks. |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Jaladat Ali Beg Badr Khan | Syrian .. | Persia. | |
| 2 | Mamduh Jamil Beg Salim | " .. | Aleppo .. | Is the son of No. 16. |
| 3 | Soraya (Thuraya) Beg Badr Khan | ? | Cairo. | |
| 4 | Kamil Beg Badr Khan | ? | Tiflis. | |
| 5 | Kamaran Beg Badr Khan | ? | Syria. | |
| 6 | Amir Khan Badr Khan | ? | " | |
| 7 | Khalil Rami Beg Badr Khan | ? | Aleppo. | |
| 8 | Awni Beg Badr Khan | ? | Cairo. | |
| 9 | Kenan Ali Badr Khan | ? | Aleppo. | |
| 10 | Rif'at Beg Mawlen Zada | ? | " | |

To His Majesty's Consular and
Passport Control Officers.

(V/5/1929)

4704—12 1828—31 [P.T.O.

2

| Serial No. | Name. | Nationality. | Whereabouts in October 1928. | Remarks. |
|---|---|---|---|---|
| 11 | Vahan Papazian .. | Armenian | Beirut .. | Editor of "Wasf" newspaper. Most active Armenian member of Kurdo-Armenian nationalist movement. |
| 12 | Dr. Tutunjian .. | Armenian | Beirut. | |
| 13 | Ismail Haqqi Gumuljina | Turk .. | Paris. | |
| 14 | Radi Beg .. .. | ? | " | |
| 15 | Ardasher .. .. | Armenian | Erivan. | |
| 16 | Jamil Beg Baban .. | ? | Damascus. | |
| 17 | Artinian .. .. | Armenian | Egypt. | |
| 18 | Mustafa Shahin Beg | ? | Syria. | |
| 19 | Bozan Shahin Beg .. | ? | " | |
| 20 | Nizameddin Mustafa | ? | Aleppo. | |
| 21 | Hajo, Chief of Hadidi tribe | ? | " | |
| 22 | Hashem, Chief of Shidian tribe | ? | " | |
| 23 | Hajo Agha, of Haverki tribe | ? | Syria. | |
| 24 | Jasim Agha, Chief of Shahdadan tribe | ? | Jarablus. | |
| 25 | Badreddin Agha, Chief of Jabrini tribe | ? | ? | |
| 26 | Amin Peri Khan, of Diarbekr | ? | Syria. | |
| 27 | Muhammad Taufiq Mulki Hajji | Syrian .. | " | |
| 28 | Shaikh Ali Rid'ha, son of Shaikh Sa'id | Turk .. | Turkey .. | His brothers, Salah-al-Din (in Bagdad) and Ghiyath-al-Din (in Turkey). |
| 20 | Ihsan Nuri Beg .. | Turk. .. | Turkey (or possibly Tabriz). | |
| 30 | Dr. Krachia Mouradian | Syrian .. | Basra. | |
| 31 | Dr. Ahmad Sabri .. | Turk .. | Lunatic Asylum, Bagdad. | |
| 32 | Alham Beg Charkas | " .. | Bagdad. | |

شایەنی باسە، مەولان زادە ریفعەت بەگ لە ساڵی ١٩٢٧دا، رەگەزنامەی لوبنانیی وەرگرت، هەر لەم ساڵەشدا عولوويیە مەولانی هاوسەریی لە ئەستەمبوڵ لە دادگا داوای جیابوونەوەی کردو دادگاش داواکەی پەسندکرد. ئەو لەم ماوەیەدا بە زمانی تورکیی لە ڕۆژنامەی "الجمهور العربي"دا کە لە حەلەب دەردەچوو، بابەتی بڵاودەکردەوە.[70] هەروەها لەم ساڵەدا مەولان زادە لە چاپخانەی "وەقت"حەلەب، کتێبێکی بە تورکیی نووسی بە ناونیشانی " ترکیایه انقلابن ایچ یوزو / رووی ناوەوەی شۆڕشی تورکیی"،[71] ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی رووداوەکانی قۆناغی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییە لە ساڵی ١٩٠٨ەوە هەتاوەکو هاتنەسەرکاری کەمالیستەکان و زۆر باس و لێکدانەوەی سیاسی گرنگی لە خۆگرتووە، کە هەندێکیان، بەتایبەت پاڵپشتیی زایۆنیزم و ماسۆنییەتی جیهانی بۆ ئیتحادییەکان، پێشتر قسەی لێوەکردبوون و هێندێکیشی یەکەم جاربوون بە روونیی ئاماژەیان بۆ بکات. ئەو وەک ئاگادارێکی رووداوەکان و وەک کەسێکی بایەخدارو نزیک لە سیاسەتکارانی ئۆپۆزسیۆنی عوسمانیی و رێکخراوە ئەرمەنییەکان و کۆنسوڵە بیانیەکان، زۆر بە وردیی هۆکارەکانی پشتی پەردەی رووداوەکانی ئەو قۆناغەی شرۆڤەکردووەو رووی راستەقینەی پیاوانی ئیتحادو تەرەقی و دواتر کەمالیستەکانی دەرخستووە. مەولان زادە لە بەشی ٧و ٨و ٩و ١٠ی ئەم کتێبەیدا، بە وردیی شرۆڤەی تاوانی جینۆسایدو رەشەکوژیی ئەرمەنەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانیی دەکات، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تۆرانیی ئیتحادو تەرەقیەوە ئەنجامدران. ئەو باس لەو بەرنامەیە دەکات کە هەر

---

[70] ئەم رۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن "محەمەد تاهیر کوڕی مستەفا سەماقیە" لە حەلەب دەردەچوو، جگە لە مەولان زادە، کەسانی وەک : ئەلقادر حەفار، مونیر مودەوەر، فیکتور کالوس، فوئاد رەفاعی، توفیق هارون و نەزیر فەنسە بابەتیان تێدا بڵاو دەکردەوە. بڕوانە:
دکتور سهيل الملاذي: الطباعة والصحافة في حلب ، دار يعرب للدراسات والنشر والتوزيع،١٩٩٦،ص١٢٩.

[71] القاضي سعد زغلول الكواكبي: عبدالرحمن الكواكبي . السيرة الذاتية، الطبعة الاولى، ١٩٩٨،ص ٨٥.
شایەنی باسە، ئەم کتێبەی مەولان زادە لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن "دکتۆر توفیق برو" کراوە بە عەرەبیی.

لە سەرەتای جەنگەکەوە بۆ کۆمەڵکوژیی ئەرمەن و قەڵاچۆکردنیان دانرابوو، لەو بارەیەوە تەواوی قسەکانی دکتۆر بەهادین شاکیرو دکتۆر نازم و شوکری بەگی، کە لیژنەیەکی سێ کەسیی جێبەجێکار بوون بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە بە پاڵپشتی تەشکیلاتی مەخسوسەو شەخسی تەلعەت پاشا، لە فێبرایەری ١٩١٥دا، راگواستووە. پاشان لە بەشی دوازدەیەمدا، تاوانەکانی تورکە تۆرانییەکانی ئیتحادو تەرەقی دژ بە عەرەب باسکردووە، ئەوەی بەدەستی جەمال پاشا و بەمەبەستی پاکتاوکردنی عەرەب لە شام و بۆ قازانجی جولەکە ئەنجامدراون. لە راستییدا، ئەم کتیبەو زانیارییەکانی ناوی بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و رەسەن و بنەڕەتیی لە لایەن ئەرمەنەکانەوەو هەر کۆڵەرێک لەسەر ئەو قۆناغەو کێشەو جینۆسایدی ئەرمەن کاری کردبێت.[72]

شایەنی باسە، وردیی و هەستیاریی زانیارییەکانی ئەم کتێبە ، بەتایبەت سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەن، وایکردووە کە هەندێک نووسەر لەکاتی پشتبەستن بەم کتێبە، مەولان زادە بە یەکێک لە ئەندامە دیارو باڵاکانی کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی لەقەڵەم بدەن کە لە دانیشتنە نهێنییەکاندا بەشداریی کردووە،[73] لەکاتێکدا مەولان زادە هەموو ژیان و کارو چالاکییەکانی دژی ئەوان بووە. دیارە یەک لەو مێژوونووسە دیارانەشی ئەم هەڵەیەی بەسەردا تێپەڕیوەو دووبارەی کردۆتەوە رەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر بووە.[74]

---

[72] Arthur Beylerian: Les grandes puissances, l'Empire ottoman et les Arméniens dans les archives françaises : 1914-1918 , Université de Paris I (Paris), 1983,p31-32.

[73] Florence Mazian: Why genocide ?: the Armenian and Jewish experiences in perspective, Ames : Iowa State University Press,1990, p61; Guenter Lewy: The Armenian Massacres in Ottoman Turkey:a disputed genocide, The University Of Utan Press,2005,p 47.

[74] د. كمال مظهر احمد: كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة: محمد الملا كريم، دار الفارابي ، آراس، ٢٠١٣، ص ٢٨٧.



تورکیه انقلابنڭ ایچ یوزی
برنجی فصل
ایکنجی فصل
محرری : مولانزاده رفعت
۱۹۲۹

آلتنه آله بیلملیدر ، كه موفقیتمز یوزده یوز تأمین ایدیله‌بیلمش اولسون . ایشته بن ....

شكری — ( بهاء الدینك سوزینی كسه‌رك) رجا ایده‌رم بها ؛ رؤسامز نفس نفیسلرینی
محافظه ایچون فدائیلریمزی عسكرلكدن استثنا ایتمشلردی . بونلری مراد ایدییور ایسه‌ك
وبونلره كوره‌نه‌رك فعالیته كچمه‌یی توصیه ایتمك ایسته‌یور ایسه‌ك ، شمدیدن آچیق اوله‌رق
سویله‌یه‌یم . بندن یاصو !..

بهاء الدین شاكر — (حدتله) رجا ایده‌رم شكری . نه قادار صبرسزسك . اعتراض ،
مطالعه ، مناقشه حتی مجادله و مضاربه‌یه قالقه‌جق ایسه‌ك صو كره‌یه براق. شمدی بنی دقتله
دیكله . بزم درعهده ایتمش اولدیغمز وظیفه نه‌در ؟.. ارمنیلری بلا استثنا چولوق چوجق،
قادین قیزان ، اختیار علیل دیمكسزین صوك فردینه قادار قتل وامحا ایتمك دكلیدر ؟..
بنده‌سندن صورارم شكری : بو هر كسك قولایلقله یاپابیله‌جكی علی العاده بر ایشمیدر؟..
هر ایشده اولدیغی كبی ، بو ایشده دخی ، بو ایشلرله توغول ایتمش ، اختصاص حاصل
ایتمش اولانلری آرامق ، وبولدقدن صوكره بر تشكیلاته ربطایله انتظام دائره‌سنده ایشی
كوردیرمه‌یه چالیشمق لازمدر . تكرار ایده‌رم . بو ایشی عسكره ، ژاندارمه‌یه و اهالی‌یه
كوردیرمه‌مز . بو ایش اونلرك كوره‌بیله‌جكی ایشلردن دكلدر . عسكرك ، ژاندارمه‌نك
اختصاصی باشقه‌در . فی الواقع عسكره ، ژاندارمه‌یه آدم اولدیرمك ، تخریبات یاپمق
اصوللری تعلیم ایتدیریلمكده‌در . بو دوغریدر. فقط بو اولدیرمك ، تخریب ایتمك حربده،
وطن ایچون ، سلامت مملكت ایچون آچیلاجق حربده تطبیق اولونابیلیر . وینه ظن
ایده‌رم ، كه حرب ایله عادی جنایتلر آراسنده بیوك بر فرق اولدیغنی تسلیم ایدرسك !
بزم اجرا ایتدیره‌جكمز ایش ألی باغلی ارمنیلری ، چولوق وچوجقلری ، علیل واختیا
رلری ایله صوك فردینه قادار اولدیرتمكدر . بوكا حرب شكلی ویره‌بیله‌من بو عادی، وحشی
بر جنایتدر . بر عسكر عهده بولونان بر چوجغی آناسنك قوجاغندن قاپارق والده‌سنك
كوزی اوكنده قفاسنی قوپاروب آتاماز ، آتماز . بلكه والده‌یی‌ده قورتارمایه چالیشیر ،
ویریلن امری ، شرف عسكری‌یه مغایر بولور ، عصیان ایدر . كذلك بر عسكر علیل ،
عاجز ، ألنه كلیجه اورولمش بر اختیارك كوكسنه سونكوسنی صاپلاماز . اسیره حرمتك
وجوبنی دوشونور . بو فجیعه‌لكی ، قهرمانلق اولمق اوزره تأویل ایله‌یه‌مز . او حالده ؛
تسلیم ایتمك لازمدر ، كه عسكر ، ژاندارمه ؛ بزم یاپدیرمق ایسته‌دیكمز امحا عملیه‌سنده
ایشیمزه یارآماز ؟ ... بونی بویله قبول ایدنجه ، بزه یارار قوتی ، اشخاصی نره‌ده بولابیله-
جكز ؟.. ایشته مسئله‌نك روحی بو نقطه‌ده تمركز ایدر . بن ، بزه یارایه‌جق اشخاصی،

قوماندانلرینی امریمزله بو قوت طوتوب تولدیره‌بیلملیدر . بز اوجلر اجرا قومیته‌سی یالکز حکومت مرکزیه‌یی طانیر ، قوه اجرائیه‌نك قطعی دیمك اولان هیئت وکلا ایله استشاره ایدر ، آکلاشیر ، ترتیبات لازمه آلدقدن صوکره اجرا حقی بزه انحصار ایلر . مرکزه تابع والی ، متصرف ، قائممقام و عسکری قوماندانلری ؛ هیئت وکلا امرینه تابع بیکلره‌قاملنده اولدقلرندن آنلرله یاپیله‌جق معامله مخابره منسوبی اولدقلری نظارتك ناظرینه براقیلیر . بوکا بز مداخله ایتمه‌ملی‌یز ؛ خلاصه بزم تشکیل ایدوب امریمزه حصر ایده‌جکمز قوته بزدن باشقه کیمسه تصاحب ایده‌مه‌ملیدر . ایشته هر شیدن اول محتاجی اولدیغمز تشکیلات بودر . بونك خطوط اساسیه‌سنی بن بو قادار دوشوندم وچیزدم . سز نه دوشونیرسکز ؟

شکری — عسکردن ؛ ژاندارمه‌دن و اهالیدن ؛ تشکیل واحیا عملیه‌سنده استعمال ایتمیه‌جك ایسه‌ك شمدیدن سوره‌بیلیرمی‌یم ارمنیلری قادین اختیار ، قیز قیزان دیمکسزین هانکی شیطانلره قتل ایتدیروب احیا ایده‌بیله‌جکز ؟ عسکرمز ، ژاندارمه‌مز بو ایشك کوریله‌بیله‌جکنه نه عقلم ایرمییور .

دوقتور ناظم — بهاء الدین شاکرك داهیانه بر ایجادی اولمسه ایدی بو قادار اوزون بر مقدمه سردینه حاجت کورمز ، بزی دیکله‌مکله اکتفا ایدردی . بر آز صبر ایت مطالعه‌سنی اکمال اتسین .

بهاء الدین شاکر — محترم قرداشلر ؛ بوکی آلته کیردیکمز ایش آغیردر . تخمینك فوقنده عظیمدر . ترتیبات آلمقسزین ایشه باشلارسه‌ك موفقیت مشکوکدر . بن بو خصوصی جوقدن بریدر دوشونیوردم . ارمنیلرك بر فردینی بر اقسامق صورتیله امر اجرائینك تأمینی وسائطنی آرایه‌رم . وطن ایدرم ، که بولدم . بن بو جهتلری دوشونورکن ، درین درین دوشونورکن بر جوق کیجه‌لری اویقوسز کچیردم . بن دائماً وضعیتك احوال روحیه‌یه تماس ایدن جهتلرینی آرار وبونلرك اینجه نقطه‌لرندن اعظمی استفاده‌یی بولوردم . بوکون عمومی سفر برلك وار . حرب وار . هرکس ، هر الی سلاح طوتان عسکر . بو وضعیت وشکلدن بزم اعظمی استفاده‌مز نره‌ده بولونابیلیر ؟ آرادیغمز قوتی نره‌دن الده ایده‌بیلیرز ؟ ایشته بونی تعیینه مقتدر اولدیغمز آنده مسئله‌یه حل ایدلمش نظریله باقیله‌بیلیر ! .. آدم اولدیرمك نه‌و یاقمق ، عرضه تعرض ایتمك ایشلرنده اختصاص صاحبی اوله‌رق عسکرلکدن استثنا ایدلمش قوتلر یوقیدر ؟ ایشته بونلری بولملی وبونلری امر

باربارا هێنینگ، لەژێر ناونیشانی "کۆلۆنیالیزمی پاتێرنالستیکی فەرەنسیی لەگەڵ نوێنەرە کوردییەکاندا یەکانگیر دەبێتەوە" باس لەوە دەکات کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، فەرەنسییەکان لەسوریاو لەپێناو کۆنترۆڵکردنی زیاتری سنورەکانی ناوچەی ماندێتییەکەیان، کاریگەریان لەسەر قەوارەگرتنی کۆمەڵگەی کوردیی لە رووی سیاسییەوە هەبووەو ویستوویانە هەروەک باکووری ئەفریقا، سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی پاتریارکی جێبەجێبکەن. لەو رووەشەوە، ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیان وەک نێوانگرێکی خۆیان و خەڵکی کورد بینیوەتەوە. چونکە ئەوان باشتر دەیانتوانی بەرژەوەندیی کۆمەڵگای کوردیی لەگەڵ بەرژوەندییەکانی سیاسەتی فەرەنسیی لەو وڵاتە بگونجێنن.

باربارا، بە پشتبەستن بە راپۆرتێکی فەرەنسی کە لە ٤ی یەنایەری ١١٩٩٢٨دا نووسراوە، دەڵێت :" ئیدارەی فەرەنسیی جەلادەت و کەمەران بەدرخانیان لە سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی هاوشێوەی مەولان زادە ریفعەت و نەوەکانی شێخ سەعید لەلا لەپێشتر بوو کە هەڵوێستی زیاتر بەرهەڵستکارانەیان لەهەمبەر رژێمی ماندێت دەنواند."[75]

ئەمەش دوو خاڵی گرنگ روون دەکاتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە مەولان زادە ریفعەت خاوەنی راو هەڵوێستی تایبەت و سەربەخۆی خۆی بووە، بەپێچەوانەی ئەوەی نەیارەکانی لە تورک و ئینگلیزەکان لەم قۆناغەدا بۆیان بڵاودەکردەوە کە گوایە پیاوی فەرەنسییەکانە. دووەمیش کەسایەتیی چالاک و لێهاتووی مەولان زادەیە کە کوڕانی بەدرخانییش نەیاندەتوانی لە کاری قەوارەگرتنی ئەو کۆمەڵگا کوردییە لە سوریاو هەر چالاکییەکی سیاسییدا پشتگوێی بخەن. بۆ نموونە هەر خودی باربارا هێنینگ، کاتێک باس لە رۆڵی بەدرخانییەکان لە یەکخستنی کۆمەڵگەی کوردیی لە سوریا دەکات، ئاماژە بەوە دەکات

[75] Barbara Henning: Narratives of the History of the OttomanKurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts, p564.

که جەلادەت بەدرخان لە پێکهێنانی رێکخراوی" خۆیبوون " دا، بەهۆی پەیوەندیی و هاوکاریی مەولان زادە ریفعەت بەگەوە توانیویەتی هاوکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ غەیرە کوردو غەیرە موسوڵمانەکان و هەروەها پاڵپشتی گەورەی بزووتنەوەی ئەرمەنیی بەدەستبهێنێت و گوتاری خۆیبوون سەبارەت بە شوناسی کوردیی بگۆڕێت، بەتایبەت رەتکردنەوەی جەختکردنەوە لە رووە ئاینییەکەی.[76]

لەراستییدا، دامەزراندنی خۆیبوون لە پێناوی یەکخستنی سەرجەم رێکخراو و هەوڵ و تێکۆشانی تەواوی سەرکردە نەتەوەییەکانی کورددا بوو بەمەبەستی هەڵگیرساندنی راپەڕینێکی گشتی لە باکووری کوردستان دژی داگیرکەرانی تورک و پاکردنەوەی لەهەر سیمبولێکی داگیرکاریی هەتا دەرکرنی دوا سەربازی تورکیی و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. وەک 'جۆردی تێجێل" لە ژێرناونیشانی "چالاکییەکانی خۆیبوون لەسایەی نفوزی داشناق"دا دەڵێت کە کرۆکی دامەزراندنی خۆیبوون لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧دا، چەند سەرکردەیەکی کورد بوون کە یەکێکیان مەولان زادە ریفعەتە.[77]

لەم بارەیەوە، "میشێل گونتەر" دەڵێت کە لەم قۆناغەدا مەولان زادە ریفعەت وەک رایەڵەو هۆکارێکی پەیوەندیی لە نێوان کوردەکانی نێو خۆیبوون و ئەرمەنییەکان کاریکردووە. ئەم کەسایەتەییە ئەو نووسەرە کوردەیە کە وەک پرۆپاگەندیستێکی دژەتورک ئەو کۆبوونەوەیەی ئیتحادو تەرەقی گێڕابۆوە کە ساڵی ١٩١٥ بۆ بڕیاڕدان لە قڕکردنی ئەرمەن ئەنجامیاندابوو. وا دەخەمڵێنرێت کە ئەم "ئاشکراکردنە" ئاسانکاریی بە هاوپەیمانیی کوردو ئەرمەن کردبێت. دکتۆر توتنچیانی

---

[76] هەمان سەرچاوە، ل ٧١١.

[77] Jordi Tejel: The Last Ottoman Rogues: The Kurdish–Armenian Alliance in Syria and the New State System in the Interwar Middle East, in: Age of Rogues: Edited by Ramazan Hakkı Öztan, Alp Yenen, 2021, p366.

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی داشناق لە سوریا، خزمەتی ئامانجی پێکەوە کارکردن و هاوبەشییەکەی ریفعەتی کرد.[78]

خۆیبوون لە بەهاری ساڵی ١٩٣٠، بە رێبەری ئیحسان نوری پاشا، ئاگری راپەڕینێکی گەورەی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان هەڵگیرساند کە ناوەندەکەی چیای ئاگری بوو. ئەم راپەڕینە بەخێرایی ناوچەیەکی فراوانی لە باکووری کوردستان گرتەوەو سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای تورکدا بەدەستهێنا. وێڕای هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیای کەمالیی لە راگەیاندنی دۆخی ئاوارتەو کۆکردنەوەی ١٠٠هەزار سەربازو بەکارهێنانی چەکی قورس لە تۆپ و تانک و فڕۆکەی جەنگیی، هێشتا لە جولای ١٩٣٠دا، هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕدا تێکدەشکان و پاشەکشەیان دەکرد. هەتاوەکو تورکیا لە رێگەی هەوڵی دپلۆماسییەوە توانی ئێران بکێشێتە نێو جەنگەکەوەو رێکەوتنی لەگەڵدا ببەستێت، هەروەها توانی فەرنسیەکان لە سوریاو ئینگلیزییش لە عێراق رازیی بکەن کە رێگە لە گەیشتنی یارمەتی بە شۆڕشگێڕانی ئارارات بگرن و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان بخەنەسەر، ئەوەی رۆڵی کاریگەریی لە پاشەکشەو دواتر شکستی شۆڕشەکەدا هەبوو لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا، ئەو مانگەی کە جگە لەو نسکۆ نەتەوەییە، مەرگی مەولان زادە ریفعەت بەگیشی بەخۆەبینی و ناوبراو لە تەمەنی ٦١ ساڵییداو پاش زیاتر لە ٣٥ ساڵ تێکۆشان دژی ستەمکاریی حەمیدیی و حوکمی فاشیستی ئیتحادو تەرەقی و مستەفا کەمال ئەتاتورک و خەبات بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان، بۆ هەمیشە لە شاری حەلەب لەناکاو دڵی لە لێدان کەوت .

[78] Michael M . Gunter: The Kurds in Turkey:a political dilemma, Boulder, Westview Press, 1990, p 114.



بەشێک  لە دامەزرێنەرانی خۆیبوون





شۆڕشگێڕانی ئاگری